تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

ئايا راسته

عيسا (عليه السلام) كوڕى خوايه ؟؟!!

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي

نووسينى

اسامه ملا عبدالواحد باڵەكى

چاپى يەكەم

١٤٢٠ كۆچى
١٩٩٩زاينى

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

ئایا راستە عیسا ﷺ کوڕی خوایە؟!!!

نووسینی

اسامە ملا عبدالواحد بالەکی

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ وَقَالَ الْمَسِيحُ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ
اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ
وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ ۞ لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ ثَالِثُ ثَلَاثَةٍ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا إِلَٰهٌ
وَاحِدٌ وَإِنْ لَمْ يَنْتَهُوا عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ۞ أَفَلَا
يَتُوبُونَ إِلَى اللَّهِ وَيَسْتَغْفِرُونَهُ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ ۞ مَا الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ إِلَّا رَسُولٌ
قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِ الرُّسُلُ وَأُمُّهُ صِدِّيقَةٌ كَانَا يَأْكُلَانِ الطَّعَامَ انْظُرْ كَيْفَ نُبَيِّنُ
لَهُمُ الْآيَاتِ ثُمَّ انْظُرْ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ۞ قُلْ أَتَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَمْلِكُ لَكُمْ
ضَرًّا وَلَا نَفْعًا وَاللَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴾ المائدة ٧٢-٧٦.

ناوی کتاب: ئایا راستە عیسا ﵇ کوڕی خوایە؟!!!

نووسینی: اسامە ملا عبدالواحد باڵەکی

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

هەڵچنینی ووشەکان: نووسینگەی ویندۆز بۆ کۆمپیوتەر

مافی لە چاپ دانەوەی پارێزراوە

چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر

چاپی یەکەم ١٩٩٩

ژمارەی سپاردن ([illegible]) لە ١٩٩٩/٩/١٣

لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر - هەولێر

پێشەکی

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على افضل الانبياء والمرسلين وعلى اله وصحبه اجمعين اما بعد ...

له سەرەتای دروست بونی مرۆڤەوه خوای گەوره کۆمەڵێکی لەنێو ئەم مرۆڤانەدا هەڵبژاردوه بۆ گەیاندنی پەیامی خوا بە مرۆڤ. کە ئەم کۆمەڵەش پێیان دەووترێت پێغەمبەران (الانبياء) عليهم الصلاة والسلام کە ژمارەیان لەسەر ریوایەتی راست (١٢٤٠٠٠) سەد و بیست و چوار هەزارە. وه لەنێو ئەم ژمارەیەدا (٣١٣) سێ سەد و سیانزەیان خاوەن ئوممەتن وەپێیان دەووترێت (الرسل) عليهم الصلاة والسلام واتە قاسید و رەوانەکراوی خودا. کە ناوی بیست و پێنجیان لەقورئانی پیرۆزدا هاتوه: ادم- ادريس- نوح - ابراهيم - صلح - شعيب - الياس - اليسع - داود - سليمان - اسماعيل - اسحق - يعقوب - يوسف - زكريا - يحيى - هود -لوط -ايوب - يونس - ذو الكفل - لقمان - موسا - عيسا -محمد المصطفى عليهم الصلاة والسلام.

وه لەنێو ئەم ژمارەیەدا (٥) پێنجیان پلە و پایەیان لەلایەن یەزدان لەوانیتر بەرزترە لەبەر بەزەحمەت گەیاندنی پەیامەکە و ماندوبون و ئازارخواردن لەپێناو بەجێگەیاندی فەرمانی خودا ئەمانەش : (ابراهيم - نوح -موسا -عيسا - محمد) عليهم الصلاة والسلام. وه لەنێو ئەم پێنج پێغەمبەرەش حەزرەتی محمد ﷺ لەهەموویان گەورەترە وه پەیامەکەی بۆ مرۆڤەوبۆ پەرییە هەر لەرۆژی پەیدابونی تارۆژی دوایی وه لەهەموو کات و ساتێکدا وه لەهەموو شوێن و وڵاتێکدا بەڵێ کەوابو ئاینی پیرۆزی ئیسلام

سەرەرای ئەوەی دان بەئاینەکانی تری ئاسمانی دادەنێ بەلاَم بۆ خۆی ئاینێکی کۆتا ئاینە واتە (خاتم الادیان) وە پێغەمبەرانی تر هەریەکە بۆ گەلەکەی خۆی هاتوە وە ئاینەکەی تایبەت بووە بەگەلەکەو بەس بەلاَم ئاینی ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلام بۆ هەموو گەلانی سەرتاسەری جیهانە و لەهەموو ساتێك تارۆژی دوای. هەروەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت (وَمَا أَرْسَلْنَكَ إِلا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ) واتە ئێمە ئەی محمد ﷺ ئەتۆمان رەوانە کردوە بۆ ئەوەی ببیتە رەحمەت و بەرەکەت بۆ مرۆڤ و پەری لەهەرد و دونیادا.

وە هەروەکو پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ فەرمویەتی: (أُعْطِيتُ خَمساً لَمْ يُعْطَهُنَّ أَحَدٌ قَبْلِي : نُصِرْتُ بِالرُّعْبِ مَسِيرَةَ شَهْرٍ وَجُعِلَتْ لِيَ الأَرْضُ مَسْجِداً وَطَهُوراً فأيُّما إمْرِئٍ من أُمَّتِي أدْرَكَتْهُ الصَّلاةُ فَلْيُصَلِّ. وَأُحِلَّتْ لِيَ الغَنَائِمُ و لَم تَحِلَّ لأَحَدٍ قَبْلِي. وَأُعْطِيتُ الشَّفَاعةَ. وَكَانَ النبيُّ يُبْعَثُ الى قَوْمِهِ خاصَّةً وَبُعِثْتُ إِلى النَّاسِ عَامَّةً) واتە: پێنج شت بەمن بەخشراون کە بەهیچ کەسێکیتر پێش من نەبەخشراون :-١- لەشەردا سەرکەوتنم پێدراوە و ترس کەوتۆتە ناو دڵی دوژمنم کە هێشتا یەك مانگ رێگە لەیەکتر دوورین.

٢. زەوی بۆمن و ئومەتەکەم کراوتە مزگەوت و پاك کەرەوە واتە بەخۆڵی سەر زەوی دەست نوێژ هەڵدەگیرێ بۆ نوێژکردن ئەگەر ئاو دەست نەکەوت واتە (تیمم) جا هەرکەسێك گەیشتە کاتی نوێژ لە هەر کوێیەك بۆ با نوێژەکەی بکات تەنانەت نوێژی مزگەوت لەگەڵ خەڵکدا خێری زیاترە.

٣. وەتاڵانی دوژمن واتە (غنائم) بۆ من حەلال کراوە بەڵام بۆ پێغەمبەرانی تر قەدەغە بوو.

٤. وە شەفاعەتی بەرز واتە (الشفاعة العظمی) کە لە رۆژی دوایدا دەبێت بە من بەخشراوە واتە پارانەوە لەبەر خودا بۆ دەست پێکردنی حیساب لەگەڵ خەڵکدا و رزگار بونیان لە ئێش و ئازاری پێش حیساب.

٥. وە هەر پێغەمبەرێك بۆ گەلەکەی رەوانکراوە بەتایبەت بەڵام من بۆ گشت مرۆڤ رەوان کراوم.

وە ئێمەی موسوڵمان بروامان بەگشتیان هەیە و جیاوازی ناکەین لەنێوانیاندا بەڵام لەرووی بەرنامە ئەوا قورئانی پیرۆز کۆتایی بەهەمویان هێناوە هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْ رُسُلِهِ وَقَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ ﴾ البقرة ٢٨٥.

وە دەفەرموێ: ﴿ وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ ﴾.

جا بۆ رێزلێنان لە حەزرەتی عیسا ﷺ. وە تێگەیاندنی ئەو کەسانەی کە بە کوڕی خوای تێدەگەن و لە سنوری خۆی بەرزتری دەکەنەوە هەروەکو پێغەمبەری خۆشەویست دەفەرموێ: (لا تطروني كما أطرت النصارى عيسى ابن مريم بل قولوا عبدالله ورسوله).

واتە بەرزم مەکەنەوە لە سنوری خۆم هەروەك مەسیحیەکان عیسایان بەرزترکردەوە لە سنوری خۆی بەڵکو بڵێین بەندەی خوا و رەوانەکراوی خودا. جا بۆ ئەم مەبەستە ئەم پەرتووکە دەخەمە بەر دەستی خوێنەرانی ئازیز. جا ئەگەر کەم و کوریەکیش هەبێت هیوادارم کە خوێنەران کەم و کوریەکە راست بکەنەوە و دوعای خێرم بۆ بکەن چونکە هەر تەنها خوای گەورەیە هەڵە ناکات و دورە لە هەموو نوقسانیەك : (رَبَّنا تَقَبَّلْ مِنَّـا اِنَّـكَ اَنْـتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ وَتُبْ عَلَيْنا اِنَّكَ أَنْتَ التَّوابُ الرَّحِيمُ).

نوسەر/ باڵەکیان

١٥ / ٣ / ١٩٩٨

دەسپێك

ناوی حەزرەتی عیسا ﵇ لــە قورئانی پیرۆز (٥٩) پەنجا و نۆ جار هاتوە بەسێ جۆر هەروەك لەخوارەوە ژمارەم بۆ داناوە:

- المسيح = ١١ جار
- عيسا = ٢٥ جار
- ابن مريم = ٢٣ جار

نەژادی عیسا ﷺ لەلای نەساراکان

متیٰ دەڵێ : یسوع کوڕی یوسفی دارتاشە یوسف کوڕی یعقوبی کوڕی متانی کوڕی یعازری کوڕی یهودی کوڕی صادوق ی کوڕی عازوری کوڕی یاقیم ی کوڕی زربابل ی کوڕی شلتائیل ی کوڕی یکنیای کوڕی یوشیای کوڕی ئامون ی کوڕی منسای کوڕی حزقیای کوڕی ئاحازی کوڕی یوثام ی کوڕی عزیان ی کوڕی یورام ی کوڕی یهوشافط کوڕی ئەبیای کوڕی رحبجام ی کوڕی سلیمان ی کوڕی داودی کوڕی یسی کوڕی عوبیدی کوڕی سلمون ی کوڕی نحشون ی کوڕی عمیناداب ی کوڕی ئارام ی کوڕی حصرون ی کوڕی فارص ی کوڕی یهوذای کوڕی یعقوب ی کوڕی اسحاق ی کوڕی ابراهیم)ە.

وەئینجیلی لۆقاش (٥٢) باپیری عیسا ﷺ دەژمێرێ و هەر لە یوسفی دارتاش تا ابراهیم ﷺ بەڵام لە چەند جێگایەك لەناوەکان لەگەڵ (متی) جیاوازی هەیە.

بۆچی مەسیحیەکان یسوع دەدەنە پاڵ یوسفی دارتاش

لەبەر ئەوە یسوع ناوی دەدرێتە پاڵ ناوی یوسفی دارتاش چونکە بەگوێرەی ئینجیلەکان مەریەمە (علیها السلام) پێش لەدایك بوونی عیسا ﷺ لەژێر مارەی ئەم یوسف ناوە بوە وە ئەم باسەش چونکە نە لە قورئانی پیرۆز و نە لە فەرمودە پیرۆزەکانی پێشەوامان محمد ﷺ نەهاتوە ئێمە لێی بێ دەنگ دەبین وە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی (حَدِّثُوا عَن بَنِي إسْرَائِيلَ وَ

لاحَرَجَ) واته قسه لەبەنوا ئیسرائیلیەکان وەرگرن و هیچ تاوانی لەسەر نیە. جائێمە ناتوانین بڵێین ئەم باسە راستە یا درۆیە. وە دەبێت حەزرەتی مەریەمەش (علیها السلام) وەکو ئافرەتانی تر مارەی لەپیاوێك برابی بەڵام کە رووداوی لە دایك بوونی عیسا ﷺ پەیدا بوو ئەم مارەیی و مارە بڕییە کۆتایی پێهاتووە.

مەریەمەی کچی عمران

عمران ی باوکی مەریەمە پیاوێکی ناودار بوە لە نێو بەنو ئیسرائیلیەکاندا. وە ژنەکەی ناوی (حەننە) دەبێت. وە لەبەر ئەوەی ئەم ژن و پیاوە هیچ کوریان نەبوە و عمرانیش پێی خۆش بوە کە خوا کوڕێکی بداتێ میراتەکەی بۆ بەجێ بمێنێ و جێگای باوکی بگرێتەوە لەناو ئەم گەلەدا. جا رۆژێکیان (حەننە) ی دایکی مەریەمە سك پڕ (حامله) دەبێت وە لەبەر مەراقی پەیدابونی کوڕێك روو دەکاتە قاپی خوا دەڵێت: هەروەکو خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا بۆمان دەگێڕێتەوە: ﴿ إِذْ قَالَتِ امْرَأَتُ عِمْرَانَ رَبِّ إِنِّي نَذَرْتُ لَكَ مَا فِي بَطْنِي مُحَرَّرًا ﴾ واتە ژنی عمران روی لەخوا کرد و ووتی خودایە من ئەوەی لەناو سکمدایە پێشکەشم کرد بەتۆ: واتە بیکەم بەخزمەتکاری (بیت المقدس) جا تەنها منالی نێر (کور) دەکرایە خزمەتکاری مزگەوتی قدس. جا خوایە گیان تۆش حەملەکە بکە بە کوڕ و قەبولی بکە ﴿ فَتَقَبَّلْ مِنِّي إِنَّكَ أَنتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴾ آل عمران ٣٥.

واتە وەری بگرە لێم و قەبولی بکە چونکە هەرتۆ لایەقی ئەم کارەی و بیسەری نزا و زانا و دانای بەناو دڵی بەندەکانت. جا کە (حەننە) منالی بو سەیری کرد منالەکە کچە واتە (مەریەمە) دیسان روی لەخوا کرد و ووتی:

﴿ رَبِّ إِنِّي وَضَعْتُهَا أُنثَىٰ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالْأُنثَىٰ وَإِنِّي سَمَّيْتُهَا مَرْيَمَ وَإِنِّي أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ ﴾ آل عمران ٣٦.

واتە دایکی مەریەمە وتی : خوایە گیان من داوای کورم کردبوو ئێستاش منالەکەم کچە وە تۆش لە هەموو کەس باشتر دەزانی منالەکە چیە وا منیش ناوم نا مەریەمە و وە مەریەمە و نەوەکانیشی بەتۆ دەپارێزم لە شەیتانی نەگریس.

تێبینی : ئەم باسە لە قورئانی پیرۆز وەرگیراوە هەر وەکو لەم ئایەتە پیرۆزانەی سەرەوە دەردەکەوێ تەنها ناوی (حەننە)ی دایکی مەریەمە نەهاتوە ئەمەش زانایان لە پەرتوکە مێژوییەکان و ئینجیلەکان وەریان گرتوە.

مەریەمە لە (بیت المقدس)

پاشان کە تەمەنی مەریەمە گەیشتە سێ تا چوار ساڵ - هەر چەندە هەندێ لە زانایان دەڵێن هەر لە دوای لەدایك بونەوە - بردی بۆ بیت المقدس کە ژمارەیەکی زۆری لە پێغەمبەرەکانی بەنو ئیسرائیلیەکانی لێبوو بۆ ئەوەی لەناو ئەوان پەروەردە بێت وە خورەوشتی ئەوان هەڵبگرێت. وە یەکێك لەم پێغەمبەرانە (زەکەریا) بو کە مێردی خوشکی (حەننە) بو واتە پوری

مەریەمە خێزانی ئەو بوو. جا ئەم پێغەمبەرانە لەبەر ئەوەی دەیان زانی کە ئەم کچە ئافرەتێکی بەرز و چاکی لێدەردەچێت و نیشانەی ئەولیای لێ دیار بوو هەریەکەیان دەیویست لەلای خۆی پەروەردە بێت لەبەر ئەوە قورعەیان کرد. وە قورعەکەش حەوزێکی ئاو لەناو مزگەوت هەبوو هەریەکەو پێنوسەکەی (قلم) فرێ دەدایە ناو حەوزەکە پێنوسی کامەیان سەر ئاو بکەوتایە ئەویان دەیبردەوە هەر وەکو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ مِنْ أَنبَاءِ الْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيْكَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يُلْقُونَ أَقْلَامَهُمْ أَيُّهُمْ يَكْفُلُ مَرْيَمَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يَخْتَصِمُونَ ﴾ آل عمران ٤٤ واتە یا محمد ﷺ ئەم باسانەی پێغەمبەرانی رابردوو کە بۆت دەگێرینەوە هەواڵی نەزانراون تەنها خوا ئەیزانێ و بۆ تۆی ئاشکرا ئەکا. خۆ تۆ لە لای ئەوان نەبوی کە پێنوسەکانیان فرێدایە ناو حەوزی ئاو بۆ ئەوەی لە قورعەکە ببەنەوە بۆ بەخێوکردنی مەریەمە کە کێشەیان بوو لەسەری.

بەڵێ هەر لەهەمان سورەتی قورئانی پیرۆزدا کە سورەتی آل عمران خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ فَتَقَبَّلَهَا رَبُّهَا بِقَبُولٍ حَسَنٍ وَأَنبَتَهَا نَبَاتًا حَسَنًا وَكَفَّلَهَا زَكَرِيَّا كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيْهَا زَكَرِيَّا الْمِحْرَابَ وَجَدَ عِندَهَا رِزْقًا قَالَ يَا مَرْيَمُ أَنَّىٰ لَكِ هَٰذَا قَالَتْ هُوَ مِنْ عِندِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَرْزُقُ مَن يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴾ آل عمران ٣٧. واتە نزا و پارانەوەی دایکی مەریەمە لێرەدا گیرابوو قەبول کرا کە ووتی خوایە من مەریەمم کردە خزمەتکاری ماڵی تۆ و تۆش مەریەمە و نەتەوەکەی لەشەیتان بپارێزە ئەم دوعایە قەبول کرا و خوای گەورە

مەریەمەی پەروەردە کرد بە پەروەردەیەکی جوان و باش وە زەکەریای کردە بەخێوکەری. وە هەرکاتێك زەکەریا دەچوە ژووری مەریەمە کە لەم ژوورەدا عیبادەتی خوای دەکرد لەگەڵ ئەم تەمەنە بچوکەیدا دەیبینی جۆرەها خواردەمەنی لایە بە زستان سەوزەی هاوینانی لایە و بە هاوین میوەی زستانی لایە. زەکەریاش سەری سورما و ووتی ئەی مەریەمە ئەم خواردنەت لە کوێ بۆ هات ئەویش وەڵامی دایەوە کە لەلایەن خواوە بۆم هاتووە وە خوداوەندیش ئەگەر بیەوێ رزق بداتە کەسێك زۆری دەداتێ حیسابی وەرز و کات و کەم و زۆری لەگەڵ ناکات. بەڵێ فریشتە ئەم خواردنەی بۆ مەریەمە دەهێنا چونکە مەریەمە دۆستێکی نزیکی خوا بوو.

مەریەمە پێغەمبەر نەبو بەڵكو دۆستی خوا بوو

بەڵێ پێغەمبەرایەتی یەکێك لە مەرجەکانی ئەوەیە دەبێت پیاوبێت و ئافرەت نابێت بە پێغەمبەر بەڵام هاتنی فریشتە بۆ لای ئافرەتێك مانای ئەوە دەبەخشێت کە ئەم ئافرەتە پلە و پایەیەکی بەرزی هەیە لە لای خوای گەورە وە بەتایبەتیش مەریەمە (علیها السلام) کەپێغەمبەر محمد ﷺ دەربارەی فەرمویەتی: (أفضل نساء العالمين مريم بنت عمران و آسيا بنت مزاحم وخديجة بنت خويلد) واتە گەورەترین و بەرزترین ئافرەتی جیهان مەریەمەی کچی عمران و ئاسیای کچی مەزاحیم کە ژنی فیرعەون بوو بەڵام باوەری بەموسا ﷺ هێنابوو وەخەدیجەی کچی خوەیلد کە یەکەمین خێزانی پێغەمبەر بوو ﷺ بەڵێ مەریەمە لەم پەرستگایە دا پەروەردە بوو تا تەمەنی گەیشتە (٩) ساڵان و ئافرەتێکی ژیر و تەواوی لێ دەرچوو.

گیرا نەبوونی دوعای حەننە

دوای ئەوەی دایکی مەریەمە دوعای لە خوا کرد کە حەملەکەی کور بێ بەڵام خوای گەورە کچی پێ بەخشی چەند هۆیەکی هەبوو:

١. لەوانەیە ئەگەر کور بوایە تەنها پیاوێکی سادەی خزمەتکاری بیت المقدسی لێ دەردەچوو هیچی تر.

٢. ئەو موعجیزەی خوای گەورە دەیویست پیشانی خەڵکی بدات بە لە دایك بوونی عیسا بەبێ باوك نەدەهاتە جێ.

٣. هەر دوعایەك ئەگەر قەبول نەبوو خوای گەورە لە لایەکی ترەوە سود بە خاوەنەکی دەگەیەنێ.

ئەوانە و زۆری تریش...

لەدایك بوونی عیسا ﷺ لە قورئاندا

خوای گەورە روداوی لە دایك بوونی عیسامان ﷺ بۆ دەگێرێتەوە کە دەفەرموێ: ﴿ إِذْ قَالَتِ الْمَلَائِكَةُ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللَّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٍ مِنْهُ اسْمُهُ الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ وَجِيهًا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَمِنَ الْمُقَرَّبِينَ ۞ وَيُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَهْلًا وَمِنَ الصَّالِحِينَ ۞ قَالَتْ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي وَلَدٌ وَلَمْ

---

١ ووشەی (وکهلا) بە پیری قسەکردن بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە عیسا ﷺ هەرماوە و هەر زیندوە چونکە لە کاتی بەرزبوونەوەیدا تەمەنی (٣٣) سی و سێ ساڵ بوو جا ئەگەر هەر لەو تەمەنەش بێتە خوارەوە ئەوا ووشەی (وکهلا) نەهاتە جێ بەڵام ئەم ووشەیە دەیسەلمێنێ عیسا ماوە و پیریش دەبێت

يَمْسَسْنِي بَشَرٌ قَالَ كَذَٰلِكِ اللَّهُ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ إِذَا قَضَىٰ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ ۞ وَيُعَلِّمُهُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَالتَّوْرَاةَ وَالْإِنجِيلَ ﴾ آل عمران ٤٥-٤٨. واتە: لە کاتێکدا کە مەریەمە لە میحرابدا لەو جێگایەی کە عیبادەتی خوای گەورەی تێدا دەکرد. سەرقاڵی عیبادەت کردن بوو. لەو کاتەدا فریشتەیەك (ملآئكة) چووە لای و ووتی: ئەی مەریەمە خوای گەورە مژدەت دەداتێ بەوەی کە کوڕێکت دەداتێ ناوی (المسیح) عیسای کوڕی مەریەم ناودار و ناسراو لە دونیا و لە قیامەت. وە دەبێتە یەکێك لەو کەسانەی کە لە خوا نزیکن وە قسە و گفتو گۆ لە ناو بێشکە (لانك) دەکات وە بە پیری وە سروش (وحي) بۆ دەنێرین وە دەبێتە یەکێك لەو کەسانەی کە لە پیاو چاکان دەژمێردرێن. لێرەدا مەریەمە سەری سوڕما و چونکە منداڵ بەبێ باوك نابێ. ووتی خوایە گیان چۆن من منداڵم دەبێ کە هیچ پیاوێك بەناوی ژن و مێردایەتی دەستی لێ نەداوم خوای گەورە لەسەر زاری فریشتەکە ووتی: بەو شێوەیە خوای گەورە ئەگەر بیەوێت شتێك دروست بکات بە کەیفی خۆی دوروستی دەکات وە ئەگەر ویستی لەگەڵ شتێك بێت پێی دەڵێ (کن) واتە ببە هەر ئەوەندە شتەکە بە تەواوی دێتە دی، وە مەریەمە بزانە ئەو منداڵە فێری نوسین و خوێندنەوە و حکمەت و کارزانی و فێری زانستی تەورات و (عهد القديم) و انجيل (عهد الجديد) دەکەین وە هەر لەو سورەتە خوای گەورە بۆمان دەگێڕێتەوە کە فریشتەی ناردوە بۆ لای مەریەمە و پێی

هەتا ئەو کاتەی دێتە خوار لە کۆتایی زەمان بۆ کوشتنی دەجال و جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلام.

گوتوه: ﴿ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَاكِ وَطَهَّرَكِ وَاصْطَفَاكِ عَلَى نِسَاءِ الْعَالَمِينَ ۞ يَا مَرْيَمُ اقْنُتِي لِرَبِّكِ وَاسْجُدِي وَارْكَعِي مَعَ الرَّاكِعِينَ ﴾ آل عمران ٤٢-٤٣.

واته: ئەی مەریەمە خوای گەورە تۆی هەڵبژاردوە و پاکی کردوی و هەڵی بژاردوی بەسەر ئافرەتانی جیهاندا ئەی مەریەمە بەندایەتی خوا بکە و کرنوش بۆ خودا ببە و رکوع بۆ خوا ببە). وە لە سورەتی (مریم) دا دەفەرموێ: ﴿ وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مَرْيَمَ إِذِ انْتَبَذَتْ مِنْ أَهْلِهَا مَكَانًا شَرْقِيًّا ۞ فَاتَّخَذَتْ مِنْ دُونِهِمْ حِجَابًا فَأَرْسَلْنَا إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيًّا ۞ قَالَتْ إِنِّي أَعُوذُ بِالرَّحْمَٰنِ مِنْكَ إِنْ كُنْتَ تَقِيًّا ۞ قَالَ إِنَّمَا أَنَا رَسُولُ رَبِّكِ لِأَهَبَ لَكِ غُلَامًا زَكِيًّا ۞ قَالَتْ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ وَلَمْ أَكُ بَغِيًّا ۞ قَالَ كَذَٰلِكِ قَالَ رَبُّكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَلِنَجْعَلَهُ آيَةً لِلنَّاسِ وَرَحْمَةً مِنَّا وَكَانَ أَمْرًا مَقْضِيًّا ﴾ مريم ١٦-٢١ واته ئەی محمد ﷺ بۆ ئومەتی خۆت باس بکە کە مەریەمەی کچی عمران لە جێگایەك عیبادەتی خوای دەکرد و هاتوو چۆی ناو خەڵکی نەدەکرد. ئێمەش روحی خۆمان کە حەزرەتی (جبرائیل)ە عليه السلام ناردمان بۆ لای مەریەمە و لەسەر شێوەی بەنی ئادەم. کە مەریەمە چاوی بەم پیاوە کەوت و نەیزانی (جبرائیلە) ووتی : من خۆم بە خوا دەپارێزم لە تۆ ئەگەر تۆ پیاوێکی خراپ بیت. بەڵام جبرائیل عليه السلام ووتی من رەوانە کراوی خوای گەورەم بۆ لای تۆ. بۆ ئەوەی مژدەت بدەمێ و هۆکارەکانی منداڵ بوونت پێ ببەخشم، مەریەمە وتی جا چۆن من منداڵم دەبێ و کە مێردم

نەکردبێ و ئافرەتێکی داوێن پیسیش نیم زینام کردبێ. جبرائیل ووتی ئەمە فەرمودەی خوایە و لای ئەو زۆر ئاسانە و فەرمانی کردوە بۆ ئەوی ئەو منالە کە لە تۆ بەبێ باوك پەیدا دەبێ بیکەن بە بەڵگە و موعجیزە وە رحمەتێکە لە لایەن خواوە بۆ خەڵکی. لەو کاتە جبرائیل بە هەناسەی خۆی فوویکی لە (زی) لای ژووری سینگی مەریەمە کرد و رۆیشت. لەگەڵ ئەمە روحی خوا کە جبرائیلە ئەم کارەی کرد. مەریەمە سکی پڕ بوو. واتە عیسا ﵇ کەوتە ناو سکی دایکی.

چەند تێبینیەک:

١. ابن عباس ﵄ دەفەرموێ قسەکردنی عیسا ﵇ تەنها ئەوەندە بوو لە کاتی لە دایك بوونی پاشان هیچ قسەی نەکرد تا گەیشتە تەمەنی قسەکردن.

٢. دروست کردنی باڵندە و فوو لێ کردنی و بوونی بە باڵندە زانایانی تەفسیر دەڵێن: کە باڵندەی دروست دەکرد لە قور و فوی لێ دەکرد و دەبووە باڵندەیەکی زیندو بە فرمانی خوا ئەم باڵندەیە دەفری و دەرۆیشت لە پشت چیایەك دەمرد و دەکەوتە خوارەوە بۆ ئەوەی جیاوازی هەبێت لەگەڵ دروست کراوی خوا.

٣. کە فریشتە چووە لای مەریەمە پێ ووت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٍ مِّنْهُ ٱسْمُهُ ٱلْمَسِيحُ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ . . .﴾ خۆ فریشتە قسەی لەگەڵ مەریەمە دەکرد راستەوخۆ بۆ ووتی (عیسی ابن مریم) بۆ نەی ووت (عیسی ابنك)

ئەمەش ئاماژە کردنە بۆ ئەوەی کە بزانن عیسا ﷺ تەنها لە مەریەمە پەیدا بووە و خەڵکی هەموو شوێن و زەمانێك بزانن. وە سەرکوت کردنی ئەوانەی دەڵێن عیسا کوڕی خوایە و بەشی هەیە لە خوایەتی وە بۆ ڕێز لێنان لە مەریەمە (علیها السلام).

٤. بۆ خوای گەورە وای کرد عیسا ﷺ نەخۆشی گوڵ و بەڵەك و کوێر چاك بکاتەوە و مردو زیندو بکاتەوە لەنێوان چەندەها دەرد و نەخۆشی تر، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو چونکە هەموو پزیشکەکان دەستەوەستان وەستاون بەرامبەر بەم نەخۆشیانە و چارەسەریان پێ نەکراوە و ناکرێ تاکو بزانن کە ئەمە هێزێکی خواییە لەگەڵ عیسا ﷺ.

یا اخت هرون

ئایا بۆ خەڵکەکە بە مەریەمەیان ووت ﴿ يَا أُخْتَ هَٰرُونَ مَا كَانَ أَبُوكِ امْرَأَ سَوْءٍ وَمَا كَانَتْ أُمُّكِ بَغِيًّا ﴾ مریم ٢٨ خۆ مەریەمە هیچ برای نەبوە و بەناوی هارون لێرەدا چەند ڕایەك هەیە :

١. هەندێك لە زانایانی تەفسیری قورئانی پیرۆز دەڵێن: مەریەمە لە نەتەوەی هارون بووە کە برای موسایە.

٢. دەڵێن پیاوێك هەبووە لەو کاتەدا ناوی هارون پیاوێکی خراپ و بێ دین بووە. جا مەریەمەیان (تشبیه)کردوە بەو.

٣. دەڵێن هارون لە سەردەمی مەریەمە هەبووە. پیاوێکی زۆر لەخواترس بووە جا مەریەمەیان(تشبیه) کردوە بەو. وەکو گاڵتەپێکردن واتە تۆ

وەکو هارون ئاین پەروەر و عیبادەتت دەکرد. ئێستاش زینات کردوە و ئەم منالەت بووە. بەلام ئەم قسەیەیان کە پێیان دەووت زینات کردوە گوناهێك بوو دەیانکرد. چونکە مەریەمە زینای نەکردبو بەڵکو خوا ئەم منالەی پێ‌داوە. جا باسی لە دایك بوونی عیسا لە قورئان و لە ئینجیل زۆر جیاوازیان نییە. بەلام زۆر باس هەیە نە تورات (عهد القدیم) نە ئینجیل (عهد الجدید) باسیان نەکردوە. وەکو باسی داری خورماو باسی ئەو کانیە ئاوەی بۆ مەریەمە دەربوو.

لە دایك بونی عیسا ﷺ لە ئینجیلدا

متیٰ آیە ١٨ ص١ : (اما ولادة يسوع المسيح فكانت هكذا لما كانت مريم امه مخطوبة ليوسف قبل ان يجتمع بها وجدت حبلى من الروح القدس. فيوسف رجلها اذ كان بارا و لم يشأ يشهرها.اراد تخليتها سرا. ولكن فيما هو متفكر في هذه الامور اذا ملاك الرب قد ظهر في حلم قائلاً: يايوسف ابن داود لا تخف ان تاخذ مريم امراتك لان الذي حبل به فيها هو من الروح القدس. فستلد ابنا وتدعو اسمه يسوع لانه يخلص شعبه من خطاياهم).

ئینجلی لوٗقا: ص١ آية: (٢٦) وفي الشهر السادس اى من حمل اليصابات زوج زكريا ارسل جبريل الملاك من ا لله الى المدينة من الجليل اسمها ناصرة (٢٧) الى عذراء مخطوبة يوسف واسم العذراء مريم (٢٨) فدخل الملاك وقال سلام ايتها المنعم عليها الرب معك مباركة انت في النساء (٢٩) فلم رأته اضطربت من كلامه وفكرت ما عسى ان تكون هذه التحية (٣٠) فقال لها الملاك لا تخافي يا مريم لإنك قد وجدت نعمة عندا لله (٣١) وها أنت ستحبلين

وتلدين ابنا وتسمينه يسوع (٣٢) هذا يكون عظيماً وابن العلي يدعى ويعطيه الرب الاله كرسي داود ابيه (٣٣) ويملك على بيت يعقوب ولا يكون لملكه نهاية (٣٤) فقالت مريم للملاك كيف يكون هذا وانا لست اعرف رجلاً (٣٥) فأجاب الملاك وقال لها الروح القدس يحل عليك وقوة العلي تظللك فلذلك ايضاً القدوس المولود منك يدعى ابن الله (٣٦) وهو ذا (اليصابات) نسيبتك هي أيضاً حبلى بإبن في شيخوختها وهذا هو الشهر السادس لتلك المدعوة عاقر (٣٧) لإنه ليس شيء غير ممكن لدى الله (٣٨) فقالت هو ذا انا امة الرب ليكن لي كقوتك فمضى من عندها الملاك.

واته : لە مانگی شەشەمی سك پڕی (یصابات) خێزانی حەزرەتی زەكەریا ﷺ كە پلكی مەریەمە بوو جبرائیل چووە لای مەریەمە لە ناوچەی جلیل لە شاری ناصرە بۆ لای دەستگیرانی یوسفی دارتاش كە ناوی مەریەمە بوو لێی چووە ژوورەوە و ووتی سڵاوی خوات لێ بێت ئەی چاكە و نعمەت لەگەڵ كراو خوا لەگەڵ تۆیە و تۆ زۆر پیرۆزی لە نێو ئافرەتان. كە مەریەمە دیتی ترسا و بیری كردەوە كە ئەم جۆرە سڵاوە چی بوو. بەڵام جبرائیل ووتی مەترسە. چونكە تۆ چاكەت لەگەڵ دەكرێ لە لایەن خواوە. واتۆ سكت پڕ دەبێ و منداڵێكت دەبێ و ناوی دەنێی یسوع. وە منداڵێكی زۆر بەرێز و حورمەتە كوڕی خوایە وە خوا كورسی مەلیكایەتی داودی پێ دەبەخشێ. وە دەبێتە خاوەنی ماڵی یعقوب مەلیكایەتیەكەی كۆتایی نایە. مەریەمە ووتی شتی وا چۆن دەبێ و من هیچ پیاوێك ناناسم واتە مێردم نییە. جبریل ووتی (روح القدس) ی خوا دادەبەزێتە سەرت و هێز و توانای خوا دات دەپۆشێت هەر لەبەر ئەوەشە ئەو منداڵە پیرۆزە ناوی دەنرێ و

بانگی دەکرێ بەکوڕی خوا وە یصاباتی پلکی تۆ بەپیری خوا منداڵی دایێ و ئەوە مانگی شەشەمە لە حەملی ئەو. چونکە هیچ شتێك لای خوا زەحمەت نىیە. جا مریم ووتی وا من بووم بە (أمـة) جاریەی خـوا و باقسەکەت بێتە جێ ئەوجا جبرائیل ڕۆیشت.

چەند تێبینییەك:

١. ئـەم ئایەتانـەی ئینجیلـی لوقـا زۆربـەی لەگـەڵ قورئـانی پـیرۆزدا یـەك دەگرێتەوە تەنها هەندێکی نەبێ. لوقا دەڵێ (ابن العلی) (المولود منك یدعی ابن الله) (ویعطیه الا اله کرسی داود ابیـه) ئەمـە تـەنها لوقـا نوسـیویەتی بۆ گەورەیی عیسا بەڵام عیسا پێویستی بەم هەڵبەستەیە نىیە. چونکە خـوای گـەورە خـۆی ڕێـزی لێ نـاوە و عیسـا ﷺ کـوڕی خـوا نىیـە. هەروەکو لەمەودوا باسی دەکەین . انشاء الله.

٢. دەربارەی (ویعطیة الاله کرسي داود ابیه) عیسا ﷺ لە نەتەوەی (یواقیم) بـوە و نـاکرێ لەسـەر کورسـی داود دابنیشـێ چونکـە لـەو کاتـەی ئـەو کاغەزەی (صحیفه)ی (بارخ) نوسی لەسەر زمانی (ارمیاء) ﷺ سوتێنرا خوا وەحی بۆ ارمیاء نارد (آیة ٣٠ ص٣٦) لە کتاب ارمیاء (هکذا یقول الرب من یواقیم ملك یهوذا لایکون منه جالس علی کرسی داود).

جبریل یوسف النجار ئاگادار دەکاتەوە

جبریل یوسف النجاری ئاگادار کردەوە بەوەی کە مەریەمـە سکی پڕە (حەملی هەیە) بەڵام پاك و بێگەردە و زینای نەکردوە.

مەریەمە دەیزانی ویستی خوا لەسەر ئەوەیە کەخوا کوڕێکی بداتێ بیکات بە پێغەمبەر بەڵام چۆن قەومەکە تێبگات ... لەوانەیە بەردە بارانی بکەن وە دەستگیرانی (یوسف النجار)ە کە پیاوێکی ئاین پەروەرە و لەسەر دینی موسایە و خواپەرستە و لەخوا ترسە. بەڵام لێرەدا بە گوێرەی ئینجیل جبریل دەچێتە خەونی یوسف و لەو کاتەی کە یوسف دەیەوێت دەست لە مەریەمە بکێشێتەوە چونکە سك پڕە و دیارە زینای کردوە، پێی ووت تۆ لێی مەترسە و هەر دەست گیرانی تۆیە. جا کە یوسف بەئاگا هات و سوپاسی خوای گەورەی کرد و تەواوی تەمەنی خۆی لەگەڵدا بردە سەر.

ئینجیل دەڵێ مەریەمە لە بیت لەحم منداڵی بوو

لەو سەردەمەدا مەلیك بڕیاری دا سەرژمێرێك بکات و هەرکەسە و بچێتە ئەو شوێنەی کە باب و باپیری لێبونە و خۆی لەوێ لە دایك بووە. جا یوسف النجار و مەریەمە چونە بیت لەحم بۆ ئەم کارە لەوێش مەریەمە منداڵەکەی بوو ئەمە لەسەر قسەی ئینجیلەکان.

لەدایك بوونی عیسا ﷺ لە ئینجیلی بەرنابا

(١) لقد بعث الله في هذه الأيام الأخيرة بالملاكِ جبريل الى عذراء تدعى مريم من نسل داود سبط يهوذا (٢) بينما كانت هذه العذراء العائيشة بكل طهر بدون أدنى ذنب، المترهة عن اللوم، المثابرة على الصلاة والصوم. يوما ما وحدها و اذا بالملاك جبريل قد دخل مخدعها وسلم عليها قائلاً (ليكن الله

معك يامريم (٣) فارتاعت العذراء من ظهـور المـلاك(٤) ولكـن المـلاك سـكن روعها قائلا لاتخافي يامريم لانك قد نلـت نعمـة مـن لـدن ا لله الـذي اختـارك لتكوني ام نبي يبعثه الى شعب اسرائيل ليسلكوا شرائعه بـاخلاص (٥) فاجـابت العذراء وكيف الد بنين و انـا لا أعـرف رجـلا(٦) فاجـاب المـلاك يـامريم ا لله الذي صنع الانسان من غير انسان لقـادر علـى ان يخلـق فيـك انسـان مـن غـير انسان لانـه لامحـال عنـده (٧) فأجـابت مريـم انـي لعالمـة ان ا لله قدير فلتكـن مشيئته(٨) فقال الملاك كوني حاملا بالنبي الذي سـتدعينه يسـو ع (٩) فامنعيـه الخمر والمسكر وكل لحـم نجـس لان الطفـل قـدوس اا لله (١٠) فـانحنت مريـم بضعة قائلة ها انا ذا امة اا لله فليكن بحسب كلمتك (١١) واته: **خـواى گـهوره لهو رۆژانهى دوايدا فريشتهيهكى نـارد بۆ لاى مهريهمـه كـه (جبرائيل)ه. لـه كاتێكدا كه ئهم ئافرهته پـاك و بێ تاوانـه لـه ژووری خۆی بهندايـهتی خـوای گهورهی دهكرد وه بهردهوام بوو لـه نوێژ كردن و رۆژوو گرتـن جا لـهو كاتـه ناسكهدا جبرائيل ﷺ چووه ژوورهكهی و سهلامی لێ كرد و ووتـی خـوای گهوره لهگهڵ تۆيه ئهی مهريهم، مهريهمه ترسـا و لـه دڵی خۆيدا ووتـی دهبـێ ئهم پياوه كێ بێت هاتبێته ژووری من له كاتێكدا دهرگای ژوورهكه داخـراوه بهڵام فريشته ترسهكهی لابرد و ووتی ئهی مهريهمـه تـۆ مهترسـه و نيعمـهت لهلايهن خواوه بۆ هاتووه چونكه خوای گهوره تـۆی ههڵبژاردووه بـۆ ئـهوهی ببيته دايكی پێغهمبهرێكی خۆشهويست كه رهوانی دهكات بۆ گهلی ئيسرائيل بۆ ئهوهی رێ رۆنيان بكات بۆ بهندايـهتی كردنی خوای گهوره بـه دڵسـۆزی مهريهمـه وهڵامی دايـهوه جا چۆن من منـاڵم دهبێت كـه مـێردم نـهكردبێت. فريشته وهڵامی دايهوه ووتی ئهو خوايهی مرۆڤـی دروست كرد بـهبێ مرۆڤ**

واتە بەبێ دایك و باوك كە حەزرەتی ئادەمە ﷺ چۆن ناتوانێ مرۆڤێك لە تۆ دروست بكات بەبێ باوك لە كـاتێكدا هیـچ كـارێك لـە دەسـەڵاتی خـوا دەرناچێت. مەریەمە وڵامی دایەوە ووتی من ئەزانم خوای گەورە توانای هەیە و بـا ویستی خـوا بێتـە جـێ. فریشتە ووتـی دەبـا تـۆ سـك پـڕ بیـت بـە پێغەمبەرێك كە ناوی دەنێیت (یسوع). جا ئەو منداڵە بپارێزە و بیرە و شتی سەرخۆشكەری دەرخوارد نەدەیت و گۆشتی پیس واتـە گۆشـتی سـەگ و بەراز و مردار بوو دەرخواردی ئەم منداڵە نەدەیت چونكە ئەو منداڵـە زۆر پیرۆزە لـە لای خـوا جـا مەریەمـە خـۆی لار كـردەوە و ووتـی مـن جاریـەی خودامە و با قسەكەت بێتە جێ.

جا لێرەدا هەر قسەی بەرنابا لۆقا بەدرۆ دەخاتەوە كە دەڵێ: ابن العلی: بەرنابا دەڵێ: ئەو خوایەی توانی مرۆڤێك دوروست بكات بەبێ مرۆڤ كـە باوكی مرۆڤایەتی حەزرەتی (ئادەم)ە دەشـتوانی مرۆڤێـك لـە تـۆ دوروسـت بكات بەبێ باوك واتـە پـەیوەندی نێر و مێ. بەڵێ بەرنابا زۆر راستی تـری دركاندوە هەروەكو مژدەی داوە بە هاتنی پێغەمبەرێك لەدوای عیسا ﷺ كە لە ئینجیلەكەیدا ناوی دەبات بە (بیری كلتوس) شێخ عبدالوهاب النجار دەڵێ رۆژێكیان لە زانایەكی مەسیحی بەناوی (كارلونلینو)م پرسی ئایا مانای (بیری كلتوس) چیە ؟ -كە تۆ شەهادەی دكتورات هەیە لە زمانی یونانی كۆن- لە وەڵامدا ووتی مانای ووشەی (بیری كلتوس) بـەزمانی عـەرەبی: (الذي له حمد كثير) واتە (احمد) كە یەكێكە لە ناوەكانی پێغەمبەر ﷺ كە ناوی (محمد و احمد و طـه و یـس) و هتـد. بـەڵام كلێسـای جیهـانی ئـەم

ئینجیلەی بزرکردوە و نایەلێ هیچ مەسیحیەك بیخوێنێتەوە نەوەك باوەری پێ‌بهێنن.

ئەو ئەشكەوتەی راستی پێ نیشان دام[1]

ئەمە ناونیشانی ووتارێكی قەشە (عەقیلە) كە لە گۆڤاری (النـور) بلاویكردۆتەوە و باسی موسڵمان بوونی خۆی دەگێرێتەوە. كە لە كاتێكدا قەشە عەقیل لە شاری بەغدا خوێندنی خۆی تەواو دەكات تا دەگاتە پلەی (قەشە) وە زانیارییەكی زۆری پەیدا كردوە دەربارەی ئاینی مەسیحی پاشان هەروەكو خۆی دەیگێرێتەوە دەگوازرێتەوە بۆ كەنیسەی كاثولیك لە شاری نەینەوا لە قەد پاڵی چیای مەقلوب كە ئەم كەنیسەیە زۆری تری لە راهب و عابدەكانی مەسیحی لێ بوو وە لە ناو كەنیسەكەدا دەرگایەك هەبوو كە تێیدا دەچوونە ژوری ئەشكەوتێكی گەورە بەڵام ئەم دەرگایە دەرگەوانێكی ئافرەتی هەبوو بە ناوی (ایزابیلا) كە ئەو ئافرەتە نەی دەهێشت هیچ كەسێك بچێتە ژووری ئەم ئەشكەوتە، بەلام من زۆر داوام لێ كرد كە ئەم كلیلەیەم بداتێ بۆ ئەوەی بچمە ژووری ئەشكەوتەكە. ایزابیلاش دەی گووت هەركەسێك چەندین ساڵ بەر لە ئێستا چوبێتە ژووری ئەم ئەشكەوتە نەهاتۆتە دەرەوە. بەڵام من پێم ووت ئەبێ كلیلەكەم بدەیتێ و خۆم بەرپرسیاردەبم لە هەر شتێك كە بەسەرم بێت لە ئەشكەوتەكەدا، ئەوجا كلیلەكەی دامێ و چوومە ژووری ئەشكەوتەكە دوای ئەوەی بە تەواوی خۆم

---

١ گۆڤاری النور ژمارە (٧٩) سەنەعا تشرینی دووەم ١٩٩٧.

ئامادە کردبوو خواردەمەنی چاکم پێ بوو بۆ چەند رۆژێك وە نیشانەی زۆرم پێ بوو بۆ ئەوەی لە کاتی گەڕانەوەمدا رێگا بزر نەکەم، جا کە چوومە ژوورەوە دوای چەند رۆژێك کە نەم دەزانی ژمارەیان چەندە گەیشتمە دەرگایەکی گەورە و زۆر بەهێز پاڵم پێوەنا و کردمەوە بینیم لە ژوورەوە ئێسکی چەند مرۆڤێکی لێ بوو لەسەر و قاچ و ئێسقانەکانی تر لەشم لەرزیو زۆر ترسام بەڵام لێرەدا قسەی (ازیابیلا)م بە بیر هاتەوە کە ووتی چەندین ساڵ بەر لە ئێستا چەند کەسانێك چوونەتە ژووری ئەم ئەشکەوتە و نەهاتوونەتە دەرەوە ئەوجا هانی خۆم داو -سوپاس بۆ خوا- چوومە ژوورەوە و بەترسەوە لە کاتێکدا چاوم کەوت بە چەند پەرتووکێك کە تۆزی زۆریان لەسەر کەوتبوو بە دەست هەندێك لە تۆزەکەم لابرد و زۆر شتم لێ‌ی خوێندەوە کە بە زمانی سریانی کۆن نوسرابوو کە زۆربەی وەسیەتەکانی حەزرەتی عیسای ﷺ تێدا بوو کە یەکێك لەم وەسیەتانە ئەوە بوو: باوەر بهێنن بە پێغەمبەرێك کە لە دوای من دێت ناوی (محمد)ە ﷺ و ئارەق (خمر) ناخواتەوە و زینا ناکات و گۆشتی بەراز ناخوات و ...هتد، وتێیدا هاتبوو کە ئەم پێغەمبەرە بێ دایك و باوکە و نیشانەیەکی لەسەر شان هەیە -بەڵام لە بیرم نیە نیشانەکە لەسەر کام شانە- بەڵام ئەوەم لە بیرە کە نیشانەکە بە قەد هێلکەی کۆترێکە. وە لەناو ئەم پەرتووکانەدا ئینجیلی بەرنابام دۆزیەوە لەگەڵ وەسیەتەکانی تر هەڵم گرتن و هاتمە دەرەوە. کە راهب و عابیدەکان منیان بینی سەریان سورما ... چۆن توانیت بێیتە دەرەوە؟ وە لەبەر ئەوەی شتەکەیان زۆر پێ سەیر بوو دەستیان کرد بە گریان، پاشان ووتیان ئەمە چیە پێتە؟ ووتم ئەمە وەسیەتەکانی عیسا ﷺ

و ئینجیلی بەرنابایە کە سەیریان کرد ووتیان ئەمە ئاشکرا مەکەن چونکە هیچ کەسێك ئەم شتانەی نەدیتووە وە ئینجیلەکە و وەسیەتەکانیان لێسەندم و نەیانهێشت خەڵك بیبینێت. دوای ئەوەی دڵنیا بوون کە من ئارۆم رۆژێکیان سواری سەیارەیەك بووم و بەرەو بەغدا بەرێ کەوتم پاشان بەرەو وولاتی ئەردەن و پاشانیش بەرەو وولاتی یەمەن. سوپاس بۆ خوای گەورە کە راستیم دۆزیەوە و هاتمە ناو ئاینی ئیسلام.

گۆشتی سەگ و بەراز و خواردنەوەی مەی لە شەریعەتی مەسیحی قەدەغەیە

بەڵێ بەرنابا دەڵێ جبرائیل بە مەریەمەی ووت گۆشتی سەگ و بەراز و بیرە دەرخواردی منداڵەکەت نەدەی کەواتە بە گوێرەی ئەم ئینجیلە ئەم شتانەی سەرەوە لە شەریعەتی مەسیحیدا حەرامن بەڵام کە ئێستا مەسیحیەکان گۆشتی بەراز دەخۆن یا گۆشتی سەگ یابیرە خواردنەوە بە حەڵاڵ دەزانن ئەوە گۆرانکاریە بەسەر ئاینەکەدا هاتوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کلێسا.

سەیر نیە کچ بە بێ مێرد منداڵی ببێ [1]

لەبەر ئەوەی ئەم رووداوەی حەزرەتی مەریەمە لە لایەن زۆر کەس بە سەیر دانراوە خوای گەورە لە سەدەی بیستەمدا رووداوێکی لەم چەشنەی پێ

---

١ رۆژنامەی (الاهرام) قاهیرە ٢٤/مایو/١٩٣٩.

نیشاندراین. ئەوە بو لە ١٤ مایو لە ساڵی ١٩٣٩ لە لیمای پایتەختی پیرۆ لە ئەمەریکای خواروو کچێك بەناوی (لینا مدینا) کە لە هیندە سورەکانە لە تەمەنی (٥)ساڵیدا منداڵێکی بوە کە وەزنەکەی (پێنج رطـل) بوو وە تەندورستی هەردوکیان زۆرباشە.

مەریەمە تەنها بە فووی فریشتە سکی پڕ بوو

بەڵێ مەریەمە تەنها بە فوی (هەناسە)ی فریشتە سکی پڕ بوو جا ئەم فوکردنە لە چ ئەندامێکی لەشی مەریەمە بوو گرنگ نیە. وە ئەم باسە لە قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی بۆ نەکراوە. ئیمامی بیضاوی دەڵێ ماوەی سك پڕی مەریەمە بە عیسا (٧) حەوت مانگ بووە. بەلاَم هەندێ لە زانایان دەڵێن شەش مانگ و چەند رۆژێك بووە. جا سك پڕ بوونی مەریەمە بە هەناسەی فریشتە نیشانەی هێز و توانایی خوای گەورەیە وە بەڵگەیە لەسەر کاریەجێی خوای گەورە. هەر وەکو چۆن خوای گەورە ئادەمی دورست کرد لە گڵ بە بێ دایك و باوك حەزرەتی عیساشی دروست کرد لە تەنها دایك بەبێباوك هەر وەکو خوای گەورە لە قورئاندا فەرمویەتی ﴿ إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ اللَّهِ كَمَثَلِ آدَمَ خَلَقَهُ مِن تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُ كُن فَيَكُونُ ﴾ آل عمران ٥٩ جا کە خوای گەورە بتوانێ ئادەمێك دروست بکات لە گڵ بە بێ دایك و باوك چۆن ناتوانێت عیسا دروست بکات لە دایکێك بەبێ باوك وە هەر وەکو بەرنابا لە ئینجیلەکەیدا دەڵێ: مەلاك جبریل بە مەریەمەی ووت ئەو خوایەی ئادەمی دروست کرد بەبێ دایك و

باوك دەتوانێ لەتۆشدا منداڵێك دروست بكات بەبێ باوك. وە دروست كردنی منداڵێك بەبێ باوك سەیر تر نییە لە دروست كردنی زەوی و مانگ و رۆژ و ئاسمانەكان و هەزاران ئەستێرە و كەهكەشانی تر بە بێ پایە و عمود .....!!!

كەواتە عیسا ﷺ كوڕی خوا نیە

عیسا ﷺ بەندەیەكە لە بەندەكانی خوا وە خوای گەورە لەگەڵ چەند بەندەیەكیتر كە ژمارەیان ١٢٤٠٠٠ سەد و بیست و چوار هەزارە هەڵی بژاردون بەسەر خەڵكیتردا وە ناوی ناون پێغەمبەران واتە (پەیام بەر) كە بەزمانی عەرەبی (النبي) واتە ئاگادار كەرەوە یان (الرسول) واتە قاسید و رەوانەكراو بۆ ناساندنی خوای گەورە بە مرۆڤایەتی و ڕێ نیشاندانی خەڵك بۆ رێگای راست وخوا پەرستی. جا ئەو خوایەی كە ئەم پەیامبەرانەی هەناردون بۆ مرۆڤایەتی نە ژنی هەیە و نە كوڕی هەیە نە كچی هەیە بەڵكو ئەگەر بێت و نێر و مێیەتی یان كور و كچ و خیزان بدرێتە پاڵ ئەو ئەوا سەردەكێشێ بۆ كافر بون و لەرێ دەرچون چونكە ئەگەر یەكێك ئەم شتانەی هەبوو ئەوا دەبێ پێویستی بە كەسانێكی تر هەبێت بۆ جێبەجێ كردنی كارەكانی كە ئەمەش دژایەتی هەیە لەگەڵ ناوی خوایەتی چونكە خوایەك كە هەڵسورێنەری كار و باری زەوی و ئاسمانەكان بێت و رۆژانە هەزاران شت دروست بكات و دەیان كەس و هەزاران كەس بمرێنێ و رزق و رۆزی بۆ تەوای دروستكراوەكان بە مرۆڤ و ئاژەل و باڵندە و ئاژەڵی كێوی و ماسی ناو بەحر و ... هتد دابین بكات چۆن دەبێت پێویستی بە ژن و

مێردایەتی و پەیوەندی جنسی و زاوزێ هەبێت ئەم شتانە دژایەتیان هەیە لەگەڵ سیفەتی (خالق) وە هەر وەکو خوای گەورە لە قورئاندا لە سورەتی (اخلاص)دا دەفەرموێ ﴿ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ۝ اللَّهُ الصَّمَدُ ۝ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ۝ وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ ﴾ واتە تۆ بڵێ خوا یەکە و تەنهایە و شەریکی نیە وە هەموو شتێك پێویستی بە ئەوە وە خوا پێویستی بە کەس و بە هیچ نیە وە زاوزێی نیە و ژن و کچ و کوری نیە و خۆیشی لە هیچ نێر و مێیەك پەیدا نەبووە و بەڵکو لە ئەزەلدا هەرهەبوە و هەریش دەمێنێ وە هیچ شتێکیش وەکو ئەو نییە. بەڵێ عیسا ﷺ خوا نییە و کوری خواش نییە بەڵام مەسیحیەکان دەڵێن: خوا پێك هاتوە لەسێ بەش: باوك - کوڕ - روح القدس (جبرائیل) وە دەڵێن: بەشی باوك یا کور لە خوایەتی جیابویەوە و هاتە ناو منداڵدانی مەریەمە و منداڵێکی لێپەیدا بوو ئەو منداڵەش بەشێکی لە خوایەتی هەیە. وە ئەم قسەیە عیسا ﷺ نەیکردوە و پێی رازی نیە. وە رازی نیە ناوی ئەو لەگەڵ ناوی خوا بێنن کە مەسیحیەکان دەڵێن (باسم الاب والابن وروح القدس) واتە (ثالوث) سێ‌خوا وە ئەم بیرو باوەرە لە کاتێکدا دروست بوو کە مەسیحیەکان دەیان ویست ئاینەکەیان لە ناو بت پەرستەکان ئەوانی دەڵێن خوا لاشەی هەیە و وە روحەکەی لە لاشەکەیەوە دەروا بۆ لاشەیەکی تر (تجسد) دەکات وە بروایان بەلە خاچ دان و خۆ بەفیداکردن هەبوو هاتنە ناو ئاینی مەسیحی ویستیان بیرو باوەرە کۆنەکەیان لەگەڵ ئاینە نوێیەکەی مەسیحی بگونجێنن هەر بۆ ئەم مەبەستە بیر و باوەری (ثالوث) دروست بوو ووتیان بەشێك لەخوایەکان: هەندێکیان

دەڵێن بەشی باوك و هەندێكیان دەڵێن بەشی كوڕ هاتە ناو منداڵدانی مەریەمە و ... هتد.

بەڵام بەم بیر وباوەڕە خۆیان بردە ریزی بت پەرستەكان و شەریكیان بۆ خوا ئەنجام دا بەڵێ خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿ وَقَالَتِ الْيَهُودُ عُزَيْرٌ ابْنُ اللَّهِ وَقَالَتِ النَّصَارَى الْمَسِيحُ ابْنُ اللَّهِ ذَلِكَ قَوْلُهُمْ بِأَفْوَاهِهِمْ يُضَاهِئُونَ قَوْلَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ قَبْلُ قَاتَلَهُمُ اللَّهُ أَنَّى يُؤْفَكُونَ ﴾ التوبة ٣٠. واتە جولەكەكان دەیان ووت عزیر كوڕی خوایە كە پێغەمبەرێكی بەنو ئیسرائیلیەكانە وە مەسیحیەكان دەیان گۆت عیسا ﷺ كوڕی خوایە ئەمە قسەیەكە لە دەمیان دەدرێتەوە و قسەی كافرەكانی پێش خۆیانە دەیڵێنەوە دورن لەرەحمەتی خوا، خوابیان كوژێ چۆن لەحەق لادەدەن دوای ئاشكرابونی. وە لە سورەتی مەریەمدا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَنُ وَلَدًا ۞ لَقَدْ جِئْتُمْ شَيْئًا إِدًّا ۞ تَكَادُ السَّمَوَاتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْهُ وَتَنْشَقُّ الْأَرْضُ وَتَخِرُّ الْجِبَالُ هَدًّا ۞ أَنْ دَعَوْا لِلرَّحْمَنِ وَلَدًا ۞ وَمَا يَنْبَغِي لِلرَّحْمَنِ أَنْ يَتَّخِذَ وَلَدًا ۞ إِنْ كُلُّ مَنْ فِي السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ إِلَّا آتِي الرَّحْمَنِ عَبْدًا ﴾ مريم ٨٨-٩٣. واتە مەسیحیەكان و جولەكەكان كوڕیان بۆ خوا ئەنجام داوە بەراستی شتێكی خراپیان كردوە و بەدوای شتی پڕو و پوچ كەوتون. نزیكە ئاسمانەكان لەگەڵ ئەم قسەیە لەت لەت بىن و زەوی شەق ببێ و چیاكان بتوێنەوە چونكە تاوانێكی زۆر گەورەیە كە كوڕیان بۆ خوا ئەنجامداوە وە قەت نابێ خوا كوڕی هەبێت و پێویستی پێ نییە وە لە رۆژی دوایدا هەرچی لەناو ئاسمانەكان و زەویدا هەیە بە عیسا و عوزێر

ئەواوی پێغەمبەرانەوە بە مل کەچی دێنە خزمەت خوای گەورە وە عیسا ﷺ خۆی وەڵامی خوای گەورە دەداتەوە کە ئاگاداری ئەم باس و خواستە نیە وە ئەوان لەخۆیانەوە ئەم کارەیان ئەنجامداوە هەروەکو لەقورئاندا خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَٰهَيْنِ مِن دُونِ اللَّهِ قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ إِن كُنتُ قُلْتُهُ فَقَدْ عَلِمْتَهُ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلَا أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ ﴾ المائدة ١١٦.

واتە خوای گەورە فەرمووی ئەی عیسای کوڕی مەریەمە ئایا تۆ فەرمانت بە ئومەتەکەت کردوە و پێت ڕاگەیاندن کە من و دایکم بپەرستن جگە لەخوا .... عیسا ﷺ وەڵامی دایەوە و ووتی: خوایەگیان پاکی و گەورەی هەر بۆ تۆیە من بۆم نیە قسەیەك بکەم کە لە ئاستی من نەبێت وە ئەوەی من ووتومە تۆ باشتر ئەیزانی ئاگاداری ناو دڵی منی و قسە پەنهانەکانی من دەزانی بەلام من قسە پەنهانەکانی تۆ نازانم و تۆ خوایەکی زانا و دانای. کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە عیسا کوڕی خوا نیە بەڵکو بەندەیەکە لە بەندەکانی خوای گەورە.

مەریەمە و دانانی منداڵ لە قوئانی پیرۆز

لە سورەتی مەریەمدا خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ فَحَمَلَتْهُ فَانتَبَذَتْ بِهِ مَكَانًا قَصِيًّا ﴾ واتە مەریەمە منداڵەکەی لەناو سکدا هەڵگرت و ڕۆیشت تا وای لێ هات بچێتە جێگایەکی بزر لە پێش چاوی خەڵك. ئیمامی بیضاوی

دەڵێ کاتەکە زستان بوو جێگایەکەش هەموی داری خورمای لێبوو، خۆ دارخورماکان ووشك بوون بەڵام چونی بۆ ئەوێ تەنها بۆ خۆ شاردنەوە بوو. ﴿ فَأَجَاءَهَا الْمَخَاضُ إِلَى جِذْعِ النَّخْلَةِ قَالَتْ يَا لَيْتَنِي مِتُّ قَبْلَ هَذَا وَكُنتُ نَسْيًا مَّنسِيًّا ﴾ واتە ژانی منداڵ بوون وای لە مەریەمە کرد بچێتە ژێر دارخورمایەك بەڵام مەریەمە ئەوەندە غەمناك بوو وە دەترسا لە لۆمەی خەڵکەکە، دوعای کرد و خۆزگەی خواست کە زۆر پێش ئێستا بمردمایە و لە بیری خەڵکی بچومایەوە بەڵام خوای گەورە دڵی مەریەمەی ئارام کرد و بانگەوازێك کرا. زانایان لێرەدا دو ڕای جیاوازیان هەیە هەندێکیان دەڵێن بانگەوازکارەکە جبریل بوو ﷺ وە هەندێکیان دەڵێن عیسا بوو ﷺ جا هەر یەکێکیان بێت گرنگ نیە. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ فَنَادَاهَا مِن تَحْتِهَا أَلَّا تَحْزَنِي قَدْ جَعَلَ رَبُّكِ تَحْتَكِ سَرِيًّا[1] ﴾.

واتە بانگی مەریەمەی کرد لە ژێرەوە، لەبەر ئەوەی ووتی لە ژێرەوە بانگەوازەکە کرا وا پێدەچێ حەزرەتی عیسا بوو بێ ﷺ ووتی: ئەی مەریەمە غەم مەخۆ خوای گەورە جۆگەیەکی ئاوی سازگاری هەڵقوڵاندوە هەر لەژێر خۆتە ئاوی لێ بخورەوە. ﴿ وَهُزِّي إِلَيْكِ بِجِذْعِ النَّخْلَةِ تُسَاقِطْ عَلَيْكِ رُطَبًا جَنِيًّا ﴾. واتە: هەر هەمان بانگەوازکەر بە مەریەمەی ووت لقی ئەم دارخورما ووشك بوە بۆ خۆت رابکێشە خورمای زۆر خۆش و بەتام بەسەر تۆدا دەبارێ کە ئەمەش کەرامەتێکە بۆ مەریەمە وە لە هەمان کاتدا دڵدانەوەیە بۆ

---

١ هەندێ لە زانایان دەڵێن ووشەی (سریا) واتە منداڵێکی بە شۆرەت و ناوبانگ و پایە بەرز.

مەریەمە کە بەم کاتە سارد و زستانە خورمـا بـە دارەوە بـێ شـتێکی زۆر گرنگە واتە ئەو خوایەی بەم کاتە خورما بەرهەم بهێنـێ و ئاو لەزەوی وشك هەڵقوڵێنی منیش لە بیر ناکات و دەمپارێزی وە مەریەمە هـەر لەمنداڵیـەوە کەرامەتی نواندبوو وە سەلماندبووی کە دۆست (وەلی) خوایە. ﴿ فَكُلِي وَاشْرَبِي وَقَرِّي عَيْنًا ﴾ واتە: بانگەوازکارەکە ووتی: مەریەمە تـۆ خورمایەکە بخۆ و ئاوەکە بخۆ وە غەم مەخۆ و دڵت ئارام بێت ﴿ فَإِمَّا تَرَيِنَّ مِنَ الْبَشَرِ أَحَدًا فَقُولِي إِنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَٰنِ صَوْمًا فَلَنْ أُكَلِّمَ الْيَوْمَ إِنسِيًّا ﴾ واتـە ئەگەر لـە گەڕانەوە کەسێکت بینی و پرسیاری لێکردی دەربارەی ئـەم منداڵـە تـۆ قسـە مەکە و بڵێ من بەڕۆژووم واتە بە ئیشارەت بڵـێ مـن بـەڕۆژووم چونکە ئـەو کات بەنو ئیسرائیلەکان ئەگەر بەڕۆژوو بونایە قسەکردنیش حەرام بوو تـا ڕۆژووەکەیان دەشکاند یا ڕۆژوویـان هـەبو تـەنها لـە قسـەکردن، جا مەریەمە سەری دار خورماکەی ڕاکێشاو خورمـای پێـوە هـات و خورمـای خـوارد و ئاوی خواردەوە و بە بێ ئەزیەت منداڵەکەی دانا.

لـێرەدا دەبـێ مەریەمـە بچێتـە ماڵـەوە وە چـۆن دەبـێ لـەم چۆلگەیـە بمێنێتەوە بەڵام ئەم خەڵکە چی پێدەڵێن کە منالی ساوای لە باوەش ببینـن. بەڵام پشتی بەوە قایم بوو کە خوای گەورە دەیپارێزی عەیبەکەی دادەپۆشـێ هەرچەندە هیچ عەیبێك لەم کارەدا نەبوو بەڵام بە لای خەڵکەوە شتێکی سەیر بوو تا تێدەگەیشتن.

مەریەمە هەڵسا خۆی و کۆرپەکەی بەرە و شاری ناصرە کەوتە ڕێ لەناو
شاردا گەیشتە خەڵکەکە و دەوریان لێدا ﴿ فَأَتَتْ بِهِۦ قَوْمَهَا تَحْمِلُهُۥ قَالُوا۟ يَٰمَرْيَمُ
لَقَدْ جِئْتِ شَيْـًٔا فَرِيًّا ﴾. واتە: مەریەمە کۆرپەکەی هەڵگرت و چووە ناو خزم و
کەسەکانی دەوریان لێداو ووتیان ئەی مەریەمە بەراستی کارێکی نارەوات
ئەنجامداوە. ﴿ يَٰٓأُخْتَ هَٰرُونَ مَا كَانَ أَبُوكِ ٱمْرَأَ سَوْءٍ وَمَا كَانَتْ أُمُّكِ
بَغِيًّا ﴾. واتە: ئەی خوشکی هارون باوکت پیاوێکی خراپەکار نەبوو
دایکیشت ئیشی نارەوا و زینای نەدەکرد. مەریەمە لێرەدا کەوتە ئەمرێکی
واقیع. هیچ قسەی نەکرد و واتە من بەڕۆژووم. بەڵام دەستی بۆ کۆرپەکەی
درێژکرد واتە با ئەو منداڵە وەڵامتان بداتەوە. ﴿ فَأَشَارَتْ إِلَيْهِ قَالُوا۟ كَيْفَ
نُكَلِّمُ مَن كَانَ فِى ٱلْمَهْدِ صَبِيًّا ﴾ مەریەمە پەنجەی بۆ عیسا عليه السلام درێژ
کرد واتە با ئەو کۆرپەیە وەڵامتان بداتەوە، ئەوانیش سەریان سوڕما و چۆن
دەبێ ئەو منداڵە تازە لەدایک بووە قسەبکات، ووتیان چۆن گفتوگۆ لەگەڵ
منداڵی ناو بێشکە (لانك) بکەین، چونکە هیچ کات و ساتێك ئەم جۆرە منداڵە
هیچ قسەی نەکردوە لێرەدا موعجیزەیەك بۆ حەزرەتی عیسا عليه السلام ڕوویدا.
چونکە یەکسەر دەستی کرد بە گفتوگۆ و ووتی: ﴿ قَالَ إِنِّى عَبْدُ ٱللَّهِ ءَاتَىٰنِىَ
ٱلْكِتَٰبَ وَجَعَلَنِى نَبِيًّا ﴾ ووتی من بەندە و عەبدی خوام، خوای گەورە
کتابی ئینجیلم بۆ دەنێرێ وە دەمکاتە پێغەمبەر و ڕەوانم دەکات بۆ لای
ئێوە ﴿ وَجَعَلَنِى مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ وَأَوْصَٰنِى بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱلزَّكَوٰةِ مَا دُمْتُ

﴿ حَنَانًا ﴾ وە دەمگێڕێ بە مرۆڤێکی پیرۆز و مبارك لە هەر کوێیەك بم وە فەرمانم پێ دەکات بە نوێژ کردن و بەندایەتی کردن و زەکات دان و یارمەتی دانی هەژاران و نەداران هەتاکو زیندو بم. ﴿ وَبَرًّا بِوَالِدَتِي وَلَمْ يَجْعَلْنِي جَبَّارًا شَقِيًّا ﴾ وە فەرمانم پێ دەکات لەگەڵ دایکم چاك بم و چاکەی لەگەڵ بکەم و منی نەکردوە بە پیاوێکی ستەم کار و خراپ جا لێرەدا عیسا ﷺ کە لە باوەشی دایکی. دوای چەند ساتێك لە دایك بوون دەستی کرد بە قسە کردن وە یەکێك لە ووتەکانی ئەوە بوو. ووتی: (وَبَرًّا بِوَالِدَتِي) واتە چاکە لەگەڵ دایکم بکەم. هەموو پێغەمبەرەکانی تر دەیان ووت (وَبَرًّا بِوَالِدَيَّ) واتە چاکە لەگەڵ دایك و باوکم بکەم. تەنها پێغەمبەری ئێمە ﷺ نەبێ چونکە ئەو لەناو سکی دایکی بووە کە باوکی وەفاتی کردوە وە تەمەنیشی شەش ساڵان بوو کە دایکی مردوە. وە خوای گەورە دەربارەی ئەو فەرموویەتی: ﴿ وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ ﴾ وە پێغەمبەر ﷺ دەی فەرموو (ارسلني الله رحمة للعالمين) وە عیساش ﷺ فەرمووی چاکە لەگەڵ دایکم بکەم چونکە باوکی نەبووە و لە دایك بونی ئەو خۆی موعجیزەیەك بوو. ئەو هەر لەو کاتەش بو بە پێغەمبەر لەسەر ڕای هەندێ لە زانایان. کەواتە قسەی ئینجیلەکان ڕاست نییە کە باسی لێ دەکەین لە دوای ئەم باسە انشاء الله. کە دەڵێ: (لان الذى حبل فيها من الروح القدس) ڕاستە لە (روح القدس)ە بەڵام روح القدس فریشتەیە تەنها بەفوکردن لە سەری کراسی مەریەمە حەملی پێدا بەئیزنی خوا. ﴿ وَالسَّلَامُ عَلَيَّ يَوْمَ وُلِدتُّ وَيَوْمَ أَمُوتُ وَيَوْمَ أُبْعَثُ

﴿ حَيّاً ﴾ واته رەحمەت و سەلامی خوا لەسەر من بێ لە رۆژی لەدایك بوونم و لـەرۆژی مـردنم وە لـە رۆژی زیندوبوونـەوەم. لـێرەدا گفتوگـۆی عیسـا ﷺ کۆتای هات و بەنو ئیسرائیلییەکان بوون بە دوو بـەش، هـەندێکیان ووتیـان ئەمە کوری خوایە، ئەگەر نا چۆن دەبێ منداڵ تازە لە دایك بووبێ و قسـە بکـات، وە هـەندێکیان ووتیـان ئەمـە سـیحرە. هـەروەکو خـوای گـەورە دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ قَوْلَ الْحَقِّ الَّذِي فِيهِ يَمْتَرُونَ ﴾ واتە ئەمەیـە عیسای کوری مریم کە راست و تـەواوە بـەڵام ئـەوان شك و گومانیـان پـەیدا کرد کە هەندێکیان ووتیان کوری خوایە هـەندێکیان ووتیـان سیحرە. ﴿ مَا كَانَ لِلَّهِ أَنْ يَتَّخِذَ مِنْ وَلَدٍ سُبْحَانَهُ إِذَا قَضَىٰ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ ﴾ واتـە قسـەی ئـەوان راسـت نـییـە و خـوای گـەورە هیـچ کـوری نـییـە و زۆر گەورەترە و بەرزترە لەوەی ئەم سیفەتانەی بۆ ئەنجام بدەن. چونکە ئەگەر کوری هەبێ دەبێت ژنیشی هـەبێ خوای گەورەش ئەم شتانەی هیچ نییە. ﴿ فَاخْتَلَفَ الْأَحْزَابُ مِنْ بَيْنِهِمْ فَوَيْلٌ لِلَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ مَشْهَدِ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴾ واتـە جیـاوازی و تەفرەقـەیان کەوتـە نێـوان هـەروەکو گوتمـان هـەندێکیان ووتیان سیحرە و هەندێکی تر ووتیان کوری خوایـە. جـا سـزای تونـد بـۆ کافرەکان لە رۆژی دوایی.

ئەوانەی لەبێشکەدا قسەیان کردوە

عن ابي هريرة ﷺ عن النبي ﷺ قال: (لم يتكلم في المهد الا عيسى و كان رجل من بني اسرائيل يقال له جريج كـان يصلي فجاءته امه فدعته فقال اجيبها او اصلي؟!!! فقالت اللهم لا تمته حتى تريه وجوه المومسات و كان جريج في صومعته فتعرّضت له امرأة فكلمته فأبى فأتت راعياً فأمكنته من نفسها فولدت غلاماً فقالت من جريج فأتوه فكسّروا صومعته وانزلوه وسبّوه فتوضأ وصلّى ثم أتى الغلام فقال: من ابوك يا غلام؟ فقال الراعي. فقالوا انبني صومعتك من ذهب؟ قال: لا الا من طين. وكانت امرأة ترضع ابنها من بني اسرائيل فمرّ بها رجل راكب ذو شارة فقالت اللهم اجعل ابني مثله فترك ثديها وأقبل على الراكب وقال اللهم لا تجعلني مثله ثم اقبل على ثديها يمصه. قال ابو هريرة: كأني انظر الى النبي ﷺ يمص اصبعه. ثم مُرَّ بأَمَةٍ فقالت اللهم لا تجعل ابني مثل هذه فترك ثديها فقال: اللهم اجعلني مثلها فقالت له لم ذاك؟ فقال: الراكب جبار من الجبابرة وهذه يقولون لها سرقت زنت ولم تفعل) رواه البخاري واحمد.

واتە قسەیان نەکردوە لەناو بێشکەدا تەنها: عیسای کوڕی مەریەم نەبێت وە لە ناو بەنو ئیسرائیلیەکانیش پیاوێك هەبوو ناوی جورەیج بوو لە پەرستگاکەی کە لە پاڵ چیایەك دروستی کردبوو خواپەرستی دەکرد ڕۆژێکیان دایکی چووە لای و جورەیجیش نوێژی دەکرد هەرچەند دایکی قسەی کرد جورەیج نەیزانی چی بکات لە دڵی خۆیا ووتی خوایە گیان نوێژەکەم بەتاڵکەم و وەڵامی دایکم بدەمەوە یا هەر بەردەوام بم لە نوێژەکەم پاشان جورەیج نوێژەکەی بەتاڵ نەکرد و دایکەکەشی لێی دڵگیر بوو دوعای

لێ کرد و دوعایەکەشی قەبول بوو ووتی: خوایە گیان نەی مرێنی تا دەم و چاوی بە دەم و چاوی ئافرەتێکی داوێن پیس دەکەوێت دوای چەند رۆژێك ئافرەتێك لە پەرستگاکەی جورەیج بەژوور کەوت و داوای زینای لێ کرد بەلام جورەیج وەلامی ئافرەتەکەی نەدایەوە و ئافرەتەکەش لە رقان چوو زینای لەگەلْ شوانێك کرد و منالْی پەیدا بوو ووتی ئەم منالْە لە جورەیج پەیدا بووە، جا پیاوەکانی پاشا چوون پەرستگاکەیان روخاند و جوێنیان بە جورەیج دا و هێنایان بۆ لای پاشا. ئەوجا جورەیج دەست نوێژێکی هەلْگرت و نوێژی کرد و چووە لای منالْەکە کە لە باوەشی دایکی بوو پێی ووت ئەی منالْ کێ باوکتە؟ منالْەکە ووتی فلان شوانە ئەوجا پەشیمان بوونەوە و بە جورەیجیان ووت با پەرستگاکەت لە زێر بۆ دروست بکەینەوە بەلام ئەو داوای کرد کە لە گلْ و بەرد دروست بکرێتەوە. وە ئافرەتێك لەناو بەنو ئیسرائیلیەکان منالْێکی شیر خۆری هەبوو رۆژێکیان شیری دەدایە کورەکەی پیاوێکی سوارئەسپ بە لایاندا تێپەری زۆر رێك و پێك بوو ئافرەتەکە ووتی خوایە گیان کورەکەی منیش وەکو ئەم پیاوە لێ بکە منالْەکەش دەمی لە مەمکی دایکی کردەوە و روی کردە پیاوەکە و ووتی خوایەگیان وەکو ئەم پیاوەم لێ نەکەی هەر لەو کاتەدا ئافرەتێك بەلایاندا تێپەری و دایکی کورەکە ووتی خوایەگیان کورەکەی من وەکو ئەم ئافرەتە لێ نەکەی چـــــونکە خەلْکی بەردە بارانی ئافرەتەکەیان دەکرد و جوێنیان پێدەدا و بوختانیان پێدەکرد کە زینای کردوە و دزی کردوە منالْەکەش روی کردە ئافرەتەکە و ووتی خوایەگیان وەکو ئەم ئافرەتەم لێ بکە. دایکە ووتی بۆ؟ کورەکە ووتی ئەو پیاوەی تۆ دوعات کرد خوا وەکو

ئەوم لێ بکا پیاوێکی ستەم کار بوو نامەوێ خوا وەکو ئەوم لێ بکا بەلام ئافرەتەکە هەژارە و خەڵکی بوختانی بۆ هەڵدەبەستێت دەڵێن دزی کردوە و زینای کردوە بە درۆ و راست نیە.

ئەم ووتە پیرۆزەی پێغەمبەر ﷺ پێش ئەوەی خوای گەورە ئەوانی تری بۆ ئاشکرا بکات پاشان لە ووتەیەکی تری باسی دووکەسی تریش دەکات و باسی منداڵی باوەشی دایکی دوبارە ناکاتەوە کە دەفەرموێ: (لم يتكلم في المهد الا عيسى وشاهد يوسف وصاحب جريج وابن ماشطة فرعون) رواه الحاكم بسند صحيح.

هەر چەندە ئیمامی سیوطی رەحمەتی خوای لەسەر بێت لە شیعرێکدا کۆیان دەکاتەوە بە چواردە کەس، کە دەڵێ:

تكلم في المهد النبي محمد ... ويحيى وعيسى والخليل ومريم
ومبري جريج ثم شاهد يوسف ... وطفل لدى الاخدود يرويه مسلم
وطفل عليه مر بالامة التي ... يقال لها تزني ولا تتكلم
وماشطة في عهد فرعون طفلها ... وفي زمن الهادي المبارك يختم
وزد لهم نوحا يوسف بعده ... ويتلوهم موسى الكليم المعظم

هەر چەندە قسەی هەمووشیان نوسراوە لە پەرتوکە مێژوییەکان زانایان باسیان کردوە تەنها قسەی حەزرەتی یوسف نەبێت بەلام لەبەر ئەوەی بە حەدیسی صحیح نەم بینیوە تەنیا ئەو پێنجەی باسمان کردن باسی ئەوانی تر ناکەم.

(ختان) سوننەت كردنی عیسا عليه السلام

لەو کاتەدا خەڵك لەسەر دینی یەهودی بوون لەلای ئەوانیش منداڵ سونەت دەکرا. چونکە خوا فەرمانی بە ابراهیم عليه السلام کردبوو کە لەرۆژی هەشتەم منداڵ سونەت بکەن. هەرچەندە ئەم باسە لە قورئاندا باس نەکراوە بەڵام لە ئینجیلی لۆقا باسی دەکات و دەڵێ: آیة (٢١) ص(٢) : (ولما تمت ثمانية ايام ليختتنوا الصبي سمي (يسوع) كما تسمى من الملاك قبل ان حبل بـه في البطن).

انجيل بەرناباس آية ٢٤ (فلما تمت الايام الثمانية حسب شريعة الـرب كمـا هو مكتوب في كتاب موسى أخذا الطفل واحتمـلاه الى الهيكـل ليختنـاه (٢٥) فختنا الطفل وسمياه (يسوع) كما تسمى من الملاك قبل ان حبل في الرحم.

(مجوس) و يسوع

لەچوار ئینجیلەکانی (متیٰ و مرقس لۆقا و یوحنا)، تەنها متیٰ باسی کردوە و بەرناباش لە ئینجیلەکەی نووسیویەتی دەگێڕنەوە کە سێ‌کەسی مەجوسی لە رۆژهەڵات ئەستێرەگەریان دەکرد و چاویان لە ئاسمان بوو. دیتیان ئەستێرەیەکی زۆر بە رووناکی دەرکەوت چونە لای یەهودیەکان ئەستێرەکەیان نیشان دان لە رێگادا گەیشتنە اورشلیم و پرسیاریان کرد. لە کوێ کوری مەلیکی یەهودیەکان لە دایك دەبێت. هیرۆدۆسی مەلیك گوێبیستی ئەم قسەیەبوو زۆر ترسا و بەدوای کاهن و سیحربازەکانی دا نارد و لێی پرسین لە کوێ مەسیح لە دایك دەبێت ووتیان لە بیت لەحم.

ئەوجا هێرۆدۆس بە دوای سێ پیاوە مەجوسییەکانیدا نارد و لێی پرسین بۆچی هاتوون. ووتیان ئێمە ئەستێرەیەکمان لە رۆژهەلات دیت و رێگای ئێمەی خستە ئێرە. وە ئەم سێ مەجوسییە بەخشیش و هەدیەیان هێنابوو بۆ ئەم منالە کە (مەسیح)ە. هێرۆدۆسیش ووتی برۆن لە بیت لەحم منالەکە بێنن بۆ ئەوەی بیکوژێ. ئەوانیش چون بەخشیشەکانیان دایێ و سەجدە و کرنۆشیان بۆ برد و نەوێران بچنەوە لای هێرۆدۆس، چونکە ئەگەر بچونایە و منالەکەیان پێ بوایە دەیکوشت، هەر لەوێ گەرانەوە وولاتی خۆیان. وە هێردۆسیش بریاریدا هەموو منالێکی ئەم سالە لە دایك بووە دەبێ بکوژرێ. لۆقا زۆر لەم باسەی کۆلیەوە بەلام هیچ راستییەکی بۆ بەدیار نەکەوت. لەبەر ئەوە نەینوسیەوە. بەلام ئەم روداوە درۆیە و راستی پێوە دیارنییە. چونکە مەجوسییەکان خۆیان دان بە هیچ ئەهلی کتاب دانانێن. باوەریان بە خوا و بە پێغەمبەر و پەرتوکە ئاسمانییەکان نییە.

یوسف و مریم و عیسا دەرۆن بۆ میسر

ئەم باسەش تەنها متیٰ نوسیویەتی لە چوار ئینجیلەکان و بەرناباش باسی کردوە.

دەلێن لەو کاتەی کە هێردۆس فەرمانی دەرکرد کە هەموو منالێك لەم سالانە لە دایك بوبێت دەبێ بکوژرێت. لە بیت لەحم یوسفی نەجار لە خەوداً فەرمانی پێکرا کە ئەم مندالە و دایکی ببات بۆ میسر بۆ ئەوەی لە دەستی پاشا پارێزراو بێ. ئەویش فەرمانەکەی بەجێگەیاند و چوون بۆ میصر تاکو هێردۆس مرد. دوای مردنی هێردۆس لە خەوداً فەرمان بە یوسف کرا کە

بگەڕێتەوە وولاتی خۆیان. چونکە ئێستا ترس نیيە و کەس یسوع ناکوژێ. وە درێژەی ئەم باسە لە ئینجیلی بەرنابا لە سەرەتای بەندی (٦) تا کۆتایی بەندی(٨) باس کراوە. وە هەندێك لە زانایانی تەفسیری قورئان دەڵێن مەبەستی خوای گەورە لە ﴿ وَآوَيْنَاهُمَا إِلَى رَبْوَةٍ ذَاتِ قَرَارٍ وَمَعِينٍ ﴾ المؤمنون ٥٠ وولاتی میسرە. وە مەسیحیەکانی میسر وا گومان دەبەن کە یوسف و مریم لەژێر دارێك حەسانەوە. لە شاری (عین شمس) وە دارەکەش پارێزراو بووە تا سەردەمێکی نزیك ناوی دارەکەش (شجرة العذراء)[١] بووە.

یسوع گفتوگۆ لەگەڵ زانایان دەکات

دوای ئەوەی گەرانەوە بۆ وولاتی (فلسطين) لە ئینجلدا دەڵێ: لە کاتێکدا کە هیرۆدۆس مرد، جبریل چووە خەونی یوسف پێی ووت بگەڕێوە بۆ یەهودیە وولاتی خۆت چونکە ئەو کەسانەی کە دەیان ویست منالەکەت بکوژن نەماون و لەناو چوون. ئەوجا یوسف مریم و عیسای هێناوە بۆ وولاتی یەهود و تەمەنی منالەکەش حەوت ساڵ بوو. وە زانیان کە ارخیلاوس کوڕی هیردۆس بووەتە مەلیك چونە جەلیل لە شاری ناصرە نیشتەجێبوون وە منداڵەکەیان پەروەردە کرد لە نێو خۆشی و حیکمەت و زانست لە پێش خوا و خەڵك. کاتێك تەمەنی یسوع گەیشتە دوانزە ساڵ یسوع لەگەڵ یوسف و مەریەم چونە اورشلیم، بۆ ئەوەی سجدە ببات و عیبادەت بکات بەگوێرەی ئاینی موسا. دوای نوێژ و عبادەت کردن ڕۆیشتن.

---

١ کتابی (الفارق بين المخلوق والخالق) للباجحي ج١ ص٢٩.

بەڵام یسوع لە یوسف و مریم جیابوەوە و یوسف و مەریەمە وایان زانی لەگەڵ خزمەکانیان گەراوەتەوە ناصرە تا سێ رۆژ لە رۆژی سێیەم دیتیان یسوع لەلای هیکل لە نێو زانایان دانیشتوە و موناقەشەیان لەگەڵ دەکات ئەم زانایانە سەریان سورما بوو لەم منداڵە ژیر و زیرەك و زانایە. دایکی باوەشی لێدا و ووتی ئێمە زۆر بۆت غەمبار بووین...

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە عیسا پەروەردەیەکی جوان و پاك و بێگەردی کرابوو بەڵام ئینجیلەکان بێدەنگن لە راست ژیانی عیسا لە تەمەنی دوانزە ساڵیەوە تا تەمەنی بیست و نۆ ساڵی. هەرچەندە هەندێکیان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە شاری ناصرە دادەنیشت. بەڵام چۆن دەبێت پێغەمبەرێکی ئاوا پیرۆز و ناودار لە شارێك دابنیشێت و بانگی خەڵکی نەکات بۆ سەر ئاین و راست کردنەوەی تاوانەکان. وە ئەوروپییەکان دەڵێن چووە هیند و ئاینی بوذی فێر بوو و ئیشی پێدەکرد. بەڵام ئەمەیان راست نی یە چونکە عیسا لەلایەن خواوە وەحی بۆ دەهات. چۆن ئاینی بوذی وەردەگرێت کە یەك تۆزقاڵ راستی تێدا نی یە.

پێغەمبەرایەتی یسوع ﵇

لە قورئانی پیرۆز دا باسی ئەوە نەکراوە کە لە چ ساڵێك یسوع بوو بە پێغەمبەر بەڵام ئینجیلەکان دەڵێن: یوحنا المعمدان واتە (یەحیای کوری زەکەریا) لە چۆلگە پەیدا بوو ماوەیەك خواردنی هەنگوین و کوللە بوو وە جل و بەرگی لە کورکی ووشتر بوو. پاشان لە سنوری ئەردەن پەیدابوو ئاگاداری خەڵکی دەکردەوە کە تەوبە بکەن و بگەرێنەوە. جا خەڵکی اورشلیم

و سنورەکانی ئەردەن چوونە لای و ئەویش بەو ئاوە دەی شوشتن و ئاگاداری دەکردنەوە کە ملکوت ا لله نزیك بووە. وە کاهینەکان ناردیانە لای ئایا ئەوە ئیلیایە ووتی نەخێر ووتیان مەسیحە ووتی نەخێر ووتیان پێغەمبەرەێکە ووتی نەخێر، ووتیان تۆ کێی ووتی من دەنگی هاوارم لە چۆلگە بگەڕێنەوە سەر ڕێگای خوا. جا لێرەدا مەسیح چووە لای، وە جبریل لەسەر شێوەی کۆترێك چووە لای ئەوجا مەسیح نەگەڕایەوە تا چل ڕۆژ بەرۆژوو بوو. لەو کاتەدا شەیتان چووە لای ... تا کۆتایی ئەم باسە. دەڵێن لەو کاتەدا تەمەنی مەسیح سی ساڵ بووە.

کە متیٰ نوسیویەتی لە ص١، مرقس لە ص(٣، ٤)، لوقا لە ص١، و یوحنا.

یسوع لە تەمەنی سی ساڵیدا لەسەر چیای زەیتون ئینجیلی بۆ هات

لە ئینجیلی بەرنابادا وا دەردەکەوێت کە عیسا ﷺ تەمەنی سی ساڵ بووە کە ئینجیلی بۆ هات. هەروەکو دەڵێ: (ولما بلغ يسوع ثلاثين سنة من العمر كما أخبرني بذلك نفسه صعد الى جبل الزيتون مع امه ليجنى الزيتون).

ئینجیل مانای چیە ؟

ئینجیل واتە مزگێنی (بشارة). وە شاهید هەیە کە خوای گەورە ئەم ئینجیلەی دایە عیسا پڕبوو لە هدایەت و ڕێ پیشاندان و چرای روناکی بۆ خەڵك وە بەنی ئیسرائیلیەکانی دەترساند کە بگەڕێنەوە لای خوا و

بیپەرستن. وە ئاگاداری کردنەوە کە روداوی زۆر لە مەودوا روو دەدات وە مزگێنی دانێ کە پێغەمبەرێکی تر دێت و شەریعەتێکی نوێ پەیدا دەکات کە (محمدﷺ). ﴿ نَزَّلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَأَنْزَلَ التَّوْرَاةَ وَالْإِنْجِيلَ ۞ مِنْ قَبْلُ هُدًى لِلنَّاسِ ﴾ آل عمران ٣ واتە ئەی محمد ﷺ خوای گەورە ئەم قورئانەی بۆ تۆ ناردوە بە راستی وە لە پێشدا تەورات و ئینجیلی رەوان کرد بۆ رێنیشاندەری خەڵکی وە (فرقان) واتە قورئانی نارد کە جیاوازی لە نێوان راستی و ناراستی دیار دەکات. بەڵام ئەم ئینجیلە بۆ عیسا هاتبوو ئێستا گۆرانکاری زۆری هاتوتە سەر و ژمارەیان لە سەد تێپەریوە هەر کەسێك بە گوێرەی زانینی خۆی نوسیویەتی. هەروەکو دەگێرنەوە کە پاشای ئەو سەردەمە -بە هۆی (بولص)ەوە کە بەرێوەبەری بەندیخانە بوو- قوتابیەکانی مەسیحی هەموویانی گرتن و بەندی کردن تا ماوەیەکی زۆر وە زۆر ئازاری دان وە هەندێکیان مردن لەبەر ئازاری توند، دوای دەرچونی ئەوانی تر لە بەندیخانە ئینجیلیان لە بیر چووبوو بەڵام بەگوێرەی زانستی خۆیان هەریەکە بە شێوەیەك نوسیەوە.

مانای مەسیح

لە زمانی عیبریدا: مەسیح بە پێغەمبەر و مەلیك دەگوترێ وە مەبەست ئەوە نیيە کە مەسیح دەبێتە مەلیکی بەنو ئیسرائیلیەکان بەڵکو هەروەکو ناوێك چۆن زۆر کەس ناوی منداڵی خۆی دەنێت سوڵتان یا ئەمیر یا پاشا، وە مەسیح بە دەجالیش دەگوترێ کە لە کۆتایی ژیانی دنیا دێت و ئاژاوە

دروست دەکات و خەڵکی لە رێی راست لا دەدات. وە راستی‌یەکەی ئەوەیە کە لە زمانی عەرەبی‌دا هەر ووشەیەك لەسەر کێش (وزن)ی (فعیل) بێت بە دوو مانا دێت بە مانای (فاعل و مفعول) واتە لێرەدا ووشەی مەسیح بە مانای ماسح و ممسوح دێت. ماسح واتە دەست بەسەر دادەهێنێ. کە سیفەتی عیسا بووە دەستی بەسەر هەر نەخۆشێکدا بهێنایە بە ئیزنی خوا شیفای بۆ دەهات و چاك دەبۆوە. وە مەمسوح واتە(ممسوح العین) واتە چاو لوس چونکە دەجال چاوی راستی نی‌یە و شوێنی چاویشی پێوە دیار نی‌یە.

مانای عیسا ﵇

لە زمانی عیبریدا عیسا واتە یشوع واتە رزگارکەر و ئازادی هێنەر بە مانای ئەوەی دەبێتە هۆی رزگاربوونی زۆر لە خەڵکی لە تاوان و گوناهەکان بە گومانی مەسیحیەکان. وە ناوی عیسا لە قورئاندا بە سێ جۆر هاتووە:

١. عیسا

٢. مەسیح

٣. ابن مریم

مەسیح بۆچی هاتوە؟...

حەزرەتی عیسا ﵇ چەند کارێکی گرنگی گرتە ئەستۆی خۆی و دوای ئەوەی خوای گەورە رەوانی کرد بۆ بەنی ئیسرائیلیەکان بۆ ئەم کارانەی خوارەوە:

١. لەبەر ئەوەی بەنو ئیسرائیلیەکان ماوەیەکی زۆریان بەسەردا تێپەری بوو لەدینی موسا ﷺ وە لەرێی راست لایان دابوو وە گۆرانکاریان هێنابووە سەر دینی موسا ﷺ وە زیادە رەویانکردبوو لە دین و لە تەورات هەروەك بەبێ ئەوەی لە تەورات فەرمانیان پێبکرێت لە رۆژی شەممەدا هیچ ئیشێکیان نەدەکرد. راستە خوای گەورە رۆژی شەممەی بۆ کردبوون بە رۆژی پشوو و ئیسراحەت بەلأم ئەوان لەو رۆژەدا عیبادەت و چاکەیان نەدەکرد ئەمەشیان لە رێ لادان بوو. پێویستی بەراستکردنەوە هەبوو وە ئەگەر تەماشای ئینجیلی متیٰ بکەین دەبینین دەڵێ: لە رۆژی شەممەدا یسوع و قوتابیەکانی چونە ناو دەغڵەکان وە گوڵەکانیان لێدەکردەوە و دەیان خوارد (فریسیەکان) ووتیان عیسا چاوت لێیە قوتابیەکانت چۆن کارێك دەکەن کە لەرۆژی شەممەدا دروست نیه. ئەویش ووتی ئایا نەتان خوێندۆتەوە کە داود و ئەوانەی لەگەڵی بون چیان کرد کە برسی بوون ... هتد. بەڵێ جولەکەکان لەبەر ئەوەی لە رێ خوا لایاندەدا و زۆر پرسیاریان لە موسا دەکرد وە زۆر لە شتیان دەکۆڵیەوە و قەناعەتیان نەدەکرد بە ئایاتی تورات. خوای گەورە چەند شتێکی لێ حەرام کردن هەروەکو دەفەرموێ: ﴿ فَبِظُلْمٍ مِّنَ الَّذِينَ هَادُوا حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ طَيِّبَاتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ ﴾ نساء ١٦٠ زانایان دەڵێن ئەو شتانەی خوای گەورە لێی حەرام کردن ماسی و گۆشتی ووشتر و بەزی ئاژەڵ و کارکردن لە رۆژی شەممە.

٢. وه لەو كارانەی كە زیادە رەویان تێدا كردبوو ماڵ پەرستی بوو كە پارە و پول هەموو مێشكی داگرتبون. وە گەورەكانیان فەقیر و هەژارەكانیان هان دەدا خێر و نەزر و چاكە بكەن بۆ هەیكەل و پاشان بە خۆیان ماڵەكەیان دەخوارد، وە ئەم فەقیر و هەژارانە و منالەكانیان زۆر پێویستیان بەم ماڵە بوو بۆ خۆیان جا ئەمەش لە رێ لادان بوو و پێویستی بە راستكردنەوە هەبوو. هەروەكو بەرنابا دەڵێ: یەكێك لەو كەسانەی كە لەدینی خوا بەدوور كەوتبوەوە بانگی یسوعی كرد بۆ نان خواردن كە یسوع چوو بۆ ئەوێ چەند قوتابیەكی لەگەڵ بوو، دانیشتن نان بخۆن قوتابیەكان دەستیان نەشوشت و یەكسەر چونە سەر خوانی نان خواردن (كتبە) كان واتە نوسەرەكان بانگی یسوعیان كرد، بۆ قوتابیەكان چاودێری داب و نەریتی شێخەكانی ئێمە ناكەن بەبێ دەست شۆردن دەێنە سەر سفرەی نان خواردن، یسوع وەڵامی دانەوە: منیش لێتان دەپرسم ئێوە بۆچی ئاینی خواتان بەجێهێشت لە پێناوی داب و نەریت و عاداتی خۆتان و ... هتد. كەواتە عیسا ﷺ دەیویست بیان گەرێنێتەوە سەر ئاینی راستەقینە.

٣. لە نێو جولەكەكاندا جەماعەتی (صدوقیین) هەبوون كە دەیان گوت زیندوبوونەوە نیە و حەشر و حیساب درۆیە، بەهەشت و دۆزەخ نییە، پاداشتی چاكە ئەوەیە لە دنیا چاكەت بۆ دێت، وە پاداشتی خراپەش ئەوەیە لە دونیا خراپەت بۆ دێت، ئەمەش لە رێ لادان بوو، پێویستی بە یەكێكی وەكو عیسا بوو بۆ راست كردنەوەی.

٤. لەنێو یەهودیەکان کۆمەڵێکی تر هەبوون پێیان دەگوترا (الفریسییون) ئەوانیش کۆمەڵێك بوون تەنها عیبادەتی خوایان دەکرد و دووره پەرێزیان لەخەڵك دەکرد و پشتیان بەتەواوی لە دونیا کردبوو، بە هەموو توانایەك روویان کردبووه قیامەت و دواڕۆژ بەڵام دوای ماوەیەکی زۆر پێش هاتنی عیسا ﷺ ئەوانه لەرێ لایان داو روویان کرده دونیا و لەناو خەڵك پیاوی باش بوون تا پاره و پولیان لێبستێنن بەڵام هیچ عیبادەتیان نەدەکرد بەڵکو رووبینیان دەکرد، ئەوه کارێکی وابوو پێویستی بە پیاوێکی وەکو عیسا ﷺ بوو بۆ بن برکردنی[1].

٥. (الکتبة) واتە ئەوانەی شەریعەتی موسایان دەنوسیەوه دەرس و پەند و ئامۆژگاری خەڵکیان گرتبوه ئەستۆ، بەڵام ئەوانیش لایان داو روویانکرده رووتاندنەوەی خەڵك و پاره لێسەندنیان.

٦. (الکهنة) ئەمەش کۆمەڵێك بوون خزمەتی هەیکەلیان دەکرد و پاشان دەستیان کرد بە گۆڕینی کەلامی خوا و بەکارهێنانی بۆ مەرامە گڵاوەکانیان. ئەمانە هەموویان کاری نارەواو نابەجێ بوون و لادان بوو لە شەریعەتی خوا جا لەم کاتەدا خوای گەوره عیسای ﷺ نارد و فەرمانی پێکرد کە ئەم کارانە بگۆڕێ و چاکیان بکات و بیان هێنێتەوه سەر رێگەی راست.

---

[1] بەڵێ جولەکەکان لەبەر ئەوەی لە رێگای خوا لایاندەدا و زۆر پرسیاریان لە موسی دەکرد زۆر لە شتایان دەکۆڵیەوه و قەناعەتیان نەدەکرد بە ئایاتی تورات خوای گەوره چەند شتێکی لێ حەرام کردن هەروەکو دەفەرموێ: (فبظلم من الذین هادوا حرمنا علیهم طیبات احلت لهم) زانایان دەڵێن ئەو شتانەی خوای گەوره لێی حەرام کردن ماسی و گۆشتی ووشتر و بەزی ئاژەڵ و کارکردن لە رۆژی شەممە.

٧.وە لەو کارە گرنگانەی کە عیسای ﷺ بۆ رەوان کرابوو مزگێنی دان بەوەی (ملکوت السموات) نزیک بووە واتە شەریعەتێکی نوێ لە لایەن خواوە دێتەخواری بۆ سەر پێغەمبەرێك کە (محمد)ە ﷺ ئەمەش لە(آیة ١٥ لە ص ١٨ – سفر التثنیة) باسکراوە لە عهد القدیم کە مەسیحیەکان دەڵێن مەبەست لێرەدا عیسایە بەڵام لە راستیدا مەبەستی حەزرەتی (محمد)ە ﷺ چونکە لە مزگێنیەکەدا باسی شەریعەتی نوێ دەکات بەڵام دینی عیسا شەریعەتێکی نوێ نەبوو بەڵکو راستکردنەوەی عهد القدیم بوو کە گۆران کاری بەسەردا هاتبوو ناوی لێنرا عهد الجدید واتە یەك بەرنامەیە، بەڵام یەکێکیان عهد القدیم و دوای لادانی خەڵکی لێی و گۆرانکاری بەسەرهات و (عهدالجدید) هات و راستی کردەوە. بەڵام دینی محمدﷺ مەبەستە و عیسا هات و مزگێنی پێداو بێگومان عیسا کۆتایی پێغەمبەرەکانی بەنو ئیسرائیلیەکان بوو، کە ئێستا ١٩٩٩ سالە هیچ پێغەمبەرێکیتر لەوان نەهاتوە، کەواتە مەبەستی پێ محمد(ﷺ)ە. وە مەسیح مزگێنی دەدا بە وشەی : (النبی ومسیا و فارقلیط).کە تەرجومەی ووشەی (بیریکلتوس)ە. واتە ئەو کەسەی سوپاسی دەکرێ بە زمانی عەرەبی (احمد) کە یەکێکە لەناوەکانی پێغەمبەرﷺ.

ئەو ئینجلانەی ئێستا بڵاو دەکرێنەوە

ووشەی ئینجل: لە لای مەسیحیەکان واتە: ئەو روداوانەی کە بەسەر عیسادا هاتون و ووتە بەنرخەکانی عیسای تێدابوو مژدەی دەدا بەوەی هەرکەسێك باوەر بهێنێ پاداشتی بەهەشتە، وە باسی موعجزە و ئەو کارانە

دەكات كە لەعادەتی پەیدا نابن بەڵام لەسەر دەستی عیسا پەیدابوون وەكو زیندوكردنەوەی مردوان بەئیزنی خواو چاكردنەوەی نەخۆش و دروست كردنی باڵندە لە قور و پاشان فولێكردنی و دەبووە باڵندەیەكی زیندوو بەئیزنی خوا.. هتد. هەرچەند ژماری ئینجلەكان لە سەد رەت بووە بەلام كەنیسەی مەسیحی تەنها دان بەچواریان دەنێ:

١. متیٰ.

٢. مرقس.

٣. لوٗقا.

٤. یوحنا.

وە ئەم ئینجلانە لە سەردەمی عیسا نەنوسراون بەڵكو دوای عیسا هەندێك لەقوتابیەكانی یا قوتابی قوتابیەكانی هەڵسان بەنوسینی ئنجیل، وە ئەو چوارانەی كە لەهەموویان زیاتر باوەڕیان پێ دەكرێ هیچیان لەسەر زمانی عیسا وەرنەگیران بۆ زیاتر روون بونەوە:

ئینجیلی متیٰ: ئەو ئینجیلەی متیٰ نوسیویەتی لەلای مەسیحیەكان كۆنترین ئینجیلە بەڵام ئەویش متیٰ بەخۆی نەینوسیوە راستە متیٰ خۆی ئینجیلی نوسیبوو بەڵام گۆرانكاری زۆریان بەسەر دا هێنا و فەوتاندیان. چونكە تەواوی مەسیحیە كۆنەكان و زۆریش لە مەسیحیەكانی ئێستا لەسەر ئەوەن كە ئینجیلی متیٰ بەزمانی عیبرانی نوسرابوو، بەڵام ئەم نوسخەیە نەماوە، هەندێك پیری مەسیحی گۆرانكاریان بەسەردا هێنا و بەڵكو ئەوەی ئێستا هەیە تەرجومەكەیەتی، وە ناشزانن كێ

تەرجومەی کردوە. هەروەکو (جیروم) دانی بەم راستییە هێناوە کە یەکێکە لە مەسیحیە هەرە کۆنەکان وە بەرێز (جرجس زوین- لوبنانی) دەڵێ متیٚ بەشارەتەکەی خۆی واتە ئینجیلەکەی خۆی نوسی لە اورشلیم ساڵی (٣٩) هەروەکو قدیس (ابیفانوس) وای بۆ چووە. کە لە سەر داوای ئەو یەهودیانە نوسیوە کە بونەتە مەسیحی، یا وەلام دانەوی عیسا بوە واتە لەسەر داوای عیسا نوسیویەتی وە ئەم ئینجیلە بە یۆنانی نەنوسراوە بەڵکو بە عیبرانی نوسراوە لەسەر قسەی (اوسیبیوس) لە کتابەکەیدا نوسیویەتی و (اسیبیوس) و قدیس (ابرونیموس) یەک دەنگن کە (بانتیوس) چووەتە هیند لەوێ ئاینەی مەسیحی بڵاوبکاتەوە و ئینجیلێکی بەزمانی عبری لە نوسینی متیٚ دۆزیەوە، هێنایەوە ئەسکەندەریە پاراستیان تا ماوەیەك، بەلاَم لەناکاو بزر بوو، تەرجومەکەی بەزمانی یۆنانی پەیدا بوو، بەلاَم نەزانرا کێ تەرجەمەی کردوە.

ئینجیلی مرقس: (بطرس قرماج) لەکتابەکەی دەڵێ کەناوی (مروج الاخبار في تراجم الابرار)چاپی بیروت ساڵی ١٨٨٠ ز مرقس خۆی یەهودی بووە وەلاوی بووە، قوتابی بطرس بووە، لە ئیقلیمی (الخمس المدن) لەدایك بووە وە ئینجیلەکە دانا لەرۆمیەوە، وە مرقس دانی بەخوایەتی مەسیح دانەناوە لە ئینجیلی مرقسدا باسی مەسیح نییە وەك ئەوانیتر

بەخوایەتی وە لەساڵی (٦٨) لە بەندیخانە کوژرا بە دەستی بت پەرستەکان، وە نەصرانی‌یەکان جیاوازیان هەیە لەکاتی نوسینی ئەم ئینجیلە. وە خاوەنی کتابی (مرشد الطالبین) دەڵێ مرقس لەسەر داوای بطرس ئینجیلی نوسی لە ساڵی (٦١) بۆ سود گەیاندن بەخەڵکان و ئاگاداریان بە ئاین.

ئینجیلی لۆقا: دیسان مەسیحی‌یەکان اختلافیان لەم ئینجیلەشدا هەیە. لۆقا خۆی دکتۆرێك بووە لەشاری (انطاکیة). وە حەزرەتی مەسیحی نەدیوە وە ئاینی مەسیحی لەسەر دەستی (پولص) وەرگرتوە. وە ئەم (پولص)ە بەرێوەبەری بەندیخانەی پاشا بووە وە زۆر رەگەز پەرست بووە. دژی مەسیحیەکان، هەر چەندە ئەویش مەسیحی نەدیوە، زۆر خراپەی لەگەڵ مەسیحیەکان دەکرد، وە کە بیری کردەوە بەم رەگەز پەرستی‌یە هیچ زیانێك بە ئاینی مەسیحی و مەسیحیەکان ناگەیەنێ، ئەم جارە لەرێی فروفێڵەوە ... ووتی من کاتێك هۆشم لەخۆم نەبوو (صرع) گرتمی لە کاتێکدا مەسیح دەستی گەیاندە لەشی من و ووتی جارێکی‌تر زیان بەئومەتی من مەگەیەنە. جا بە گومانی خۆی لەو کاتەدا مەسیح پێی گوت برۆ لای مەسیحیەکان و ئامۆژگاریان بکە، ئەم ئینجیلەشی نوسی و توانی بەفروفێڵ دەست بەسەر کەنیسەدا بگرێ. وە هەر ئەو بوو

مەسیحیەکانی تـوش کرد کە دەست لـە ئـەرك و واجبـاتی خوا بدەن کە مەسح هێنـابووی، وە بۆی حەڵاڵ کردن کە گۆشـتـی مـردار و بـەراز بخـۆن و شـەراب و مسـکرات بخۆنـەوە. وای تێگـەیاندن کـە تـەنها بـاوەڕ بـوون بـە بێکـردەوە سـەریان دەخـات و دەیـان باتـە بەهەشت. وە نوسینی لۆقا بۆ ئینجیلەکەی دوای مرقس بوو، وە دوای مردنی (بطرس و بولص) بوو، وە لە سەرەتای ئینجیلەکەیدا دەڵێ من بە نامە ناردومە لای (ثاوفیلس) بۆ ئەوەی تـەئکید بکـات لەسـەر راسـتی ئـەم کەلامـە. کەواتـە ئینجیلەکـەی الهامی نـەبووە هـەروەك ئـەوان وا تێگەیشـتون، هـەروەك (مسـترکدل) وا دەڵێ وە (جیرۆم) دەڵێ زۆربـەی زانایـانی مەسیحی کۆن گومانیان هەیە لە بەندی یەکەم و دووەم وە ئـەم دوو بـەندە لـە نوسـخەی (مارسـیـون) نـەبووە، وە (اکهادن) لـە (١٠٩٥ز) لـە کتابەکەیدا دەڵێ : بەشـی (٤٣-٤٧) لە بەندی (٢٢) لە ئینجیلی لۆقا پێی وە نوساوە واتە بۆی زیاد کراوە. وە (اکهادن) دەڵێ لـە کتابەکـەی خۆیـدا ل(١٦١) زۆر درۆ و گێرانـەوە لـە نـاو معجزاتـی لۆقـا گێراوەیەتـەوە و تێکەڵاو بـووە، وە لۆقـا زۆر شـتی زیـادی نوسیوە کە متیٚ نەینوسیوە گەیشتۆتە زیاتر لـە بیست جێگا.

ئینجیلی یۆحەننا: زۆربەی مەسیحیەکان لەسەر ئەو رایەن یۆحەننا الانجیلی قوتابی مەسیح بووە یەکێك بووە لە دوانزە قوتابیـەکانی، باوکی ناوی (زبدی) الصیاد بووە، لە صیدا لە دایك بووە وە عیسا زۆری خۆشویستوە، جرجیـس زویـن فتوحـی لوبنانی دەڵێ: (شیرینطوس) و (ابیسون) و کۆمەڵەکەیان خەڵکیان وا فێر دەکرد کە مەسیح مرۆڤە و خوا نىيە لە پێش دایکی خۆی مەریەمە نەبووە، هەروەکو هـەندێکیان وا گومـان دەبـەن، جا بۆ ئەم مەبەستە لە سـاڵی (٩٦ز) رەوشــەنبیرەکانی ئاسـیا کۆبوونــەوە لــە لای (یوحنــا) داوایـان لێکـرد کـە دەربـارەی مەسـیح بنوسـێ و بـە شـێوەیەکی وا باسـی بکـات کـە ئـەوانیتر بـەو نوسـینە باسیان نەکردبێ ئەویش داواکەی ئەوانی جێبەجێکرد و ئەو ئینجیلەی نوسی، جا هـەندێك لـە مەسیحیەکان دەڵێن لـە ساڵی (٦٥ز) نوسراوە، هـەندێکی تـر دەڵێن لـە ساڵی (٩٦ز)، وە هـەندێکیتریش دەڵێن لە سـاڵی (٩٨ز) دا نوسراوە. وە زۆربەی زاناکانی مەسیحی دانیان بەوە دانەناوە کە ئەم ئینجیلە لـە دانـانی یوحـەننای قوتـابی عیسا ﷺ بێ جا لەبـەر ئـەوە (استادلن) لـە بـەرگی حەوتــەمی کتابەکــەی خۆیــدا لــە ســاڵی (١٨٨٤ز) نوسیویەتی وە (هرالد) هاوڕێی کاثولیك دەگێرێتەوە کە دەڵێ: تـەواوی ئینجیلی یوحـەننا لـە دانـانی قوتابیـەکی

قوتابخانەی اسکندریەیە. وە (برطشنیدر) دەڵێ: ئەم ئینجیلە و تەواوی نامەکانی لە دانانی یوحەننای قوتابی عیسا نییە، بەڵکو یەکێك لە قوتابییەکانی یوحنا نوسیویەتی لە سەرەتای سەدەی دووەم وە پاڵی داوە بۆ لای یوحەننا بۆ ئەوی خەڵك برەوی پێ بدات.

ئینجیلی بەرنابا

بەرنابا یەکێك بووە لە شوێن کەوتوانی مەسیح ﷺ ئاینی مەسیحی بڵاودەکردەوە وە مژدەی دەدا بەوەی کە (ملكوت السموات) واتە هاتنی ئاینێکی ئاسمانی نوێ نزیك بۆتەوە کە ئاینی ئیسلامە وە لە کتاب الاعمال ص١١و١٢و١٣و١٤و١٥ باسی بەرنابا دەکا کە پیاوێکی ئاین پەروەر بووە و خەڵکی فێری ئاینی مەسیحی کردوە و باوەر پێکراو بووە. جا بەرنابا ئینجیلێکی نوسیوە کە بریتییە لە روداوی عیسا ﷺ بە تەواوی بەڵام ئەویش وەکو ئینجیلەکانی تر سەنەد و دەرچوونی لە نوسەرەکەی دەبرێتەوە و نەیان گەیاندۆتە عیسا ﷺ وە قسەو گفتوگۆی زۆری لەسەر هەیە، رێگای مێژونوسانی تێکەڵاو کردوە، زانایان زۆر هەوڵیاندا هیچ چارەسەریان پێ نەدۆزرایەوە. وە نوسخەیەکی لە پەتوکخانەی پاپا (سکتس) هەبوو لە رۆما، وە یەکێك لە رۆشنبیرەکانیان چاوی پێکەوت و خوێندیەوە و بوو بە موسوڵمان کە ناوی (فرایمر) یا (فرامرینو) بوو لە کۆتایی سەدەی شانزەهەمدا. وە بەرێز (خلیل سعادە) وەرگێری ئینجیلی بەرنابا دەڵێ (نوسەری ئەم ئینجیلە -چونکە هەروەکو گوتمان بەرنابا خۆی نەینوسیوە-

یەهودی بووە زانیاری زۆری لەسەر ئاینی یەهودی هەبووە، پاشان بوو بە مەسیحی و زانیارییەکی زۆری پەیدا کرد و پاشان بوو بە موسوڵمان، چونکە بە راستی ئەم ئینجیلە رەوان بێژی جوانی تێدایە و ووشەکانی پڕ ماناو رێك و پێکن، وە راستی تێدا نوسراوە، هانی خەڵك دەدات بۆ چاکە و دورکەوتنەوە لە خراپە. بڵاوکەرەوەی شەرحی ئینجیلی بەرنابا بەڕێز (محمد رشيد رضا) لە پێشەکییەکەی دەڵێ: لە مێژووی مەسیحییەکان نەماندیتوە باسی ئینجیلی بەرنابا بکرێت تەنها پاپا (جلاسیوس)ی یەکەم لە کۆتایی سەدەی پێنجەم باسی کردوە لەو پەرتوکانەی کە خوێندنەوەیان قەدەغەیە یەکێك لەم کتابانە (ئینجیلی بەرنابا)یە، چونکە راستی تێدا باس کراوە بە راشکاوی باسی ئایینی ئیسلام و حەزرەتی (محمد ﷺ) دەکات، هەرچەند لە هەندێ شوێندا زیادە رەوی تێدایە. د. خلیل سەعادە لە پێشەکییەکەی دا دەڵێ: ئاشکرا بووە کە ئینجیلێکیتر هەبووە بە ناوی (الاغنطسی) کە لە پێشەکییەکەی باسی پاپا (بولص) دەکات و رەخنەی لێ دەگرێ لە کۆتاییەکەی هەروەکو ئینجیلی بەرنابایە. بەڵام شوێنەواریشی نەماوە و بزرکراوە و ئێستا نابینرێ، وا پێدەچێ کە نوسەری ئینجیلی (الاغنطسی) باوکی نوسەری ئینجیلی بەرنابا بێ.

الحواريون - قوتابیانی عیسا ﷺ

حوارییەکان هاورێ و قوتابی حەزرەتی عیسا بوون ﷺ یەکەم کەسانێك بوون باوەڕیان پێ هێنابوو، وە دەرسیان لەلای دەخوێند و

زانستی زۆریان لێ وەرگرتبوو، وە ئەم حواری‌یانە ژمارەیان دوانزە بوو، متیَ له ص١٠ دا ناویان دەبا و دەڵێ :

١. (سمعان) کە پیٚیان دەگوت بطرس.

٢. اندراوس برای سمعان بوو.

٣. (یعقوب) کوڕی زبدی.

٤. (یوحنا) برای یعقوب.

٥. (فلیبس).

٦. (برثولماوس).

٧. تۆما.

٨. (متیٚ العشار).

٩. (یعقوب) کوڕی حلفی.

١٠. (لباوس) کە پیٚیان دەگوت تداوس.

١١. (سمعانی قانونی).

١٢. یهوذای اسخریوطی.

وە بەرنابا لە بەندی چوارەم لە ئینجیلەکەی ناویان دەباو دەڵێ:

١. اندراوس.

٢. (بطرس صیاد= سمعان).

٣. بەرنابا

٤. متی عشار

٥. (یوحنا) کوڕی زبدی.

٦. یعقوب کوڕی زبدی.

٧. تداوس.

٨. يهوذا.

٩. (برثو الماوس).

١٠. فليبس.

١١. يعقوب كوڕی حلفی.

١٢. يهوذا اسخريوطی.

ئینجیلی بەرنابا ناوی (توما) و(سمعان الغيور) ناباو لە حواریەکان دایان ناێ.

جا ئەم دوانزە پیاوە یارمەتیدەری عیسا ﷺ بوون بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحیەت. وە خوای گەورە باسیان دەکات وە دەفەرموێ: ﴿ فَلَمَّا أَحَسَّ عِيسَىٰ مِنْهُمُ الْكُفْرَ قَالَ مَنْ أَنصَارِي إِلَى اللَّهِ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنصَارُ اللَّهِ آمَنَّا بِاللَّهِ وَاشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ۞ رَبَّنَا آمَنَّا بِمَا أَنزَلْتَ وَاتَّبَعْنَا الرَّسُولَ فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ ﴾ آل عمران ٥٢-٥٣، واتە لە کاتێکدا عیسا هەستی کوفری کرد لە ناو بەنو ئیسرائیلیەکان ووتی کێ ئاینی خوا سەردەخا و دەستی پێوە دەگرێ و خۆی لەپێناویدا بەخت دەکات ... لێرەدا ئەم حواریانە ووتیان ئێمە یارمەتی دەری ئاینی خواین و خۆمان لە پێناویدا بەخت دەکەین. باوەرمان بەخوا هێنا و تۆش ئەی عیسا شاهێد بە کە ئێمە موسوڵمانین. خوایە ئێمە باوەرمان هەیە بەوەی کە ناردوتە -مەبەستیان ئینجیل بوو- وە دوای پێغەمبەرەکەت کەوتین و لەگەڵ ئەو کەسانە بمان ژمێرە کە شاهێدن.

پێغەمبەران برای یەکترن و دینەکەشیان یەک دینە

جا لێرەدا تێبینییەك هەیە ئایا بۆ حەواریەکان ووتیان (ئێمە موسوڵمانین) لە راستیدا ئاینی هەموو پێغەمبەرێك ئیسلامە، بەڵام هەریەکە ناویان لە ناو ئەو گەلانەدا جیابووە کە بۆیان چوون. هەروەکو پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموێ: (الانبیاء اخوة ودینهم واحد) واتە پێغەمبەران هەموویان برای یەکترن و ئاینیان یەکە، کە ئاینی ئیسلامە.

شەیتان دەستی لە عیسا (ﷺ) نەداوە

پێغەمبەرمان (محمد ﷺ) دەفەرموێ (كل مولود حين يولد يمسه الشيطان الا مريم وابنها) واتە هەر منداڵێك کە لەدایك دەبێ شەیتان دەستی لێدەدات. تەنها مەریەمەی کچی عمران و کورەکەی کە عیسایە (ﷺ) وە بێگومان دەستی لە حەزرەتی محمدیش (ﷺ) نەداوە. بەڵام خۆی لەگەڵ حیساب نەکردووە. چونکە عادەتی نەبوە خۆی هەڵکێشێ و فەخر بەسەر خەڵکی بکات. ئەو نەك هەر دەستی لێنەداوە. بەڵکو شەیتانی ژێردەست کردبوو. هیچی پێنەدەکرا هەروەکو خۆی دەفەرموێ من شەیتانەکەم ژێر دەست کردوە هیچی پێناکرێ و دەستە وەستان ماوە.

بانگەوازی عیسا (ﷺ) بۆ شاری ئەنتاکیە

عیسا (ﷺ) بانگەوازی خەڵکی دەکرد بۆ سەر ئاینەکەی کە دوای موسا (ﷺ) هاتبوو. دەشی ووت من تەورات بە راست دەزانم وە موساش (ﷺ)

پێغەمبەری خوایە. بەڵکو ئاینی عیسا ﷺ لە بنەڕەت و ئەحکامەکانی هەر هەمان ئاینی موسا بوو ﷺ تەنها چەند گۆڕانکاریەکی بچووکی بەسەردا هات بە فەرمانی خوای گەورە. ئینجا لەم بانگەوازەدا عیسا ﷺ ڕۆژێکیان دوو قوتابی خۆی دەنێرێتە شاری ئەنتاکیە بۆ بانگ کردن بۆ سەر ئاینی مەسیحی و ئەوانیش باوەڕیان پێ نەهێنان و عیسا ﷺ بۆ بەهێزکردنی بانگەوازەکە قوتابیەکی تریشی رەوان کرد و یارمەتی دوو براکەی تری دەدا. هەروەکو خوای گەورە ئەم باسەمان بۆ دەگێڕێتەوە لە سورەتی (یس) دەفەرموێ: ﴿ وَاضْرِبْ لَهُمْ مَثَلاً أَصْحَابَ الْقَرْيَةِ إِذْ جَاءَهَا الْمُرْسَلُونَ ۞ إِذْ أَرْسَلْنَا إِلَيْهِمُ اثْنَيْنِ فَكَذَّبُوهُمَا فَعَزَّزْنَا بِثَالِثٍ فَقَالُوا إِنَّا إِلَيْكُمْ مُرْسَلُونَ ﴾ بەڵام خەڵکی شارەکە باوەڕیان نەهێنا و بە نێردراوەکانی عیسایان ووت ئێوە درۆ ئەکەن هیچ فەرمانێك لەلایەن خوای گەورە نەهاتوتە خوارەوە. ﴿ قَالُوا مَا أَنْتُمْ إِلَّا بَشَرٌ مِثْلُنَا وَمَا أَنْزَلَ الرَّحْمَنُ مِنْ شَيْءٍ إِنْ أَنْتُمْ إِلَّا تَكْذِبُونَ ﴾ واتە ئێوەش وەکو ئێمە مرۆڤن و خوا ئێوەی نە ناردوە و درۆ دەکەن ئەوانیش ووتیان خوای گەورە دەزانێ کە ئێمە بۆ بانگەوازی خوا هاتوین و ئێمەش تەنها ئەوەمان لەسەرە کە پێتان رابگەیەنین بەندایەتی خوا بکەن و باوە بهێنن بەخوا و ڕۆژی دوایی... هتد.

ئینجا خەڵکەکە ووتیان ئەی نێردراوەکانی عیسا ﷺ بە ڕاستی ئێوە زۆر شومن و ئێمە لەبەر ئێوە توشی نەگبەتی هاتین. ﴿ قَالُوا إِنَّا تَطَيَّرْنَا بِكُمْ لَئِنْ لَمْ تَنْتَهُوا لَنَرْجُمَنَّكُمْ وَلَيَمَسَّنَّكُمْ مِنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ واتە

ووتیان ئێمە لەبەر ئێوە توشی نەگبەتی هاتین و ئەگەر وازنەهێنن بەردە بارانتان دەکەین و ئازاری توندتان دەدەین. ئەوانیش وەلامیان دانەوە و ووتیان: ﴿ قَالُوا طَائِرُكُمْ مَعَكُمْ أَئِنْ ذُكِّرْتُمْ بَلْ أَنْتُمْ قَوْمٌ مُسْرِفُونَ ﴾ واتە ئێوە نەکبەتیتان لەگەڵ خۆتان دایە بەوەی بەندایەتی بۆ یەکێك جگە لە خوا ئەکەن و خەڵکێکی تاوانبارن. ئینجا مرۆڤێك بەناو (حبیب النجار) لەو سەری شارەوە هات و لە سەرەتاوە باوەی هێنابوو، بەلام لەبەر خەڵکەکە نەدەوێرا ئاشکرای بکات، ئینجا خوای گەورە بەسەرهاتی ئەم مرۆڤەمان بۆ دەگێرێتەوە و دەفەرموێ: ﴿ وَجَاءَ مِنْ أَقْصَا الْمَدِينَةِ رَجُلٌ يَسْعَى قَالَ يَا قَوْمِ اتَّبِعُوا الْمُرْسَلِينَ ۞ اتَّبِعُوا مَنْ لَا يَسْأَلُكُمْ أَجْرًا وَهُمْ مُهْتَدُونَ ۞ وَمَا لِيَ لَا أَعْبُدُ الَّذِي فَطَرَنِي وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ۞ أَأَتَّخِذُ مِنْ دُونِهِ آلِهَةً إِنْ يُرِدْنِ الرَّحْمَنُ بِضُرٍّ لَا تُغْنِ عَنِّي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئًا وَلَا يُنْقِذُونِ ۞ إِنِّي إِذًا لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ ۞ إِنِّي آمَنْتُ بِرَبِّكُمْ فَاسْمَعُونِ ۞ قِيلَ ادْخُلِ الْجَنَّةَ قَالَ يَا لَيْتَ قَوْمِي يَعْلَمُونَ ۞ بِمَا غَفَرَ لِي رَبِّي وَجَعَلَنِي مِنَ الْمُكْرَمِينَ ۞ وَمَا أَنْزَلْنَا عَلَى قَوْمِهِ مِنْ بَعْدِهِ مِنْ جُنْدٍ مِنَ السَّمَاءِ وَمَا كُنَّا مُنْزِلِينَ ۞ إِنْ كَانَتْ إِلَّا صَيْحَةً وَاحِدَةً فَإِذَا هُمْ خَامِدُونَ ۞ يَا حَسْرَةً عَلَى الْعِبَادِ مَا يَأْتِيهِمْ مِنْ رَسُولٍ إِلَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ ﴾ یس ١٣-٣٠.

موعجیزەکانی حەزرەتی عیسا ﷺ

موعجیزە: واتە کردنی کارێك کە لە عادەت روی نەدابێ و مرۆڤی ژێریش دانی پێدا نەهێنێ. هەروەکو خوای گەورە بە هۆی ئەم موعجیزانەوە بەخەڵك دەڵێ: (صدق عبدي فيما يبلغ عني) واتە بەندە راست دەکات لەهەر شتێك کە لەلایەن منەوە پێتان رادەگەیەنێ، واتە ئەم پێغەمبەر راست گۆیە لە گوتار و کردندا. ئینجاهەر کارێك لە عادەتدا روو نەدات لەسەر دەستی پێغەمبەران روویدات پێی دەگوترێت موعجیزە ئەگەر داوای پێغەمبەرایەتی لەگەڵ بوو، بەڵام ئەگەر داوای پێغەمبەرایەتی لەگەڵ نەبوو بەڵکو پیاوێکی چاك بوو ئەوە پێی دەگوترێت (کرامەت) بەڵام ئەگەر پیاوێکی خراپ بوو ئەوا پێی دەگوترێت (استدراج) واتە لەلایەن پەری و شەیتانەکان ئەم کارەی بۆ ئەنجام دەدرێ. جا حەزرەتی عیسا ﷺ وەك پێغەمبەرانی‌تر موعجیزەی هەن، بۆ نمونە:

١. دەستی بەسەر هەر نەخۆشێکدا بهێنایە ئەگەر نەخۆشییەکە گولی و بەڵەکیش (جذام و برص) بوایە هەر شیفای دەدا و چاك دەبوەوە بە ئیزنی خوا.

٢. شێوەی باڵندەی لە قوڕ دروست دەکرد لە لایەن خوای گەورە روحی دەهاتە بەر و هەڵ دەفری.

٣. بە مردووی بگوتبایە هەڵسە و زیندوبەوە هەڵدەستایەوە و زیندو دەبوەوە بە ئیزنی خوا.

٤. بە خەڵکی دەگوت ئێوە لە ماڵەوە فلاَن زاد و زەخیرەتان هەیە خەڵکەکەش سەریان دەسورما چۆن ئەمەی زانی. وە جیاوازی خەبەردانی پێغەمبەران

(عليهم السلام) بە شتی بزر و نادیار لەگەڵ خەبەردانی جادوگەر و سیحربازەکان ئەوەیە کە پێغەمبەران (عليهم السلام) خەبەر دەدەن بەبێ ئەوەی پشت بە هیچ شتێك ببەستن تەنها خوای گەورە نەبێت بەڵام جادوگەرەکان پشت دەبەستن بە ئەستێرەگەری یا پەری یا هەندێ مرۆڤی درۆزن.

بەڵام عیسا ﷺ ئەمانەی لە خۆیەوە نەزانیوە، چونکە هیچ پێغەمبەرێك زانستی غەیبی نی‌یە بەڵکو لەلایەن خواوە ئیزنی پێدرابوو وە فێکرابوو بۆ چەند مەبەستێك کە گرنگترینیان ئەوەیە ئەوانەی باوەڕیان بە پێغەمبەرایەتی عیسا ﷺ نەبوو باوەڕی پێ بکەن و سەردانەوێنن، خوای گەورە دەفەرموێ دەربارەی عیسا ﷺ: ﴿ وَرَسُولًا إِلَىٰ بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنِّي قَدْ جِئْتُكُم بِآيَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ أَنِّي أَخْلُقُ لَكُم مِّنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِ اللَّهِ وَأُبْرِئُ الْأَكْمَهَ وَالْأَبْرَصَ وَأُحْيِي الْمَوْتَىٰ بِإِذْنِ اللَّهِ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمْ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ۞ وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَلِأُحِلَّ لَكُم بَعْضَ الَّذِي حُرِّمَ عَلَيْكُمْ وَجِئْتُكُم بِآيَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ ۞ إِنَّ اللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ هَٰذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴾ آل عمران ٤٩-٥١. واتە عیسامان ﷺ رەوان کرد بۆ لای بەنو ئیسرائیلی‌یەکان ووتی من بە بەڵگە هاتومە ناوتان و لەلایەن خواوە بەڵگەم پێ‌یە، کەوا شێوەی باڵندە لە قوڕ دروست دەکەم وە فووی لێ دەکەم و دەبێتە باڵندەیەکی تەواو بە ئیزنی خوا. وە نەخۆشی (الألی

و گولی و بەڵەکی) چاك دەكەمەوە و مردوو زیندوو دەكەمەوە بە ئیزنی خوا وە دەزانم و پێتان رادەگەیەنم کە چ دەخۆن و چ هەڵ دەگرن لەماڵەوەتان وە ئەمەش بەڵگە و دەلیلە بۆ ئێوە ئەگەر باوەڕتان هەیە، راستی تەورات بە گرنگ دادەنێم و هەندێك لەو شتانەی لێتان قەدەغە كرابوو بۆتان حەلاڵ دەكەم بە ئیزنی خوا ... وە ئایەتیتریش هەن لەسەر ئەو موعجیزە و بەڵگانەی کە حەزرەتی عیسا ﷺ هێناویەتی.

حیکمەت چیبوو لەو جۆرە موعجیزانە[1]

خوای کاربەجێ بۆ هەر پێغەمبەرێك چەند موعجیزەیەکی داناوە هەروەکو لە باسی موعجیزەکاندا باسمان کرد. جا موعجیزەی هەر پێغەمبەرێك بە گوێرەی زانستی ئەو سەردەمە بووە و لەو کاتدا چ جۆرە زانستێك لە باو بوایە خوای گەورە موعجیزەی پێغەمبەرەکەی بە گوێرەی ئەم زانستی سەردەمە دەنارد. بۆ نموونە: لەو کاتەدا کە خوای گەورە حەزرەتی موسای ﷺ رەوان کرد زانستی جادوگەری (سحر) زۆر لە باو بوو جا ئەگەر خوای گەورە لەو کاتەدا قورئانی بناردایە کە پڕیەتی لە بەلاغەت و شتی تر لەو باوەڕەدانیم خەڵکەکە باوەڕی بهێنابوایە لەبەر ئەوە خوای گەورە چەند موعجیزەیەکی دایە دەست حەزرەتی موسی ﷺ کە شایەنی ئەو کات بوو وە نزیك بوو لەو زانستەی کە خەڵکی حەزی لێ بوو، ئەوە بوو حەزرەتی موسی ﷺ گۆچانەکەی فڕێدەدا و دەبوە ئەژدیها یا دەستی لەناو باخەڵی دەناو دەری

1 کتێبی (التفسیر المنیر) د. وهبة الزحیلي.

دەهێنا دەبوە گڵۆپێکی بە شەوق. وە لەو کاتەی خوای گەورە حەزرەتی محمدی ﷺ رەوان کرد زانستی رەوان بێژی و بەلاغەت و هونەری زمان لە باو بوو هەر لەبەر ئەوە خوای گەورە ئەم قورئانەی رەوان کرد کە پریەتی لە بەلاغەت و رەوان بێژی هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴾ بقرة ٢٣. واتە ئەی ئەو کەسانەی بەرهەڵستی محمد ﷺ دەکەن ئەگەر گومانتان هەیە لەم قورئانە دە فەرمون ئێوە تەنها یەك سورەت بڵێن وە بە هاوکاری خواکانتان کە جگە لە خوا دەیان پەرستن کە بتەکانن ئەگەر راست دەکەن. وە لە کاتی ناردنی حەزرەتی عیسا ﷺ زانستی پزیشکی زۆر لەباو بوو هەموو جۆرە نەخۆشییەکیان چارەسەر دەکرد لەبەر ئەوە خوای گەورە حەزرەتی عیسای ﷺ رەوان کرد و موعجیزەکانیشی کردە زانستی پزیشکی و بە جۆرێکی وا کە نەخۆشی وا چارەسەر بکات کە پزیشکەکانی تر پێیان چارەسەر نەکرێت کە دەردی مردن و نەخۆشی کوێر و گولی و بەڵەك بوو ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەو پەری کاربەجیێی خوای گەورە کە یەکێك لە ناوەکانی (حکیم)ە واتە کاربەجێ.

موعجیزەکان لە ئینجیلدا

ئینجیلەکان هەندێکیان لەو موعجیزانە باس کردوە.

١.مەتێ: ص٨ (٢) (واذا ابرص قد جاء وسجد له قائلاً یاسید ان اردت تقدر ان تطهرنی فمد یسوع یده ولمسه قائلاً ارید فاطهر وللوقت طهر برصه).

وە لۆقا باسی کردوە ص ٥-١٢.

٢.متیٰ: ص٨ (٥) (ولما دخل يسوع (كفر ناحوم) جاء اليه قائد مائة يطلب اليه (٦) ويقول ياسيد غلامى مطروح في البيت مفلوجا متعذبا جدا (٧) فقال يسوع انا اتى واشفيه (٨) فأجاب قائد المائة وقال ياسيد لست مستحقاً ان تدخل تحت سقفى لكن قل كلمة فقط فيبرأ غلامي (٩) ثم قال يسوع لقائد المائة اذهب وكما امنت ليكن لك فبرأ غلامه في تلك الساعة).

وە ئەم باسە لۆقاش باسی کردوە بەڵام گۆرانکاریەکی کەمی هەیە.

٣.متیٰ: ص٨ (٢٣) (ولما دخل السفينة تبعه تلاميذه (٢٤) واذا اضطراب عظيم قد حدث في البحر حتى غطت الامواج السفينة وكان هو نائماً (٢٥) فتقدم تلاميذه وايقظوه قائلين يا سيد نجينا فانا نهلك (٢٦) فقال لهم ما بالكم يا خائفين يا قليلي الايمان ثم قام وانتهر الرياح والبحر فصار هدوء عظيم.

کاتێك عیسا ﷺ چوە ناوکەشتی و قوتابیەکانی لەگەڵی سواربون و شەپۆڵەکانی دەریا کەشتیەکەی هێنا و برد و هەڵی کردە با و باران و زۆر ترسان وە لەو کاتەدا عیسا ﷺ خەوتبوو هەموویان بەیەکەوە چونە لای عیسا ﷺ و لەخەو هەڵیان ستاند و هاواریان کرد گەورەمان رزگارمان بکە، ئەویش بە ئاگا هات و ووتی چیتانە ئەی ترسنۆکەکان ئەی باوەڕ کەمەکان ... هەڵسایە پێ و با و بارانەکە وەستا.

وە متیٰ ص٨ (٢٨) وص٩ (١) وص ٩(١٨-٣٦) وە زۆری تریش.

ڕووداوی خوان (المائدة)

له ئینجلی متیّ ص (١٤) ف ١٥: کاتێك که ئێواره داهات هەندێك له قوتابیانی یسوع چونه لای ووتیان لێره هیچ خواردنێك نی یه وه کاتیش درەنگه رێگای خەڵك بده بچنه ئەم گوند و دێهاتانه نان بکرن، یسوع ووتی نایەوێ بچن نان بکرن ئێوه بیان دەنێ. ووتیان ئێمه تەنها پێنج نان و دوو ماسیمان پێیه بەشی ئەم خەڵکه ناکات، ئەویش ووتی بیهێنن، که هێنایان به خەڵکی ووت ئێوه دانیشن رووی کرده ئاسمان و پێنج نانەکه و دوو ماسی یەکەی هەڵگرت و دوعای کرد، ئینجا فەرموی وەرن نان بخۆن هەموویان تێر نانیان خوارد و ئەوەی زیاد بوو هەڵیان گرت، ژمارەی پیاوەکان پێنج هەزار کەس بوو جگه له ئافرەت و منداڵ. ئەم ڕووداوه له قورئانی پیرۆزدا باس کراوه، خوای گەوره دەفەرموێ: ﴿ إِذْ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ أَنْ يُنَزِّلَ عَلَيْنَا مَائِدَةً مِنَ السَّمَاءِ قَالَ اتَّقُوا اللَّهَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ ۞ قَالُوا نُرِيدُ أَنْ نَأْكُلَ مِنْهَا وَتَطْمَئِنَّ قُلُوبُنَا وَنَعْلَمَ أَنْ قَدْ صَدَقْتَنَا وَنَكُونَ عَلَيْهَا مِنَ الشَّاهِدِينَ ۞ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا أَنْزِلْ عَلَيْنَا مَائِدَةً مِنَ السَّمَاءِ تَكُونُ لَنَا عِيدًا لِأَوَّلِنَا وَآخِرِنَا وَآيَةً مِنْكَ وَارْزُقْنَا وَأَنْتَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ ۞ قَالَ اللَّهُ إِنِّي مُنَزِّلُهَا عَلَيْكُمْ فَمَنْ يَكْفُرْ بَعْدُ مِنْكُمْ فَإِنِّي أُعَذِّبُهُ عَذَابًا لَا أُعَذِّبُهُ أَحَدًا مِنَ الْعَالَمِينَ ﴾ المائدة ١١٥. واته حەواریەکان -قوتابیەکانی عیسا- ووتیان ئەی عیسای کوڕی مریم ئایا خوای تۆ دەتوانێ (خوانێکی نان

خواردن) بۆمان بنێرێته خوارەوە عیسا ﷺ ووتی لە خوا بترسن و ئەم داوایانە مەکەن. ئەوانیش ووتیان دەمانەوێ لێی بخۆین و دڵمان زیاتر پڕبێ لە باوەڕ و ئیمان وە بەڵگەش بێ لەسەر راست گۆیی تۆ ئینجا عیسا ﷺ رووی کردە خوای گەورە ووتی خوایە گیان خوانێکی نان خواردنمان بۆ رەوانە بکە بۆمان بکە جەژن بۆ سەرەتا و کۆتایی ئومەتەکەم وە رزقمان بدەری تۆ باشترین رزق دەری. خوای گەورەش فەرمووی من لە بۆتان رەوان دەکەم بەڵام دوای رەوانە کردنی ئەم (خوانە) و دیتنی ئەم موعجیزەیە هەرکەسێك باوەڕ نەهێنێ بە شێوەیەك ئازار و ئەشکەنجەی دەدەم کە هیچ کەسێکم وا ئازار نەدابێ لە دونیا و لە قیامەتدا. وە زانایان دەڵێن (لا اعذبه احدا من العالمین) مانای وایە ئەوانەی دوای نان خواردنەکە باوەڕیان نەهێنا و ووتیان ئەمە سیحرە هەموویان بوون بە بەراز و لە مرۆڤایەتی دابڕان. هەندێك لە زانایان دەڵێن: دوای ئەوەی خوای گەورە فەرمووی هەرکەسێك دوای نان خواردن باوەڕ نەهێنێ بەم جۆرە ئازاری دەدەم ووتیان با خوانەکە نەیەتە خوارەوە و لەو داواکەیان پەشیمان بوونەوە نەوەك توشی ئەم سزایە بێن، بەڵام باسی ئینجیل و پێنج نان و دوو ماسییەکە لەگەڵ ئەم باسە کە خوای گەورە نەك لە ئاسمانەوە سفرە و خوانێکی رەوان کردبێت بەڵکو لەسەر دەستی حەزرەتی عیسا ﷺ بەرەکەتی خستە ناو خواردن ئەمەش هەرهاتنە خوارەوەیە لەلایەن خواوە. وە درێژەی ئەم باسە لە تفسیری (روح المعانی ج٢ ص٤١٠ باس کراوە.

حەزرەتی عیسا ﷺ زۆر موعجیزەی تری هەبووە وەکو رۆیشتن لەسەر ئاو و نیشتنەوەی شەپۆلی دەریا و ...هتد.

ئایا راستە عیسا ﷺ کوژراوە؟

جولەکە و گاورەکان دەڵێن ئێمە عیسامان کوشت و لەسەر خاچ (صلیب) هەڵمان واسی، پاشان پیاوێك بە ناوی یوسف چوو داوای لە مەلیك کرد کە عیسا ﷺ بنێژن بەڵام سەیری ئەم رووداوە بکەن لە قورئان و بەراوردی بکەن لەگەڵ ئینجیل.

دوای ئەوە عیسا ﷺ کهنە و فریسیەکانی بێچارە کرد و توانای عیسایان نەبوو لە زانست و بەڵگە هێنانەوە و خەڵکی زۆر وازیان لە گاورەتی هێنا و بونە شوێن کەوتووی مەسیح ﷺ چونە لای والی شکایەتیان کرد و شتی وایان هەڵبەست کە عیسا ﷺ لێی دوور بوو، ووتیان ئەم پیاوە (مەسیح) دەڵێ من مەلیکی یهودیەکانم ئەوانیش جگە لە قەیسەری رۆمیە دانیان بە هیچ پاشایەکیتر نە دەنا. والیش جەماعەتێکی نارد و لەگەڵیاندا (یهوذای اسخریوطي) رێنیشانی بۆ کردن و عیسایان ﷺ گرت و بردیانە لای والی، بەڵام لەو کاتەدا کە جەماعەتی والی هاتن خوای گەورە شێوەی عیسای ﷺ خستە سەر (یهوذا) واتە هەر کەسێ یهوذای بدیتایە هیچ گومانی نەبوو کە ئەوە عیسایە ئینجا بردیان لەسەر خاچ (صلیب) کوشتیان پاشان لەکاتی نان خواردن تەماشایان کرد هاوەڵێکیان دیار نیيە، سەیریان کرد (یهوذاي اسخریوطي) دیار نیيە کە چونە دەرەوە ئەبینن یهوذا لەسەر خاچ کوژراوە و مەسیحیش دیار نیيە. خوای گەورە مەسیحی بەرز کردبووەوە بۆ ئاسمانەکان....

زانای گەورە (حافظ ابن کثیر) دەڵێ: (دوای ئەوەی مەسیح زانی کە دەیگرن و ئازاری دەدەن، داوای لە قوتابیەکانی کرد کە یەکێکیان لە جیاتی

ئەو بچێ خۆی بە قوربانی عیسا (عليه السلام) بکات و جێگای بەهەشت دەبێ و پاداشتی زۆر لە لایەن خوای گەورە وەردەگرێ بەڵام هیچیان ئامادە نەبوون تەنها یەکێکیان نەبێت. کە لەشکری والی هات خوای گەورە شێوەی مەسیحی خستە سەر ئەم قوتابیە کە ئامادە بوو لەجیاتی مەسیح لەگەڵیان بچێت. ئەویان برد و وایان زانی مەسیحە و کوشتیان لەسەر خاچ). بەڵام زۆربەی زانایان لەسەر ئەو رایەن کە ئەوەی کوژرا یهوذای اسخریوطي بوو. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا وَجَاعِلُ الَّذِينَ اتَّبَعُوكَ فَوْقَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأَحْكُمُ بَيْنَكُمْ فِيمَا كُنْتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ﴾ [1] آل عمران ٥٥.

---

١ ووشەی (متوفيك ورافعك اليَّ) هەشت مانای لێ دراوەتەوە کە ئەمانەن:

١. راستربنیان بە (تقديم و تأخير) واتە ووشەی رافعك پێشان هاتۆتە جێ و ووشەی متوفيك لە دوا رۆژدا دێتە جێ. چونکە خوای گەورە دەفەرموێ ﴿وَإِنْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ إِلا لَيُؤْمِنَنَّ بِهِ قَبْلَ مَوْتِهِ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكُونُ عَلَيْهِمْ شَهِيداً﴾ نساء ١٥٩. واتە هەرچی خاوەنی پەرتوکی ئاسمانی بێت لەو کاتەی عیسا (عليه السلام) دێتە خوارەوە هەموویان باوەری پێ دێنن و شوێنی دەکەون، وە رۆژی دوای عیسا (عليه السلام) شاهێدیان بۆ دەدات.

٢. مەبەست لە (متوفيك) ئەوەیە چونکە خەو مردن بەیەکتری دەگوترێت. واتە بەمردوو دەگوترێ خەوتو . بەخەوتوش دەوترێ مردوو.

٣. واتە من تۆ دەمرێنم جا کاتەکەی دیار نییە. لەوانەیە لە دوای دابەزینی کۆتایی زەمان بێت. کە ئاینی ئیسلام بلاو دەکاتەوە چل سال دەمێنێتەوە.

٤. واتە وەکو مردوەکانت لێ دەکەم. ئینجا بەرزت دەکەمەوە.

٥. واتە من روح و لەشت دەمرێنم. بەمەستیش واتە چۆن ئەگەر روح لە لەش جودا بوەوە بەرزدەبێتەوە. تۆش ئاوا بەرزدەکەینەوە.

٦. مەبەست کۆتایی هێنان بە کردەوەکانی سەر زەوییە.

واته خوای گەورە فەرمووی ئەی عیسا ﷺ من تۆ دەمرێنم وە بەرزت دەکەمەوە بۆ لای خۆم وە دەت پارێزم لە دەست دوژمنان و شوێن کەوتوانی تۆ هەردەم بەرز و بەرێزن تا ڕۆژی دوایی، من حوکم لە نێوان ئێوە و دوژمنانتان دەکەم. وە دەفەرموێ: ﴿ وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَٰكِن شُبِّهَ لَهُمْ ۚ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ ۚ مَا لَهُم بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا اتِّبَاعَ الظَّنِّ ۚ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا ۞ بَل رَّفَعَهُ اللَّهُ إِلَيْهِ ۚ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴾ النساء ١٥٧-١٥٨. واتە قسەی گاور و جولەکەکان کە دەڵێن ئێمە مەسیحمان کوشتوە کە عیسای پێغەمبەری خوایە بەڵام نەیان کوشتوە وە لەسەر خاچ دایان نەنابوو بەڵکو بە گومان یەکێکیان برد و کوشتیان کە شێوەی عیسای لەسەر بوو -یهوذاي اسخريوطي-بوو. وە ئەو کەسانەی ڕاڕایی لەسەر عیسا ﷺ دەکەن وە هەندێکیان دەڵێن کوڕی خوایە و هەندێکیان دەڵێن سیحرە، ئەوانە لە گوماندان عیسایان ﷺ نەناسیوە و زانستیان دەربارەی عیسا ﷺ نییە بەڵکو عیسا ﷺ بەندەی خوایە و هەڵبژاردەیە بۆ ئاگادار کردنەوەی خەڵکی. وە با بە یەقین و تأکید بزانن نەیانکوشتوە و عیسا ﷺ هەر ماوە و هەر زیندووە، بەڵکو خوای

٧. واتە من تۆ دەمرێنم. هەر کاتێک بێت و کافرەکان ناتوانن تۆ بکوژن. مەبەست دڵنیاکردنەوەیە کە ناتوانن ئازارت بدەن.

٨. ئەم ئایەتە کنایەتە لە پاکی عیسی و پاراستنی لە دوژمنان. هەر وەکو خوای گەورە دەفەرموێ: ومكروا ومكر الله والله خير الماكرين. واتە: ئەوان فێڵ دەکەن و خواش فێڵ دەکات. بەڵام فێڵی خوا فێڵەکەیان هەڵدەوەشێنێتەوە وە خوای گەورە بە فێڵی هەموو کەسێک ئاگادارە.

گەورە بەرزی کردەوە بۆ لای خۆی و خوای گەورە (عزیز)ە واتە لەموڵکی خۆیدا سەربەستە و بە دەستەڵاتە. وە (حکیم)ە واتە هەر کارێك بکات سودی خۆی هەیە نهێنی زۆری لە پاڵدا هەیە.

حەزرەتی عیسا ﷺ لە سێبەری ووتە پیرۆزەکانی پێغەمبەردا ﷺ

لە ئەبو هریرە ﷺ دەگێرنەوە کە گوێی لە پێغەمبەر ﷺ بووە فەرمویەتی: (والّذي نفسي بيده ليوشكن أن ينزل فيكم ابن مريم حكما عدلاً فيكسر الصليب ويقتل الخنزير ويضع الجزية ويفضي المال حتى لا يقبله احد وحتى تكون السجدة خير له من الدنيا وما فيها) واتە سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە کە خوای گەورەیە، زۆر نزیکە عیسای کوری مریم ﷺ بێتە خوارەوە و بێتە ناوتان حاکمێکی عەدلە و خاچ (صلیب) دەشکێنێ و بەراز دەکوژێ و جزیە و خەراج لەسەر خاوەن ئاینەکان دادەنێ و ماڵ بە سەر خەڵکی دابەش دەکات هەتا خەڵکی ئەوەندە دەوڵەمەند دەبێ کەس پارە وەر ناگرێ و تا وای لێدێت خەڵکی ئەوەندە خۆشیان دەوێت ئەگەر کرنۆش (سجدة) بۆ ببەن پێیان باشترە لە دنیا و هەرچی گەنج و خەزێنەی لە زەویدا هەیە. هەروەها دەفەرموێ: عیسای کوری مریم دێتە خوارەوە وخاچ دەشکێنێ و پێش نوێژی بۆ خەڵکی دەکات و ماڵ دەبەخشێ و کەس وەریناگرێ لەبەر دەوڵەمەندی باج لەسەر خاوەن ئاینەکانی‌تر دادەنێ و لە (روحاء) کە جێگایەکە دادەبەزی و حەجی ماڵی خوا دەکات ...

وه دهفـهرموێ: پێغهمبـهران بـرای یـهكترن بـهڵام دایكیـان جیـان. وه ئاینیان یهكه كه ئاینی ئیسلامه وه من له ههموو كهسێك نزیكترم له عیسای كـوری مهریـهم چونكـه ئـهو پێغهمبـهره و منیـش پێغهمبـهرم وه هیـچ پێغهمبهرێك له نێوانماندا نییه، وه دادهبهزێته سهر زهوی نیشانهكانی ئهگهر دیتان بیناسن پیاوێكی نه كورت و نه درێژه بهرز و سوور و سپییه، دوو بهرگی لهبهردایه رهنگیان بهلای زهرد دایه سهری نم نم ئاوی لێدێته خوارێ كهچی تهریش نهبووه، زۆر پاك و خاوێنه هـهروهكو بلێی ئێستا لـه حـهمام هاتۆته دهرهوه ئهوجا خاچ دهشكێنێ و بهراز دهكوژێ و باج لهسـهر خـاوهن ئاینهكانیتر دادهنێ و خهڵك بانگ دهكات بۆ سهر ئاینی ئیسلام. وه خوای گـهوره لـه سـهردهمی ئـهودا گشت ئاینـهكانیتر لـهناو دهبات تـهنها ئـاینی ئیسلام كه عیسا ﷺ بڵاوی دهكاتهوه و لهسهر دهستی ئهو (مسیح الدجال) دهكـوژرێ و ئـاژاوه لهسهرانسـهری زهوی نـامێنێ و خۆشـی و ئاسـایش دهگێرێتهوه، تا وای لێ دێت شێر و ووشتر به یهكهوه دهلهوهڕێن و پڵنگ و مانگا بهیهكهوه دهلهوهڕێن و گـورگ و مـهر بهیهكـهوه دهلـهوهڕێن وه منـاڵان یـاری لهگـهڵ مـار دهكـهن و لێیـان ناترسـن و زهرهریـان پـێ ناگهیـهنێ.[1] ههمووشی لهبهر بهرهكهتی ئهم زاته پیرۆزهیه، ئینجا چل ساڵ لهسهر زهوی دهمێنێتهوه پاشان وهفات دهكات و دهمرێت موسوڵمانانیش نوێژی لهسهر دهكهن. وه پرسیار له زانای بهرێز (محمد رشید رضا) كرا دهربارهی دهجال و هاتنی عیسا ﷺ و كوشتنی دهجال.

---

١ چونكه ههریهك لهم درندانه دوژمنی ئهم ئاژهڵهیه كه لهگهڵی بهستراوهتهوه.

فـەرموی: دەجـال: واتـە فیتنـە و ئاشـوبەو ناخۆشـی، وە کوشـتنی بەدەستی عیسا ﷺ واتە عیسا دەبێتە پیاوچاکێکی کۆمەڵایەتی (مصلح اجتماعی) ئـەم شـەر و شـۆر و ناخۆشـییە نایەڵێ و چاکی دەکات. بـەڵام زۆربەی زانایان لەسەر ئەو رایەن کە دەجال پیاوێکی کوێرە و لە کۆتـایی زەماندا دێت و فیتنـە و ئاشوب دروست دەکات و خوێن دەرێژێ و خـوای گەورەش حەزرەتی عیسا ﷺ دەنێرێت و شەر لەگەڵ دەجال دەکات و لـە ناوی دەبات. وە کە لە ووتەی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە دەفەرموێ: ئاو لەسـەری عیسا ﷺ دەبارێت: زانایان دەڵێن ئـەوە نیشـانەی ئەوەیـە کـە عیسـا ﷺ مردوی بە دەست زیندو بۆتەوە، چونکە ئاو نیشانەی ژیانە، هـەروەکو خـوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ ﴾ الانبياء ٣٠.

کۆتایی باسی مەسیح لەلای جولەکەکان

لـە لای گاورەکان (جولەکەکان) و لـە پـەرتوك و پـەراوە مێژوییەکان بـە هیچ شێوەیەك باسـی مەسـیحی تێـدا نییـە، بـەڵکو لـەلای ئـەوان (یوسـف) هەبووە، کە سەرکردەیەکی جولەکە بووە کە پێی دەوترا (یوسیفوس) لەلای ئەوروپییـەکان لـە سـاڵی ٧١ی زایینـی بـووە، کـە لەشـکرەکەی بەرامبـەر جولەکـەکانی (طیطـوس) شکسـتی هێنـا و خـۆی تەسـلیم کـرد. ئـەوجا جولەکەکان مەبەستیان ئەم پیاوەیە، بەڵام هیچ راستییەکی پێوە دیار نییە، بەرێز (عبد الوهاب النجار) دەڵێ هاورێیەکم بەناوی (ایسرائیل ولفنسون) پـێی ووتم باسـی مەسـیح لـە تـورات و پەرتوکـەکانی یـەهود هـەبووە و بـە

درێژی باس کراوه له تلمود، بەڵام جولەکەکان دەریان هێناوه و شوێن بزریان کردوه بۆ ئەوەی هیچ کەسێك نەیخوێنێتەوه چونکە نوسینەکەی بە شێوەیەك بووە کە یەهودیەکان مەسیحیان کوشتوه، ئینجا ئەم کارەیان بۆ ئەوە بوە کە خەڵکانێك دوژمنایەتی دەر نەبرن بەرامبەر یەهود، بەڵام ئەمە نکوڵی لێ ناکرێ کە یەهودیەکان زۆر دوژمنایەتی مەسیحیان کردوه وە دوژمنایەتی شوێن کەوتوانیان کردوه وە ئەم خاچ (صلیب)ە نیشانەی ئەوان بوە و خەڵکیان بە بزمار لەسەر ئەم خاچە قایم دەکرد و دەیان کوشت.

کۆتایی باسی عیسا ﷺ لەلای مەسیحیەکان

له راستیدا نەساراکان کۆتایی و خاتمەی مەسیحیان بەشێوەیەك باس کردوه و نوسیویانە کە لەو زاتە پیرۆزە ناوەشێتەوه و حەزرەتی مسیح ﷺ زۆر لەو شتانە بەرزترە و خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا ئەم شتانەی رەت کردۆتەوە. چونکە لەلای مەسیحیەکان باوەر بوون بە خاچ (صلیب) شتێکی بنچینەیی‌یە و هیچ کار و کردەوەیەك قبول نی‌یە بەبێ ئەم بیر و باوەرە، ئەم بیرو باوەرەیان لە عهد القدیم (تورات) وەرگرتوە دوای گۆرانکاری بەسەرداهاتنی، وە دەڵێن ئادەم باوکی مرۆڤە و لە فەرمانی خوا دەرچوو بەوەی چوو لەو دارەی خوارد کە خوای گەورە لێی قەدەغە کردبوو، ئینجا بەم کارەی تاوانێکی ئەنجامدا ئەو و هەموو نەوەکانی بون بە تاوانبار. بەم کارەی شایانی ئازار و بە هیلاك دان بوون. جا نەتەوەکەی گوناهی خۆیان و باوکیان (ئادەم) هەڵدەگرن. چونکە (ئادەم) ئەصل و بنەچەی ئەم

مرۆڤەیە، ئینجا خوای گەورە چونکە زۆر بەزەیییە و دادوەر و یەکسانە لە عەدالەتی ئەو ئەگەر تاوان کرا دەبێ سزای لەدوا بێ وە سزاش دژی رەحم و بەزییە کەواتە ئەگەر سزایان بدات نابێتە خوایکی بە بەزەیی و دادوەر.

ئاگادارکردنەوە (تنبە): لە شەریعەتی ئیسلامدا ئەم بیر و باوەرە دانی پێ دانانرێ چونکە هیچ کەسێك بە تاوانی خەڵکیتر سزا نادرێت وە تاوانی خەڵکیتر هەڵناگرێ، هەر کەس بە کار و کردەوەی خۆی پاداشتی دەدرێتەوە یان سزا دەدرێ. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ﴾ اسراء ١٥. واتە هیچ نەفسێك تاوانی یەکێکیتر هەڵناگرێ و پێی نابێتە تاوانبار.

دەڵێن دەبێت ئەم یەکسانی‌یەی خوا بێتە جێ لەگەڵ بەزەیدا بۆ دەرچوون لەم ئیشکالە، جا خوای گەورە ویستی (کوری) خۆی کە لە زاتی خۆیەتی بیخاتە ناو منداڵدانی ئافرەتێك لە نەتەوەی ئادەم و بیکاتە کوڕیە و لەم ئافرەتە پەیدا ببێت، ئینجا ئەم کورەی دەبێتە مرۆڤ چونکە لەم ئافرەتە پەیدا بووە و خوایەکی تەواوە چونکە کوری خوایە وە (معصوم) پارێزراوە لە هەموو تاوان و گوناهێك، پاشان کە ژیا وەکو ژیانی خەڵك و خواردن و خواردنەوەی بەکارهێنا وەکو خەڵکیتر خۆشیی و ناخۆشی هەست پێکرد، دوژمنانی خوا دێن بە شێوەیەك دەیکوژن کە زۆر ناشرین بێت و لە داب و نەریت بەدەربێت، ئەویشیان ئەوەیە کە لەسەر خاچ (صلیب) قایمی بکەن بە

بزمار پاشان بیکوژن دوای شەق و زللە لێدان و گاڵتە پێکردن درك و ئەستری لەسەر سەری دەبەستنەوە ئەمەش بۆ ئەوەیە کە خۆی بەخت بکات لە پێناو مرۆڤایەتیدا کە تاوانیان کردووە.

منیش دەڵێم: بە راستی ئەمە هیچ یەکسانی و عەدالەتی تێدانییە، چونکە لە عەدالەتی خوای گەورە نەبووە کەسانێك ئازار بدرێت و بکوژرێت بە تاوانی خەڵکیتر کە خۆی نەی کردووە لێی دوورە، ئینجا بەتایبەتی ئەم زاتە پاك و بێتاوانە.

ئەگەر عیسا ﷺ هەروەکو لەم باسەی رابردودا دەڵێ خوا ویستی کوری خۆی لە نێو منداڵدانی ئافرەتێکی نەتەوەی ئادەم دابنێت راست بێت دەبێ عیسا ﷺ خوا بێت -اعاذنا الله- خوا بمان پارێزێت، بە راستی تاوانێکی گەورەیە چونکە هەر وەکو لە پێشەوە باسمان کرد خوای گەورە نە باوك و نە دایك و نە ژن و نە کور و نە کچی نییە هەروەکو دەفەرموێت: ﴿ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ۞ اللَّهُ الصَّمَدُ ۞ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ۞ وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ ﴾ . جا ئەگەر عیسا ﷺ خوا بێت ئەوا دژایەتی دروست دەبێت چونکە کوا عیسا ﷺ دەستی هەبووە لە دروست کردنی زەوی و ئاسمان و بەنی ئادەم و ئاو و هەوا و رۆژ و مانگ ... هتد. جا ئەگەر دەستی لە دروسکردنی ئەم شتانە نەبووبێت چۆن دەبێتە خوا؟ چونکە خوا دەبێت دەسەڵاتی هەبێت و هەموو کارەکانی بە دەستی خۆی بێت هەر کارێك بیەوێت بیکات هەر چەند گران و گەورە بێت دەتوانێت بیکات، هەر وەکو لە ئینجیلی لۆقا هاتووە (لانە لیس شیء غیر ممکن لدی الله) واتە: هیچ شتێك نییە لەژێر دەسەڵاتی خوا

دەرچێ. وە بەرنابا دەڵێ: ئەو خوایەی توانی مرۆڤ دروست بکات بەبێ مرۆڤیتر. دەشتوانێت مرۆڤێك دروست بکات بە بێ باوك. ئایا عیسا ﷺ تەنها لەم باسەدا هیچ دەسەڵاتێکی هەبووە کە لە دایك بوونی خۆیەتی؟ بێگومان نەخێر جا ئەگەر خوا بێت نابێت هیچ کەسێك دەسەڵاتی بەسەردا بروات و بتوانێ ئازاری بدات و بیکوژێ، و خوا مردنی نییە. وە ئەم باسە لەگەڵ ئینجیلیش دژایەتی هەیە چونکە عیسا ﷺ زۆر پیرۆز و پیاوچاك بووە. وە بە گوێرەی ئینجیل ئەو کەسانەی لە خاچ قایم دەکران و دەکوژران پیاوی خراپ بوون و ملعون بوون.

(تثنية) ص٢١ (٢٢) ئەگەر مرۆڤێك تاوانی کرد حەقی خۆیەتی بکوژرێت و لەسەر دار هەڵبواسرێ. وە تەرمەکەشی تەنها یەك شەو لەسەردار نامێنێتەوە بەڵکو هەر ئەو رۆژە دەنێژرێ. چونکە ئەو پیاوەی هەڵدەواسرێ (ملعون)ە واتە دورە لە رەحمەتی خوا وە زەوی پیس مەکەن بەم پیاوە.

وە هەر (كتاب المقدس) دەڵێ کور و کچ و نەتەوە لە جیاتی باوکیان ئازار نادرێن وە بە پێچەوانەش:

(تثنية) ص٢٤ (١٩): باوك لە جیاتی کور ناکوژرێت و کوریش لە جیاتی باوك ناکوژرێت بەڵکو هەرکەس بەتاوانی خۆی.

بیرو باوەڕی لەخاچ دان و خۆ بە قوربان کردن بیرو باوەڕێکی بت پەرستانەیە

لە کتابی(العقائد الوثنية في الديانة النصرانية)ی (محمد طاهر البيروني افندي)دا زۆری لەو شتانە باس کردووە کە مەسیحی و بت پەرستەکان وەکو

یەکن و تێیدا بەشدارن وە ئەگەر هەمووی بنوسم باسەکەم زۆر درێژ دەبێت بەڵام چەند نمونەیەکی باس دەکەم انشاء ا لله.

١. خۆ بەخت کردنی خوایەك لە پێناو گوناهی خەڵکی‌تردا بیر و باوەڕێکی زۆر کۆنە لە هیندی‌یە بت پەرستەکانەوە هاتووە بەڵگەش نوسەر (دوان) خاوەنی (خرافات التوراة وما يقابلها من الديانات الاخرى): هیندی‌یەکان بیر و باوەڕیان وایە کە (کرشنا) کوری یەکەمی (فشنوا)ی خوایەکەیانە. کە (فشنوا) سەرەتا و کۆتایی نی‌یە لەبیر و باوەڕی ئەواندا، هەوڵی‌دا بۆ رزگارکردنی مرۆڤایەتی و خۆی‌بەخت کرد. نوسەر (مستەرمۆی) دەڵێ: وێنەی (کرشنا)ی کێشاوە کە بە بزمار قایم کراوە لەسەر خاچ (صليب). وە وێنەی تری هەیە کە بە بزمار قایم کراوە لەسەر خاچ و وێنەی دڵی لەسەر کراسەکەی دروست کراوە و کڵاوێکی زێرینی لەسەرە. کەواتە هیچ جیاوازیەك نەبوو لە نێوان هیندی‌یە بت پەرستەکان و مەسیحی‌یە خاوەن پەرتوکە ئاسمانی‌یەکان.

٢. (هۆرینۆ لیمۆس)[١] دەڵێ: هیندی‌یەکان باوەڕیان بە تاوانی سەرەکی هەیە و لە مناجات و پارانەوەدا لە دوایی (کیاتری)دا دەیانگوت من گوناهبارم وە تاوانم کردووە و دەرونم پیس و بۆگەنە وە دایکم منی توشی ئەم تاوانە کرد. نەجاتم بدە ئەی خاوەن دیتن و ووردبین ئەی رزگارکەری گوناهباران لە تاوان و گوناه.

---

١ کتێبی (الهنود) ل٣٦.

٣. قەشە (جۆرج كۆكس)[1] دەڵێ: دەربارەی هیندیيـە بت پەرستەكان و باسی (كرشنا) دەكەن كە پاڵەوانی خۆبەخت كەرە، دڵی پڕ لەخواپەرستی بووە، چونكە خۆی پێشكەش كرد كە ببێت بە قوربانی مرۆڤایەتی.

جا بیر و باوەڕی مەسیحی‌یەكانیش هەر وایە كە دەڵێن مەسیح خۆی بەخت كرد و خۆی كرد بە قوربانی نەتەوەكەی. وە هەر تاوانێك مەسیحیەكان بیكەن خوا لێی خۆش بووە، چونكە مەسیح خۆی بەخت كردوە.

بە راستی ئەمە بیر و باوەڕێكی پوچ و گەندەڵە هەروەكو لە پێشەوە ووتمان هیچ كەسێك تاوانی كەسانی‌تر هەڵناگرێ و بە تاوانی ئەو ناسووتێ، بە تایبەتی مرۆڤێكی وەكو عیسا ﷺ پاك و بێ‌تاوان چۆن دەبێت بكرێتە قوربانی خەڵكانێك كە لە فەرمانی خوا لابدەن. وە (هیجین) دەربارەی (اندرادا الكوریروس) دەڵێ: یەكەم كەس بووە هاتۆتە وولاتی (تبت و نیبال) وە خەڵكی پەرستویانە، وە خۆی بەخت كرد بۆ مرۆڤایەتی و كوشتیان و لە سەر خاچ قایمیان كرد بە بزمار. وە لە كتابی (جۆرجیس الراهب)دا وێنەی (اندرادا) دروست كراوە كە لەسەر خاچ بەستراوەتەوە.

٤. وە ئەوەی دەربارەی (بوذي)ەكان هاتووە تەواو لەگەڵ بیر و باوەڕی مەسیحی‌یەكان یەك دەگرێتەوە لە هەموو رووەكانی‌یەوە، وە ئەوانیش ناو لەخوایەكەیان دەنێن (مسیح)، (یەكەم لە دایك بووی رزگاركەری جیهان).

---

١ كتێبی (الديانات المقدسة).

وە دەڵێن مرۆڤێكی تەواو بووە و خوایەكی تەواویش بووە و چۆتە ناو لاشەی (ناسوت) وە خۆی پێشكەش كردووە كە ببێتە قوربانی بۆ مرۆڤایەتی و سڕینەوەی تاوانی مرۆڤ واتە: هەر مرۆڤێك تاوانێك بكات سزا نادرێت لەبیر و باوەڕەی ئەواندا چونكە خوایەكەیان خۆی بەخت كردوە.

وە زانا ئەوروپییەكان زۆر لەم باسە دواون وەكو (هۆك) و (بیلی) و (مۆلەر) و ...هتد. جا ئەگەر بەراوردێك بكەین لە نێوان باوەڕی مەسیحییەكان بۆ مەسیح و باوەڕی هیندییەكان بۆ (كرشنا) و باوەڕی خەڵكی تبت و نیبال بۆ (اندرادا) و باوەڕی (بوذی)یەكان بۆ مەسیحەكەی خۆیان هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان بیرو باوەڕەكانیاندا. بەڵام ئاینی پیرۆزی ئیسلام نەك هەر عیسا ﷺ بەڵكو (محمد)یش ﷺ بە بەندەی خوا دادەنێت و هیچ جیاوازیەكی نییە لەگەڵ خەڵكانیتر تەنها پێغەمبەرایەتی نەبێت. هەروەكو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ الرُّسُلُ ﴾ آل عمران ١٤٤.

ئینجیلەكان و هەڵواسینی مەسیح ﷺ

ئینجیلەكان هەریەكە بەشێوەیەك باسی كوشتن و هەڵواسینی مەسیح دەكەن جا ئەگەر باسەكە زۆر درێژ نەبوایە تەواوی ئەم باسانە لە هەر چوار ئینجیلەكانم دەنوسی، بەڵام تەنها ژمارەی ئیصحاحەكان و ئایەتەكان دەنوسم.

ئینجیلی لۆقا ص ٢٦ (٣٦)

ئینجیلی مرقس ص ١٤ (٣٢)

ئینجیلی یوحنا ص ١٨ (١)

وە ئەم جیاوازییە لە کتابی (قصص الانبیاء)ی (عبدالوهاب النجار) باس کراوە ل ٤٣٧.

دوای هەڵواسین

لەم باسەشدا ئینجیلەکان گۆڕانکاریان هەیە بڕوانە کتابی (الفارق بین المخلوق والخالق) ل ٢٤٨.

وە لە ئینجیلەکان:

متى ص ٢٦ (٥٧-٧٥)

یوحنا ص ٢٠ (١٩)

لۆقا ص ٢٣ (١٠)

لۆقا ص ٢٣ (٢)

یوحنا ص ١٨ (٢٨) و ما بعدها

ڕاڕایی مەسیحییەکان لە باسی خاچ

مەسیحییەکان یەک دەنگ نین لە سەر باسی لە خاچ دانی مەسیح ﷺ بەڵکو زۆربەیان دەڵێن ئەم باسە هەر ڕاست نییە وەکو:

١. ساترینوسییەکان.

٢. کاربوکراتی یەکان.

٣. مرکیونی یەکان.

٤. باردیسیانی یەکان.

٥. تاتیانیسی یەکان.

٦. بارسکالیونی یەکان.

٧. پۆلصی یەکان.

وە هەندێکیکیان دەڵێن ئەوەی لە خاچ درا پیاوێکی‌تر بوو جگە لە مەسیح. دوژمنەکانی زەفەریان پێنەبرد بوو وە مەسیح بەرزکرایەوە بۆ ئاسمانەکان ئەوانیش:

١. دۆسیتی یەکان.

٢. مرسیونی یەکان.

٣. فلنطنیائی یەکان.

وە زۆر لە زانا مەسیحی یەکان شاهێدیان داوە کە لە ئاینی ئیسلامدا باشتر و راست تر باسی حەزرەتی مەسیح ﷺ کراوە بۆ نموونە:

١. مسیو (ارادواردسیوس)ی بەناوبانگ کە ئەندامی (انسیتودی فرانسی) لە پاریس بووە، وە بەناوبانگ بووە بە دژایەتی کردنی موسوڵمانان لە کتابەکەی بە ناوی (عقیدة المسلمین فی بعض المسائل النصرانیة)دا لە ل(٤٩)دا دەڵێ (قورئان دان بە کوشتنی مەسیح دانانێت وە دان بە هەڵواسینیشی دانانێت بەڵکو دەڵێت وێنەی مەسیح خرایە سەر یەکێك لە قوتابیەکانی وە یەهودی یەکان بەهەڵەچوون لە گومانەکەیان کە دەڵێن مەسیح کوژراوە). وە ئەوەی لە قورئاندا هەیە لە لای هەندێك لە

گروپەکانی مەسیحیدا هەیە وەکو (باسیلیدی)یەکان کە باوەڕیان وایە دەڵێن باوەڕێکی زۆر خراپە کە دەڵێن عیسا ﷺ کوژراوە و لە خاچ دراوە بەڵکو شێوەی عیسا ﷺ خرایە سەر (سیمون) و وێنە سیمۆنیش خرایە سەر مەسیح. تا سیمۆنیان برد و کوشتیان و مەسیحیش خۆی بزر کرد لە دەست یەهودییە بە هەڵەچووەکان. وە هەروەها (سرنتیەکان) دەڵێن یەکێك لە حوارییەکان لە خاچ درا لە جیاتی مەسیح.

٢. (الهرارنست دی بونس)ی ئەڵمانی لە کتابەکەیدا بەناوە (الاسلام أي النصرانية الحقة) ل١٤٢ دا دەڵێ هەر باسێکی پەیوەندی بە خاچ و خۆبەختکردن و کوشتنی مەسیح هەبێت هەمووی دروست کراو و هەڵبەستراوی (پولس) و هاو وێنەکانی‌یەتی لەوانەی کە مەسیحیان نەدیوە، ئەم هەڵبەستانەش لەناوەرۆکی ئاینی مەسیحیدا نییە.

٣. (ملمن) لە کتابەکەیدا بەناوی (تأريخ الديانة النصرانية)دا دەڵێ تەنفیزکردن و جێبەجێکردنی فەرمان بەسەر مەسیح دا بۆ لە خاچ دانی لە کاتی شەو و تاریکی بوو وە لەم کاتەدا توانرا مەسیح بگۆڕنەوە بە بەندێکیتری بەندیخانەی (قودس) کە ئەویش چاوەڕێی لە خاچ دان بوو.[1]

دوای لە خاچ دان

لەبەر ئەوەی ئێمەی موسوڵمان باوەڕمان بە لە خاچدان و کوشتنی حەزرەتی عیسا ﷺ نییە باسیشی لێناکەین بەڵام مەسیحییەکان لەگەڵ

---

١ کتێبی (الفارق بين المخلوق والخالق)ی باجەجی ل ٢٨١-٢٨٢.

ئـەوەی باوەڕیـان پێهەیـە و ڕاڕایـی زۆریـش هەیـە لـە نێـوان تایەفـە مەسیحییەکان، جا هەندێکیان دەڵێن دوای ئـەوەی خەڵکەکـە هـەموویان ووتیان با مەسیح لە خاچ بدرێت و (بیلاطس) دەست و پێی خۆی لە پێش چاوی خەڵکەکە شوشت و ووتی من بەریم لە خوێنـی ئـەم گەنجە، ئینجا مەسیحیان بـرد و جلـەکانیان داکـەند و بردیـان بـۆ لـە خـاچ دان. وە مەسیحییەکان ڕاڕایی زۆریان هەیە لە باسی مەسیح ﷺ دوای ئەوەی لـە خـاچ درا، وە دەڵێـن هیـچ کەسـێك نـەیتوانی بچێت لەسـەر خـاچ بیهێنێتـە خوارەوە، تەنها پیاوێك بەناوی (یوسف) چووە لای (بیلاطس) و ووتـی مـن گۆڕێکم بۆ خۆم هەڵکەندووە ئەگەر ئێـوە ڕازی بـن مـن مەسـیح لـەناو ئـەو گۆڕەدا دەنێژم، (بیلاطس) ڕازی بوو مەسیح لەناو گۆڕەکەدا نێژرا، ئەمە لە باوەڕی مەسیحییەکاندایە ئەگینا مەسیح هـەر ئاگاشـی لـەم باسـە نـەبووە، بەڵکو هەر لەگەڵ هاتنی پیاوەکانی پاشا خوای گەورە شێوەی حـەزرەتی عیسای ﷺ خستە سەر قوتابی خائن (یهوذای اسـخریوطی) کە دەلیل ڕێ پیشاندەری پیاوەکانی پاشا بوو بۆ لای عیسا ﷺ، ئینجا پیاوەکانی پاشا وایان زانی کە (یهـوذا) مەسیحە و بردیان لە خاچ بەستیانەوە و هـەر لـەم کاتەدا خوای گەورە حەزرەتی عیسای بەرز کردەوە بۆ ئاسمانەکان.

هەڵسانەوەی لە ناو گۆڕ

ئەم باسە زۆر جیاوازە لە نێوان ئینجیلەکان بەلام ئێمە ئینجیلی متیٰ باس دەکەین ئینجا جیاوازییەکانی متیٰ و مرقس و لۆقا و یوحنا.

متیٚ ص٢٨ (١) لە دوای رۆژی شەممە لە بەرەبەیان مەریەمەی مەجدەلیە و مەریەمەیەکی‌تر هاتن سەیری گۆڕەکە بکەن (٢) بەلاّم لە پڕێکەوە زەمین لەرزەیەك هات و ئەمەش لەبەر ئەوە بوو فریشتەی خوا هاتە سەر زەوی بەردەکەی دەمی گۆڕەکەی لابرد و لەسەری دانیشت (٣) وە شێوەی فریشتەکە وەکو بروسك وابوو جل و بەرگەکەی وەك بەفر سپی بوو (٤) ئینجا حەرەسەکان لە ترسان وەکو مردوویان لیٚ هات (٥) وە فریشتەکە هات و بە هەردوو مەریەمەکەی ووت مەترسن من دەزانم ئێوە بە دوای یسوع دا دەگەڕێن ئەو یسوعەی کە لە سەر خاچ هەڵواسرابوو (٦) بەلاّم لێرە نی‌یە چونکە ئەو هەڵساوەتەوە هەر وەکو خۆی ووتی برۆن سەیری ئەو جێگایە بکەن کە لە سەری پالّ کەوتبوو (٧) پاشان زوو برۆنەوە وە بە قوتابیەکان بلّێن یسوع لە ناو مردووەکان هەڵساو لە پێش ئێوەدا دەچێتە شاری جلیل ئێوە لەویٚ دەیبینن وا من بە ئێوەم ووت (٨) ئینجا هەردوو مەریەمەکە هاتنە دەرەوە بە پەلە و بە ترس و بە دلّ خۆشی بە غارێکەوە چوون بە قوتابیەکانیان راگەیاند (٩) لە کاتێکدا دەیانویست بچن ئەم خەبەرە رابگەیەنن لە ناو قوتابیەکان لە رێگادا گەیشتنە مەسیح پیٚی ووتن سەلامتان لیٚبێت ئەوانیش لیٚی چونە پێش و کرنوشیان بۆ برد و پێیەکانیان ماچ کرد (١٠) یسوع پیٚی ووتن مەترسن و برۆن بە قوتابیەکان بلّێن بێنە شاری جلیل لەویٚ بمبینن (١١) لە کاتێکدا ئەوان دەیان ویست بچن بۆ لای قوتابیان بەلاّم خەڵکانێك لە حەرەسەکان چوون بۆ شار و تەواوی باسەکەیان راگەیاند بە کهنە و خەڵکی‌تر (١٢) ئەوانیش کۆبوونەوە و پرس و رایان گۆڕی‌یەوە بەخششێکی زۆری زیویان دایە سەربازەکان (١٣)

وە پێیان ووتن ئێوە بڵێن قوتابییەکانی هاتن و لاشەی مەسیحیان دزی و ئێمەش خەوتبوین (١٤) ئەگەر والی پێی زانی ئێمە رازی دەکەین ئێوەش دڵتان ئارام بێت و مەترسن (١٥) ئەوانیش زیوەکەیان هەڵگرت و فەرمانی کەهنەکانیان جێبەجێکرد ئینجا ئەو باسە وا بڵاوبووەوە کە لاشەی مەسیح دزراوە (١٦) بەڵام یانزە قوتابییەکە -دوانزە بوون بەڵام یهوذاي اسخريوطي خائن بوو مەسیحی دایە دەست یەهودییەکان چون بۆ شاری جلیل کە یسوع فەرمانی پێکردبوون (١٧) کە بینیان کڕنوشیان بۆ برد بەڵام هەندێکیان گومانیان هەبوو کە مەسیحە یان نا لەبەر ئەوە کڕنوشیان بۆ نەبرد (١٨) مەسیحیش لێیان هاتە پێش و ووتی بچنە پێش بۆ هەموو توانایەك لە ئاسمان و لە سەر زەوی (١٩) بڕۆن خەڵکی فێر بکەن رایان بهێنن لەسەر ناوی (اب وابن وروح القدس) واتە: باوك کە خوای گەورەیە - کوڕ کە عیسایە - وە روح القدس کە جبریلە وە فێریان بکەن هەموو ئەو وەسیەتانەی من بە ئێوەم ووتبوو وە من لە گەڵتانم گشت رۆژێك تا زەمان تەواو دەبێت. آمین.

جیاوازییەکان:

١. لە ووتەی متیٚ وا دەردەکەوێت کە مەریەمەکان لە کاتی بەرە بەیان چوون بۆ لای گۆڕەکە بەڵام مرقس کاتەکەی تێکەڵاو کردووە و ووتویەتی کاتێکی زوو کە رۆژهەڵات وە ئافرەتەکانیش سێبوون. (مریمی مەجدەلیە -مریم دایکی یعقوب - سالومە). وە مرقسیش دەڵێت ئەوانە چوو بوون (حنوط) کە رۆنی گیایە بکەن و یسوعی پێ چەور بکەن،

بەلاّم رۆژەکە شەممە بووە ئەوانیش بە شەممە کرین و فرۆشتنیان نەکردووە. بەلاّم لۆقا دەلْیّ ئەوان رۆنەکەیان لەپێش شەممەدا کری و وە دەلْێت ئەوانەی چوو بوون بۆ لای گۆڕەکە چەند ئافرەتێك بوون کە لەگەلّ یسوع لە شاری جلیل بوون وە خەلّکێکی زۆریان لەگەلّ بوو کە ژمارەیان نەزانراوە وە ئایا پیاو بوونە یا ئافرەت، وە دەلْێت لەناو ئافرەتەکان مریەمی مەجدەلیە و مریەمی دایکی یعقوب و یۆنان لێرەدا ناوی سالومە بزر بوو وە یۆنان هاتە ناویان. بەلاّم یوحنا دەلْیّ: ئەو ئافرەتەی چووە لای گۆڕەکە تەنها مریەمی مەجدەلیە بووە بە تەنها و کاتەکەشی تاریك بووە وە باسی رۆژ هەلاّتنیشی نەکردووە وەکو مرقس.

٢. لە ووتەکانی متیّ زانرا کە ئەو دوو ئافرەتەی چونە لای گۆڕەکە بەردەکە بە دەرگاوە بوو فریشتە هات و بەردەکەی لابرد، بەلاّم مرقس دەلْیّ کە ئافرەتەکان چوون بەردەکە بە دەرگای گۆڕەکە نەما بوو. بەلاّم لۆقا لەگەلّ مرقس یەك دەنگە کە بەردەکە لاکەوتبوو.

٣. متیّ دەلْیّ: فریشتەیەك هات و بەردەکەی لادا و بە دوو ئافرەتەکەی ووت یسوع هەلْساو دەیەویّ لە جلیل چاوی بە قوتابییەکان بکەوێت و دوو ئافرەتەکە سەیری جێگای مەسیحیان کرد، بەلاّم مرقس دەلْیّ ئەوەی ئەم قسانەی بە دوو ئافرەتەکە ووت گەنجێك بوو لە لای راستی مەسیحدا دانیشت بوو لە ناو قەبرەکە وە لۆقا دەلْیّ کە دوو ئافرەتەکە چوونە ژووریّ گۆڕەکەی مەسیحیان نەدیتوو سەریان سوڕما وە لە پڕێکەوە دیتیان پیاوێك بە جل و بەرگی جوان ووتی بۆ بە دوای زیندوو دەگەرێن لە نێو مردوان ئەوا لە جەلیل چاوە ریێیە بچنە لای، وە یوحنا دەلْیّ:

تەنها مریەمی مەجدەلی چوو بۆ لای گۆڕەکە و دیتی بەردەکە بەرز کرا بوەوە لەسەر قەبر و یەکسەر بەپەلە گەڕایەوە و چووە لای سمعانی بطرس ئەو قوتابیەی کە یسوع زۆری خۆش دەویست پێی ووت مەسیح دزراو بردیان.

٤. متیٚ دەڵیٚ: کە دوو ئافرەتەکە هاتن بچن بە قوتابیەکان رابگەیەنن کە فریشتە ووتی برۆنە جلیل لە رێگا گەیشتنە یسوع ...هتد، بەڵام مرقس دەڵیٚ ئەوان بە پەلە هاتنەوە هەڵاتن بەپەلە و زۆر ترسان و هیچ قسەیەکیان نەکرد و وە دەڵیٚ یەکەم جار فریشتەکە بۆ مریەمی مەرجەدەلیە بە دیارکەوت و پاشان بۆ ئەوەی تر گەڕانەوە و چونە لای ئەوانەی لەگەڵی بوون و دەگریان، کە گوێیان لێبوو یسوع زیندووە و دیتویانە باوەڕیان نەکرد، بەڵام لوقا دەڵیٚ: چوونە لای رەسولەکان و پێیان گوتن ئەوانیش باوەڕیان پیٚ‌نەکردن.

وە لوقا بە تەنها ئەوە دەڵیٚ کە بطرس بە پەلە هاتە لای گۆڕەکە و سەری خۆی شۆڕکردەوە بۆ ناو گۆر و تەنها کفنی دیت و سەری سورما....

بەڵام یوحنا دەڵیٚ: لەسەر زمانی مریەمی مەجدەلی خەبەرەکە هات و ئەوانەی چوونە لای گۆڕەکە دوو کەس بوون بطرس و ئەو قوتابیەی کە مەسیح زۆری خۆش دەویست.

وە یوحنا دەڵیٚ: مریەمی مەجدەلیە جارێکیتر هاتەوە بۆ لای گۆڕەکە و سەیری کرد دوو فریشتە یەکێکیان لە لای سەری ئەوی‌تر لە خوار پیٚ‌یەکانی مەسیح دانیشت بوون لیٚیان پرسی بۆ دەگری ئەویش ووتی مامۆستاکەیان بردووین نازانین بەرەو کوێیان بردووە، لەم کاتەدا مریم

ئاوری داوه یسوعی دیت بەلام وای زانی کە (بوستانیە) وە پێی ووت ئەی گەورەم ئەگەر تۆ هەڵتگرتووە پێمان بڵێ لە کوێ دات ناوە مـن دەیهێنمەوە، یسوع ووتی ئەی مریم ئەویش ووتی (ربونـی) واتـە ئـەی مامۆستا.

٥- وە مرقس دەڵێ: یسـوع دەرکـەوت لـە لای دووکەسـی تـر و دیتیـان بـە قوتابیەکانی ووت بەلام باوەڕیان نەکرد. وە مرقس دەڵێ دوو کەسی تر دەچونـە شـارۆچکەی (عمـواس) یسـوع لێیـان نزیـك بـووەوە ئـەوانیش گفتوگۆیـان بـوو لەسـەر باسـی کوشـتنی مەسـیح و بزربوونـی و هەڵسانەوەی لە نێوان مـردوان و وەچاویـان مەسـیحی لـەبیر چوبـوەوە. مەسیح پـێی ووتـن ئـەوە باسـی چـی دەکـەن و دەرۆن بـە رووگـرژی، یەکێکیان کە ناوی (کلیوباس) بـوو وەلامـی دایـەوە ووتـی چـۆن نـەت زانیوە چی لە اورشلیم رویداوە، ووتی چی روویداوە کلیوباس ووتی ئەو هەواڵانـەی تایبـەتن بـە یسـوعی نـاصری ئـەوەی کـە مـرۆڤ بـوو پێغەمبەر بوو کاریەجێ و کاربەدەست بوو بەرامبەر خوای گەل وە چۆن سیحر بازان دایان دەست کاربەدەستان و لە خاچ دراو ئێمە تکامان وایە کە ئەو ببێتە قوربانی تاوانەکانی بەنو ئیسرائیلیەکان.

بەلام لەگەڵ ئەمەش ئەوە سێ رۆژە ئەم تاوانە رویداوە، بەڵکو هـەندێك لـە ئافرەتـەکانی ئێمـەیان خستۆتە گێـژاوی سەرسـورمان کـە کـاتی زوو چوونـە لای گۆرەکـەی و نـەیان دۆزیـیـەوە و ئێمـە شـێوەی فریشـتەمان دیتون زیندوبوونەوە هەندێك لە پیاوەکانمان چووبوونـە لای گۆرەکـەی و هەر بەم شێوەیە دیتبویان، بەلام عیسایان نەدیتوە -عیساش- ئەو دوو

پیاوە نەیان دەزانی عیسایە ترساندنی و ووتی: ئەی نەزان و دڵ سست بەرامبەر کتابی خوا، وە باسی هەموو شتێکی بۆ کردن کە نەزانرابوون هەر لە کاتی موساوە تا تەواوی پێغەمبەران. وە ئەم دوو پیاوە زۆر داوایان کرد لە لایان دانیشێ ئەویش لە لایان دانیشت و وە نانی وورد کرد و دەیدایە دەستیان ئەوانیش چاویان هەڵێنا و عیسایان ناسییەوە یەکسەر بزربوو.

لوقا بە تەنیا ئەم باسەی کردوە.

لە ئینجیلی بەرنابا دا هاتووە: شێوەی مەسیح خرایە سەر پیاوێکی تری یەهودییەکان و شێوەی مەسیح گۆڕا و بزربوو، کلیوباسیش نەی ناسی تا نانی بۆ ووردکردن و دایە دەستیان و بیخۆن و پاشان چاویان هەڵێنا ناسیان ئەویش بزربوو.

لەگەڵ ئەم هەموو گفتوگۆیەی ئینجیلەکان تا ئێستا شاهێدێك نییە بە چاوی خۆی دیتبی کە مەسیح لە ناوگۆڕدا بووبێت، بەڵکو هەرچی بینیبێتی لە دەرەوەی گۆڕا بینیوویەتی، کەواتە هەر ئەم قسەیە دەبێتە شاهێد کە ئەوەی کوژراوە مەسیح نەبوە، بەڵکو مەسیح رزگاری بوو یهوذای اسخریوطی کوژرا و مەسیح ئێستاش هەر زیندوە لە کۆتایی زەماندا دێتە خوارەوە و ئاینی ئیسلام بڵاودەکاتەوە هەروەکو لە پێشەوە باسمان کرد.

بەڵگەی مەسیحیەکان لە سەر خوایەتی عیسا ﷺ

مەسیحیەکان دەستیان گرتووە بە چەند بەڵگەیەك لەسەر خوایەتی مسیح ﷺ و لەسەر ئەوەی کە مەسیح کوری خوایە و لە چەند ئنجیلێکدا

هاتووه ووشەی (ابن الله)، بەڵام ئەم بەڵگانە رزیو و بێکارن. چونکە ئەگەر تەنها ئەم ووشەیە بەڵگە بێ لەسەر خوایەتی مسیح و بوونی مسیح بە کوڕی خوا و ئەی هەر لە هەمان ئینجیلەکانیشدا مەسیح خۆی ناوی خۆی نەبردوە بە (ابن الانسان) کوڕی مرۆڤ؟ وە بە (ابن داود) کوڕی داود؟

خۆ شتێکی رون و ئاشکرایە ووشەی (ابن) واتە کور-رۆڵە- بۆ کەسێك دەگوترێت کە لە دایك و باوکێك پەیدا بووبێت وە ئاوی پیاوەکە لەگەڵ هێلکەی ناو منداڵدانی دایکەکەدا یەکی گرتبێت و ئەم کورەی لێ پەیدا بووبێت. خۆ شتێکی بەڵگە نەویستە کە ئەمە بۆ خوا نابێ و بۆ خوای گەورە ناشێ.

جا دەبێ ئێمە مانای (ابن) بە مانایەکی (مجازی) ناراستەوخۆ لێك بدەینەوە، چونکە لەو سەردەمە بە هەموو ئیمانداریکیان دەووت کوڕی خوا، بە کافرەکانیشیان دەووت (کوڕی شەیتان)، مەبەستیش لە (کوڕی خوا) لێرەدا بۆ مەسیح واتە بەندەیەکی دڵسۆزی خوا -خواپەرستێکی راستەقینە بەڵام خۆزگە مەسیحی یەکانی ئێستاش هەر ئەم مانایەیان لێبدایەوە.

وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ وَقَالَ الْمَسِيحُ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ ۞ لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ ثَالِثُ ثَلَاثَةٍ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا إِلَٰهٌ وَاحِدٌ وَإِنْ لَمْ يَنْتَهُوا عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ۞ أَفَلَا يَتُوبُونَ إِلَى اللَّهِ وَيَسْتَغْفِرُونَهُ وَاللَّهُ غَفُورٌ

رَحِيمٌ ۞ مَّا الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ الرُّسُلُ وَأُمُّهُ صِدِّيقَةٌ
كَانَا يَأْكُلَانِ الطَّعَامَ انظُرْ كَيْفَ نُبَيِّنُ لَهُمُ الْآيَاتِ ثُمَّ انظُرْ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ۞
قُلْ أَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا وَاللَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ

﴾ المائدة ٧٢-٧٦.

هەر کەسێك بەراورد بکات لە نێوان ئەم ئایەتانەی ئاماژەیان بۆ دەکەم لە خوارەوە لە ئینجیلەکان بۆی روون دەبێتەوە کە مەسیح نەك هەر کوڕی خوا نییە، بەڵکو بەندەیەکە و پێغەمبەرە:

١- مرقس ص١٥ (٩).

٢- متیٰ ص٥ (٩).

٣- یوحنا ص٨ (٤١).

٤- نامەی یەکەم بۆ یوحنا ص٣ (٩).

٥- ص٤ (٧) هەمان سەرچاوە نامەکەی یوحنا.

٦- ص٥ (١) هەمان سەرچاوە نامەکەی یوحنا.

٧- یوحنا ص٢٠ (١٧).

٨- یوحنا ص١٤ (٢٨).

٩- متی ص٨ (٢٠).

١٠- متی ص٩ (٦).

ئەگەر هەر کەسێك بە گوێرەی ئینجیل ناوی کوڕ بێت ئەوا دەبێت بەنو ئیسرائیلییەکان هەموویان خوا بن، چونکە بە گوێرەی ئینجیل خوا بە هەموویانی گوتوە (ابنی) هەروەکو ئەم ئایەتانەی ئینجیل:

ص٤ خروج (٢٢).

مزمور ٨٨ (٢٠).

ارميا ص٣١ (٩)

صموێلی دووەم ص٧.

وە شاعیرێك بە عەرەبی دەڵێ:

عجبا للمسيح بين النصارى
والـى الله والـدا نسـبوه

اسـلموه لليهـود وقـالوا
انهـم بعـد قـتله صلـبوه

فلأن كان ما يقولـون حقـاً
فسـلوهـم فـأين كـان ابوه

فـأن كـان راضيا بأذاهـم
فاشكروهم لأجل ما صنعوه

وان كان ساخطاً غير راض
فـاعبدوهـم لانهـم غـلبوه

هەڵوێستێکی عیسا ﷺ لە ڕۆژی دواییدا

﴿ وَإِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ ءَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَٰهَيْنِ مِن
دُونِ اللَّهِ قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ إِن كُنتُ قُلْتُهُ فَقَدْ

عَلِمْتَهُ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلَا أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ إِنَّكَ أَنْتَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ ۞ مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلَّا مَا أَمَرْتَنِي بِهِ أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ وَكُنْتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَا دُمْتُ فِيهِمْ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنْتَ أَنْتَ الرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ وَأَنْتَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ ۞ إِنْ تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِنْ تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ

﴾ آل عمران ١١٦-١١٨.

واته: له رۆژی دوایدا خوای گەورە بە عیسا دەفەرموێ ئەی عیسا ئایا تۆ بە ئوممەتی خۆت وتوە خوا مەپەرستن من و دایکم بە خوا بزانن و بمان پەرستن، عیساش وەڵام دەداتەوە دەڵێ: پاکی و بەرزی هەر بۆ تۆیە من بۆم نیە هیچ قسەیەکیان پێ بڵێم ئەگەر تۆ بۆ منت دا نەنابێ، هەرچی تۆ فەرمانت پێ کردبم ئەوەم پێ وتون و تۆش لە هەموو کەس باشتر دەزانی ئاگاداری ناو نەفسی منی بەڵام من ئاگاداری ناو نەفسی تۆ نیم تۆش زانستت بەرامبەر هەموو شتێك هەیە و هیچ شتێك لە تۆ وون نیيە، پێم نەووتونە تەنها ئەوە نەبێ کە تۆ فەرمانت پێ کردوم: تەنها خوا بپەرستن کە خوای من و ئێوەیە وە من شاهێدم لەسەر ئوممەتەکەم هەتا لە ناویاندا مابم بەڵام دوای بەرزبوونەوەم بۆ لای تۆ تەنها تۆ چاودێریکەری سەریانی و شاهێدی لەسەریان ئەگەر ئازاریان بدەی ئەوا بەندەی خۆتن وە ئەگەر لێیان ببوری ئەوا تۆ لە هەموو کەس بە بەزەیی تری. کەواتە ئەم پەرستنەی عیسا و مریم لەگەڵ خوا لای مەسیحیيەکان بە قسەی عیسا نیيە و بەڵکو عیسا لەم کارە بەریيە و دوورە.

رووداوای عیسا ﷺ لەگەڵ جولوکەیەک

لەیت دەگێڕێتەوە لە جەریر (طبری) کەوا پیاوێك داوای لە عیسا ﷺ کرد کە لە سەفەرێکدا ببێتە هاوڕێی دوای بەڕێکەوتن سێ کولێرەیان پێبوو، دوای ماوەیەك هەر یەکە کولێرەیەکیان خوارد و پاشان عیسا ﷺ داوای کولێرەکەی تری کرد و لەوێ بوو بە مشت و مڕیان:

عیسا: کوا کولێرە؟

جولەکەکە: نەماوە!!

عیسا: چی لێ هات؟

جولەکەکە: نازانم!!

عیسا: چۆن نازانی تۆ نەتخواردوە؟!

جولەکەکە: نەخێر، بە خوا نەم خواردوە و نازانم...

عیسا: با بڕۆین.

دوای ماوەیەك ڕۆیشتن: عیسا ﷺ مەڕێکی دیت و دوو بەرخی هەبوو، مەڕەکەی کوشتەوە و گۆشتیان خوارد پاشان ئێسك و گۆشتی مایەوە کۆی کردەوە و ووتی بە فرمانی خوا زیندوببەوە یەکسەر زیندوبوەوە ئینجا عیسا ﷺ ووتی بە کابرا بە حەققی ئەو خودایەی ئەو موعجزەیەی نیشان دای پێم بڵێ کێ کولێرەکەی خوارد؟ ووتی نازانم.

دوای ماوەیەك گەیشتنە ڕووبارێك بەڵام زۆر قووڵ بوو، عیسا ﷺ دەستی پیاوەکەی گرت و لەسەر ئاو پەڕاندیەوە ئەمەش موعجیزەیەکی تری عیسایە ﷺ پاشان بە پیاوەکەی ووت بە حەققی ئەو خودایەی ئەم موعجیزەیەی نیشان دای پێم بڵێ کێ ئەم کولێرەیەی خوارد؟ ووتی نازانم.

پاشان عیسا ﷺ هەندێك زیخ و ڕەملی کۆکردەوە دەستی پان کردەوە بۆ ئاسمان ووتی: بە فەرمانی خوا ببە بە زێڕ، بوو بە زێڕ و کردی بە سێ بەش پیاوەکە ووتی ئەمە بۆ کێیە؟ عیسا ﷺ ووتی یەکیان بۆ من و یەکیان بۆ تۆ و یەکیان بۆ ئەو کەسەی کولێرەکەی خواردوە، پیاوەکە ووتی من خواردم، عیسا ﷺ ووتی کەواتە هەمووی بۆ تۆ و لێرەوە من هاوڕێیەتی تۆ ناکەم و ڕۆیشت. پاشان دوو پیاوی خراپ هاتن ویستیان زێرەکەی لێ بستێنن بەڵام لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە یەکێ و بەشێك لە زێرەکە هەڵگرن. ئینجا ووتیان با یەکێك بنێرینە بازار جل و بەرگی پاشایانەمان بۆ بێنێ و خواردنی خۆشمان بۆ بێنێت، یەکیان چوو بۆ بازار لە ڕێگادا بیری کردەوە من ئەم خواردنە ژەهراوی بکەم باشە کە بە خواردنەکە مردن هەموو زێرەکە بۆ من دەبێت. وە دوو پیاوەکەی تریش بە یەکتریان ووت کە هاوڕێکەمان هاتەوە بە هەردوکمان دەیکوژین و بەشەکەی ئەویش بۆ خۆمان دەبێت. کە پیاوەکە هاتەوە ئەوان بە هەردوکیان لێیان داو کوشتیان نەیان زانی ئەویش خواردنەکەی ژەهراوی کردوە کە ئەوانیش نانەکەیان خوارد هەردوکیان مردن. پاشان عیسا ﷺ گەڕایەوە لە سەفەرەکەی زۆر لە قوتابییەکانی لەگەڵی بوون ووتیان ئەم سێ کەسە چین لێرە مردون؟ زێر و زیویان لەلا دیارە عیسا ووتی سەیریان مەکەن و خێرا بڕۆن ئەوانە شەهیدی دونیان خۆتان لێیان بپارێزن.

بانگەوزی ئیسلامی

بۆ خاوەن پەرتوکە ئاسمانییەکان

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴾ آل عمران ٦٤.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا بەدەردەکەوێت کە ئاینی ئیسلامی پیرۆز میانڕەوی پیادە دەکات[١] وەکو ئاینەکانی تر نییە لە کاتی گۆرانکاری بەسەر ئاینەکانی تردا هاتووە و پێش گۆرانکاریش هەروەکو بانگیان دەکات (قل یا اهل الکتاب) یا محمد ﷺ بڵێ: ئەی خاوەن پەرتوکە ئاسمانییەکان واتە مەسیحی و جولەکە: (تعالوا) وەرن با بەیەکەوە دانیشین و گفتوگۆ بکەین و

---

١ نموونەی ئەم میانڕەوییە: لە ئاینی جولەکەدا لە باسی قەتلدا تۆڵە و عەفو نیە بەڵکو دەبێ بکوژەکە بکوژرێتەوە، وە لە ئاینی مەسیحیدا کوشتنەوە نیە بەڵکو دەڵێن یەکێك کوژراوە با نەبێتە دوو، بەڵام لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا عەفو کردن هەیە و تۆڵە سەندنیش هەیە واتە وەرگرتنی برە پارەیەك لە لایەنی بکوژەکە بۆ لایەنی کوژراوەکە. ئەمە پێش گۆرانکاری بەسەر دوو ئاینەکەی تردا بێت. وە دوای گۆرانکاریش: لەو کاتەی کە ئافرەت (عادە)ی بەسەردا دێت واتە دەکەوێتە خوێنی (حەیز)، جولەکەکان نانیشی لەگەڵ ناخۆن و هیچ هەڵس و کەوتێکی لەگەڵدا ناکەن بەڵام مەسیحییەکان جماعیشی لەگەڵ دەکەن وە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا هەموو جۆرە لەزەتێك دروستە تەنها جماع کردن نەبێت، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت (یسئلونك عن المحیض قل هو اذی فأعتزلوا النسـاء في المحیض) البقرة ٢٢٢. وە حەزرەتی عائشە (رەزای خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت (اتق مکان الدم) واتە تەنها خۆت لە شوێنی خوێنەکە بپارێزە، کەواتە تەنها جماع کردن حەرامە و لەزەت کردنی تر دروستە.

ڕێکەوتنامەیەك مۆر بکەین لەسەر: (الی کلمة سواء بیننا وبینکم) لەسەر ووشەیەك کە لە نێوان ئێمە و ئێوەدا کە یەکتا پەرستی و بەندایەتی کردنە بۆ زاتی خوا ئەمەش لە هەر سێ ئاینەکەدا بنچینەی بیروباوەرە: (ان لا نعبد الا الله ولا نشرك به شیئا) کەوا تەنها بەندایەتی زاتی خوا بکەین و شەریکی بۆ ئەنجام نەدەین چونکە خوا یەکە و تاك و تەنیایە. ﴿ لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتَا ﴾ واتە ئەگەر جگە لەو خودایە چەند خوایەکی تر هەبوونایە ئەوا زەوی و ئاسمانەکان تێك دەچوون، کەواتە ئەنجامدانی شەریك یان خێزان یا رۆڵە بۆ خودا کارێکی نارەوایە (ولا یتخذ بعضنا بعضا اربابا من دون الله) وە هەندێکمان هەندێکی تر نەکەین بە خوای خۆمان و بیان پەرستین وەکو مەسیحی‌یەکان دەڵێن عیسا ﷺ کوری خوایە لە عیبادەتدا ناوی دێنن و جولەکەکانیش هەر ئەوها بۆ عزیر ﷺ چونکە دەبێ مرۆڤ تەنها بەندەی خوا بێت و هەرکەسێك جگە لە خوا بپەرستێ ئەنجامدانی هاوبەشە بۆ خوا (فأن تولوا فقولوا اشهدوا بأنا مسلمون) جا ئەی محمد ﷺ وە ئەی ئوممەتی ئیسلام ئەگەر مەسیحی‌یەکان یا جولەکەکان بە دەم ئەم بانگەوازە نەهاتن و سووربون لەسەر باوەری خۆیان ئێوە پێیان بڵێن: شاهێد بن ئێمە موسڵمانین و جگە لە خوا هیچ کەسێکی تر نا پەرستین.

سەرە و كورتە كردن لە ئايندا

خواى گەورە دەفەرموێ: ﴿يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لَا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ وَلَا تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ إِلَّا الْحَقَّ إِنَّمَا الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ رَسُولُ اللَّهِ وَكَلِمَتُهُ أَلْقَاهَا إِلَى مَرْيَمَ وَرُوحٌ مِنْهُ فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَلَا تَقُولُوا ثَلَاثَةٌ انْتَهُوا خَيْرًا لَكُمْ إِنَّمَا اللَّهُ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ سُبْحَانَهُ أَنْ يَكُونَ لَهُ وَلَدٌ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَكَفَى بِاللَّهِ وَكِيلًا ۝ لَنْ يَسْتَنْكِفَ الْمَسِيحُ أَنْ يَكُونَ عَبْدًا لِلَّهِ وَلَا الْمَلَائِكَةُ الْمُقَرَّبُونَ وَمَنْ يَسْتَنْكِفْ عَنْ عِبَادَتِهِ وَيَسْتَكْبِرْ فَسَيَحْشُرُهُمْ إِلَيْهِ جَمِيعًا﴾ النساء ١٧١-١٧٢ واتە:

ئەی خاوەن پەرتوكە ئاسمانىيەكان -مەسیحىيەكان و جولەكەكان- سەرە و كورتە (افراط و تفریط) مەكەن لە ئاینى خۆتاندا چونكە هەموو كاتێك میانڕەو (وسطیة) باشترە، (ولا تقولوا على الله الا الحق انما المسیح عیسى ابن مریم رسول الله وكلمته القاها الى مریم وروح منه) واتە: عیسا ﷺ پلەی خۆی هەیە و لەم ئاستە بەرزتری مەكەنەوە، ووتەی ناڕەوا بەرامبەر بە خوا مەڵێن و مەسیح: عیسا كوڕی مەریەمە و بەندەی خوایە و ڕەوانە كراو و پەیامبەری ئەوە بۆ بەنی ئادەم بۆ ڕزگار كردنیان لە بەندایەتی كردنی مرۆڤەكان و دار و بەرد بۆ بەندایەتی خوای گەورە جا ئەگەر پێتان سەیرە كوڕی خوا نییە (كلمته) واتە فەرمانی خوایە بۆ ئەو كە فەرموی (كن) واتە ببە ئەویش بەم فرمانە لە ناو سكی دایكی دروست بوو وە خوای گەورە لە ڕوحی خۆی نەفخی كرد و دروستی كرد (فأمنوا بالله ورسله) كەواتە باوەڕ بە خوا و تەواوی پێغەمبەرەكانی خوا بهێنن (ولا تقولوا ثلاثة انتهوا خیراً لكم)

وه مەڵێن خوا سێ‌نە هەروەکو مەسیحی‌یەکان لە کاتی نوێژدا دەڵێن: (باسم الاب والابن وروح القدس) کە لێرەدا مەبەستیان لە (الاب) خوایە و لە (ابن) عیسایە و وە(روح القدس) جبریلە ﷺ ئینجا خوای گەورە دەفەرموێ: واز لەم بیروباوەڕە بێنن چاکترە بۆ ئێوە (انما الله اله واحد) چونکە خوا یەکە و شەریکی نی‌یە (سبحانه ان یکون له ولد) خوای گەورە زۆر لەوە گەورەترە کە کوڕی هەبێ، هەروەکو لە سورەتی (الاخلاص)دا باسمان کرد. کەواتە خوای گەورە کوڕی نی‌یە هەتا ئێوە بڵێن عیسا کوڕی خوایە (له ما في السموات وما في الارض وکفى بالله وکیلاً) واتە: ئاسمان و زەوی و هەرچی لە ناویاندا هەیە هەمووی موڵکی خودایە وە خوای گەورە بەسە بە تەنها بکرێتە دۆست و ڕاسپاردەی ئیشێك (لن یستنکف المسیح ان یکون عبدا لله) عیسا ﷺ خۆی بە گەورە نەدەزانی بەڵکو عیبادەتی تەواوی خوای گەورەی دەکرد (ولا الملئکة المقربون) وە فریشتە نزیکەکانی خواش هەروان (ومن یستنکف عن عبادته فسیحشرهم الیه جمیعاً) واتە هەر کەسێك خۆی بە گەورە بزانێت لە ئاست بەندایەتی کردن بۆ خوا ئەوا دەبێ بزانێت ڕۆژێك دێت بێتەوە لای خوای گەورە و حسابی لەگەڵدا دەکرێ.

باوەڕی موسڵمانان

﴿ آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ وَقَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ ﴾ البقرة ٢٨٥.

واتە: حەزرەتی محمد ﷺ باوەڕی هێناوە بە خوا و بە هەر شتێك كە لە لایەن خواوە هاتبێت وە ئیماندارانیش هەموویان باوەڕیان هێناوە بە خوا و فریشتەكان و پەرتوكە ئاسمانیـیەكان كـە (تـوراة) و (انجیـل) و (زبـور) و (قـرآن)ن وە بـە پێغەمبـەرەكان، وە دەڵێـن جیـاوازی ناكـەین لـە نێـوان هیـچ پێغەمبـەرێك بـەڵكو بـاوەڕ بـە هـەموویان دەكـەین كە راسـتگۆ بوونـە و رێـزی تایبـەتیان هـەبووە لـە لایـەن خـوا. وە دەڵێـن گـوێ رایـەڵین و فەرمانـەكانت جێبەجێ دەكەین. ئەی خودایە لێ خۆشبونمان پێ ببەخشە چونكە گەڕانەوە بۆ لای تۆیە.

المباهلة

﴿ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُن مِّنَ ٱلْمُمْتَرِينَ ۝ فَمَنْ حَآجَّكَ فِيهِ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَكَ مِنَ ٱلْعِلْمِ فَقُلْ تَعَالَوْا۟ نَدْعُ أَبْنَآءَنَا وَأَبْنَآءَكُمْ وَنِسَآءَنَا وَنِسَآءَكُمْ وَأَنفُسَنَا وَأَنفُسَكُمْ ثُمَّ نَبْتَهِلْ فَنَجْعَل لَّعْنَتَ ٱللَّهِ عَلَى ٱلْكَٰذِبِينَ ۝ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلْقَصَصُ ٱلْحَقُّ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا ٱللَّهُ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ۝ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌۢ بِٱلْمُفْسِدِينَ ﴾ آل عمران ٦٠-٦٣.

واتـە: راستی و تـەواوی هـەر لـە خوداوەیە یـا محمد ﷺ هیـچ گومـانت نەبێت و خۆراگر بە لەسەر بیر و باوەڕەكەت، وە هەر كەسێكیش موناقەشـەی لەگـەڵ كـردی تـۆش داوای موباهەلـەی لێ بكـە، (مباهلـة) واتـە: هـەردوو جەماعەت لە خوا بپاڕێنەوە كە لەعنەت لەو چینە بكات كە درۆ دەكات. ئەوە

بوو وەفدێکی مەسیحیەکانی نەجران هاتنە لای پێغەمبەر ﷺ وتیان بۆچی تۆ جوێن بە عیسا ﷺ دەدەیت ئەویش فەرمووی من چیم ووتوە، ووتیان تۆ دەڵێی عیسا بەندەی خوایە و پێغەمبەریەتی کوری ئەو نیە، ئەویش فەرمووی نەخێر بەندە و رەوانەکراوی خوایە و ووشەی خوا بۆ مەریەمە هاتووە روحی خوا بۆی هات و عیسای ﷺ لێ دروست بوو ئەوانیش توورە بوون، پێغەمبەریش ﷺ داوای موباهەلەی لێ کردن، ئەوانیش ووتیان باشە بەڵام ماوەمان بدە، کۆبونەوەیەکیان لە نێوان خۆیاندا کرد و ووتیان ئەی نەتان زانیوە هەر قەومێك موباهەلەی لەگەڵ هەر پێغەمبەرێك کردبێت لەناوچووە، کەواتە ئێمە موباهەلە ناکەین، بەیانی چوونەوە ووتیان ئێمە موباهەلە ناکەین و سوڵحیان لەگەڵ کرد کە جزیە بدەن. هەر چەند پێغەمبەر ﷺ خۆی و ئەهلی بەیتی دەرچووبوون بۆ موباهەلە چونکە دەیزانی ئەو راستە و لایەنی بەرامبەری درۆ دەکات.

پسوولەی لێخۆشبوون و پسوولەی بێبەش بوون

(سكة الغفران) واتە: پسوولەی لێ خۆش بوون هەر کەسێك ئیتتفاق لەگەڵ قەشەی مەسیحیەکان بکات پارەی داوا کراوی بداتێ ئەوا (سكة الغفران)ی دەداتێ و بەهەشتی بۆ مسۆگەر دەکات، بەڵام ئەگەر دەوڵەمەندێکی مەسیحی ئەوە نەکات ئەوا (سكة الحرمان)ی دەداتێ، واتە بێبەش بوون لە بەهەشت. مامۆستایەك ووتی: لە ئەمەریکا دوای نوێژی هەینی لە لایەن جالیەی ئیسلامی لەوێ، بەرپرسێکی وەزارەتی ناوخۆ هات و داوای کرد کە جالیەی ئیسلامی چەند مامۆستایەك تەرخان بکەن و بیان

نێرن بۆ بەندیخانەکان دەرس بە بەندکراوەکان بڵێن و ئامۆژگاریان بکەن، جا مەسئولی ئەویش بە بەرپرسەکەی ووت بۆچی ئێوە قەشەکانی خۆتان نا نێرن بۆ بەندیخانەکان؟ ئەویش لە وەڵامدا ووتی: ئێمە ئەم تەجروبەیەمان کردوە بەڵام قەشەکە لەسەر مەبلەغێکی پارە لەگەڵ دزە بەندکراوەکە یا قاتلەکە یا ...هتد رێك دەکەوتن و (سكة الغفران)ی دەدانێ کابرا زیاتر دزی دەکرد و تاوانی دەکرد چونکە تازە بەهەشتی مسۆگەر کردوە کە ئەمەش زیاتر تاوان و فەسادی زیاد دەکات لە کۆمەڵدا، بەڵام ئاینی ئێوە گشت تاوانێك بنەبردەکات.

بۆچی جولەکەکان رقیان لە عیسا ﷺ بوو ؟...

بۆچی هەوڵیان دا بیکوژن ؟...

پیاوانی ئاینی جولەکە بە شێوەیەك خەڵکەکەیان ژێردەستکردبوو کە لە هەوا و ئارەزووی ئەوان دەرنەدەچن ئەوانیش ژیانێکی زۆر خۆشیان دەبردەسەر لە سەر حیسابی ئەم خەڵکە، بەڵام عیسا ﷺ خەڵکەکەی تێگەیاند کە بەندایەتی و ماڵ خەرجکردن و خزمەتکردن تەنها بۆ خوایە نەك بۆ پیاوانی کلێسا، جا پیاوانی دەسەڵاتداریش هەرئەوها رقیان لێبوو چونکە دەبوە هۆی جیابوونەوەی خەڵك لەم دەسەڵاتدار و پیاوە ئاینییانە.

هەڵس و کەوتی موسڵمانان بەرامبەر بت پەرست و ئەهلی کتاب

بەڵێ لەبەر ئەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ هەموو شتێك بەرنامەی داناوە، لە بارەی پەیوەندی مرۆڤی موسڵمان لەگەڵ خەڵکانی تر بەرنامەی خۆی داناوە لەسەر بنچینەی یەکسانی و میانڕەویدا. ﴿لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ ۞ إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَأَخْرَجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ وَظَاهَرُوا عَلَى إِخْرَاجِكُمْ أَنْ تَوَلَّوْهُمْ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ الممتحنة ٨-٩.

لێرەدا عەدالەتی ئیسلامی بە تەواوی دیاری دەبێت کە فەرمان دەکات (بِرّ) کە بەرزترین پلەی چاکەیە بیکەین لەگەڵ ناموسڵمانان ئەگەر بت پەرستیش بن مادام شەر لەگەڵ موسڵمانان نەکەن و دەریان نەکەن لەناو ماڵ و خانوویان. بەڵام خوای گەورە قەدەغەمان دەکات لە هاوکاری کردن لەگەڵ ئەوانەی شەر لەگەڵ موسڵمانان دەکەن یا لەناو ماڵ و خانوویان دەریان دەکەن چونکە پێشێل کردنی ماف موسڵمانە.

بە تایبەت (ئەهلی کتاب)

لەبەر ئەوەی خاوەن پەرتوکە ئاسمانییەکان لە زۆر شت لەگەڵ موسڵمانان یەك دەگرنەوە هەڵس و کەوتمان دەبێت زۆر باشتر بێت

لەگەڵیان، قورئانی پیرۆز کە ناویان دەبات بە: (یا أهل الکتاب) یان (یـا أیهـا الذین اوتو الکتاب) ئەوە دەگەیەنێ کە برایەتییەک هەیە لە نێوانیاندا بەڵام خاوەنی پەرتووکەکان مەسیحی و جولەکە گۆرانکاریان بەسەر ئاینی خۆیاندا هێناوە و لایانداوە، لەبەر ئەوە ئێستا واتە دوای هاتنی قورئانی پیرۆز هیچ ئاینێك قەبول ناکرێت.

﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ ﴾

آل عمران ٨٥.

چونکە دەبێت هەموویان لەگەڵ ئێمە باوەر بەم ئاینە بکەن و باوەر بە ئاینەکانی تریش بکەین: ﴿ شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰ أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ ﴾ الشوری١٣.

واتە: خوای گەورە ئاینێکی داناوە کە وەسیەتی پێ کردوە لە نوح بۆ تۆی رەوان کردوە وە بۆ ابراهیم و موسا و عیسا فەرمانی پێکردون جیاوازی و پەرتەوازەیی مەکەن. وە دەفەرموێ: ﴿ قُولُوا آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنزِلَ إِلَىٰ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ ﴾

البقرة ١٣٦.

واتە: ئەی موسڵمانان ئێوەش بڵێن باوەرمان هێناوە بە (قرآن) کە بۆ پێغەمبەر محمد ﷺ هاتووە وە باوەرمان هێناوە بەو سروشەی کە بۆ ابراهیم

و اسماعیل و اسحاق و یعقوب و اسباط کورانی یعقوب وە هەرچی بۆ موسا و عیسا هاتووە جیاوازی لە نێوان هیچ پێغەمبەرێك ناکەین و بۆ خوا موسڵمانین.

وە خوای گەورە فەرمانی بە موسڵمانان کردوە کە موناقشە لەگەڵ ئەهلی کتاب نەکەن تەنها بە شێوەیەکی جوان نەبێت.

﴿ وَلا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ وَقُولُوا آمَنَّا بِالَّذِي أُنْزِلَ إِلَيْنَا وَأُنْزِلَ إِلَيْكُمْ وَإِلَهُنَا وَإِلَهُكُمْ وَاحِدٌ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ ﴾ العنكبوت ٤٦.

واتە: موناقشە لەگەڵ خاوەن پەرتوکە ئاسمانیەکان (مەسیحی و جولەکە) مەکەن تەنها بە شێوەیەکی جوان نەبێت. مەگەر کەسانێك ستەم بکەن، وە پێیان بڵێن ئێمە باوەڕمان هەیە بە (قرآن و توراة و انجیل و زبور) وە خوای ئێمە و ئێوە یەکە و دەبێت هەموومان هەر ئەو بپەرستین وە بۆ خوا مل کەچین.

جیاوازی مەسیحی و جولەکە

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَدَاوَةً لِلَّذِينَ آمَنُوا الْيَهُودَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُمْ مَوَدَّةً لِلَّذِينَ آمَنُوا الَّذِينَ قَالُوا إِنَّا نَصَارَى ذَلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَانًا وَأَنَّهُمْ لا يَسْتَكْبِرُونَ ۞ وَإِذَا سَمِعُوا مَا أُنْزِلَ إِلَى

الرَّسُولِ تَرَىٰٓ أَعْيُنَهُمْ تَفِيضُ مِنَ الدَّمْعِ مِمَّا عَرَفُوا مِنَ الْحَقِّ يَقُولُونَ رَبَّنَآ ءَامَنَّا فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّٰهِدِينَ ۝ وَمَا لَنَا لَا نُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَمَا جَآءَنَا مِنَ الْحَقِّ وَنَطْمَعُ أَن يُدْخِلَنَا رَبُّنَا مَعَ الْقَوْمِ الصَّٰلِحِينَ ۝ فَأَثَٰبَهُمُ اللَّهُ بِمَا قَالُوا جَنَّٰتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا وَذَٰلِكَ جَزَآءُ الْمُحْسِنِينَ ﴾ المائدة ٨٢-٨٥.

واتـه: لـه هـەموو كـەس زيـاتر دوژمنـدارى ئيمـانداران دەكـەن و رق و كينەيان له دڵه ئەوانەى بت پەرست و جولەكەن واته لێرەدا جولەكەش بوونه هاوشانى بت پەرستەكان، وه لـه هـەموو كـەس خۆشەويستر و دڵ خاوێنـتر بەرامبـەر ئيمـانداران ئـەو كەسـانەن كـه دەڵێـن ئێمـه نەسـاراين واتـه مەسيحى‌يەكان هۆى ئەمـەش ئەوەيه قەشه و راهب لـه ناوياندا هـەن و خـوا دەناسن و خۆيان به گەوره نازانن و ناز و فيز لێ نادەن. وه ئەگەر گوێيان لـه قورئان بوو دەبينى چاويان پڕ فرمێسك دەبێت چونكـه حـەق دەناسـن و دەڵێـن خوايـەگيان باوەڕمـان هێنـا و لەگـەڵ شـاهيدەكان بمـان ژمـێره وه هەروەها دەڵێن: جا چۆن ئێمه باوەڕ نەهێنين كه راستيمان بۆ روون بوەوه، واته له ئينجيلدا ناوى ئەم پێغەمبەره هاتووه وه حەز دەكەين خواى گەوره لەگەڵ پياوچاكان بمان ژمێرێت. خواى گەوره دەفەرموێ جا لەبەر ئەم ووتـه راستانه ئێمەش ئەوەى وا بڵێ و باوەڕى بەم جۆره بێت پاداشتى دەدەينـەوه و دەيبەينه بەهەشت له رۆژى دوايدا ...هتد.

كەواتـه بۆمـان روون بوەوه كه چۆن مەسـيحى‌يەكان خـاوەن بـاوەڕن و جولەكەكانيش كەس سيقەيان پێ ناكات چونكه له سـەردەمى پێغەمبـەر ﷺ پـەيمانيان مـۆر دەكـرد و پاشـان لێى پاشـگەز دەبوونـەوه، يـان فێـڵ و

تەڵەکەبازیان دەکرد و موئامەرەیان دژی موسڵمانان دەکرد و دەچوونە لای بت پەرستەکانی مەککە و دەیانگووت ئاینی ئێوە لە ئاینی ئیسلام باشترە وەرن با بەیەکەوە محمد ﷺ و هاوەڵەکانی لەناو ببەین و ...هتد. کە ئێستاش لە هەموو جیهاندا هەر خەریکی شەڕ و ئاژاوە و فیتنەن[1].

١ کاتێک ئایەتی: مَنْ ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللهَ قَرْضاً حَسَناً ... دابەزی ڕۆژێکیان حەزرەتی ابوبکر ﷺ لەناو شاری مەدینە بە پێش دەرگای کلێسای جولەکەکاندا تێپەڕی، مجێوری کلێساکە ناوی (فنحاس) بوو بانگی کرد و ووتی: یا ابابکر ئەگەر خوای ئێوە فەقیر نەبێت بۆ داوای قەرزی کردوە، نەیدەزانی مەبەست لەم قەرزە چییە. خۆ خوای گەورە دەوڵەمەندە و هەر ئەو ڕزق و ڕۆزی دەداتە مرۆڤ بەڵام مەبەستی یارمەتی دانی هەژارانە. هەر کەسێک یارمەتی هەژارێک بدات واتە قەرزێکی لەگەڵ خوای گەورە کرد، جا لەبەر ئەوەی ئەم جولەکەیە هەروەکو عادەتی خۆیان بە اسلوبێکی ناشیرن و گاڵتە کردن بە ئاینی ئیسلام کە ئەمەی ووت حەزرەتی ابوبکریش شەقەزللەیەکی لە دەمیدا و ددانەکانی شکاندن و خوێنی لە دەم و لووتی هات، لێرەدا (فنحاس) بە هەڵی زانی و یەکسەر چووە لای پێغەمبەر ﷺ شکایەتی لە ابوبکر کرد و ووتی: ئەی محمد نابینی هاوەڵەکانت چۆن بونەتە درندە و تەعدا لە خەڵکی دەکەن، ئەویش ووتی چیبووە؟ ووتی ئەوە ابوبکر بەبێ هۆ شەقێکی لێدام و دەم و لووتی پڕ لە خوێن کردم. ئەویش بە دوای ابوبکری دا ناردو ووتی بۆچی وات لە فنحاس کردوە لێرەدا چونکە هیچ شاهێدێک لەوێ نەبوە لەوانەیە قسەی فنحاس بە ڕاست بزانرێ، بەڵام خوای گەورە هاتە ناو باسەکە و حەزرەتی جبریل ﷺ ناردیە خوارەوە ئەم ئایەتە پیرۆزەی هێنا: ﴿ لَقَدْ سَمِعَ اللهُ قَوْلَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللهَ فَقِيرٌ وَنَحْنُ أَغْنِيَاءُ سَنَكْتُبُ مَا قَالُوا وَقَتْلَهُمُ الأَنْبِيَاءَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَنَقُولُ ذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ ۞ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللهَ عَهِدَ إِلَيْنَا أَلا نُؤْمِنَ لِرَسُولٍ حَتَّى يَأْتِيَنَا بِقُرْبَانٍ تَأْكُلُهُ النَّارُ قُلْ قَدْ جَاءَكُمْ رُسُلٌ مِنْ قَبْلِي بِالْبَيِّنَاتِ وَبِالَّذِي قُلْتُمْ فَلِمَ قَتَلْتُمُوهُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ ﴾ آل عمران ١٨١.

واتە: خوای گەورە گوێی لێ بوو لەو کەسانەی ووتیان خوا فەقیرە داوای قەرزی کردوە وە ئێمەش دەوڵەمەندین، ئێمە ئەم قسەیە دەنووسین گرنگی بۆ دادەنێین، چونکە حیسابی زۆری لەسەرە خۆ ئەوان هەر ئەم تاوانەیان نەکردوە، بەڵکو چەندین پێغەمبەریان کوشتون وەکو یحیی و زکریا ...تد. کە دەشیان کوشتن تەنها لەسەر ئاینەکەیان بوو هیچ هۆیەکی تری نەبوو، جا ئێمە پێیان دەڵێین بچێژن سزای توند و تیژ لە نێو دۆزەخدا، ئەوانەی دەیان ووت خوا پەیمانی لە ئێمە وەرگرتووە کە

لە ووتە پیرۆزەکانی حەزرەتی عیسا ﷺ

١- حەزرەتی عیسا ﷺ فەرمویەتی: دونیا سێ ڕۆژە: ڕۆژێکیان دوێنێ بوو، واتە تەمەنی ڕابردوو ناگەڕێتەوە جا ئەگەر چاکەت تێدا کردبێت چاکە وەردەگریتەوە وە ئەگەر خراپەت تێدا کردبێت پاداشتت خراپە دەبێت. وە ڕۆژێکیان بەیانی‌یە واتە تەمەنی داهاتوو بەڵام نازانی دەیگەیێ یان نا. وە ڕۆژێکیان ئەمڕۆیە لە دەستت مەدە و چاکەی تێدا بکە. مەبەستی حەزرەتی عیسا ﷺ کات بە فیڕۆ نەدانە و چاکە لە دەست نەدانە واتە ئەگەر چاکەیەکت بۆ ڕەخسا یەکسەر بیکە و لە دەست خۆتی مەدە.

٢- حەزرەتی عیسا ﷺ فەرموویەتی: ئامۆژگاری کردن وەکو چاندنی دەغڵ وایە چۆن دەغڵ و دان لە کاتی چاندنیدا هەندێکی باڵندە هەڵی‌دەگرێتەوە و سوودی لێ نابینرێت، وەهەندێکی لەبەر ئەوەی جێگایەکەی بەردی لێیە شین نابێت وە هەندێکی شین دەبێت بەڵام لەبەر درك و داڵ نادوورێتەوە و سوودی لێ وەرناگیرێت، وە هەندێکیشی شین دەبێت سوود بەخش

باوەڕ بە هیچ پێغەمبەرێك نەهێنین تا موعجیزەیەکمان نیشان نەدات. ئەویش ئەوەیە کەسێك خێرێك بکات و ماڵێك ببەخشێت لە پڕێکەوە ئاگر بگرێت و بسوتێت نیشانەی قەبول بوونە لە لای خوا. ئینجا ئەی محمد ﷺ تۆ پێیان بڵێ ئەی پێغەمبەرتان بۆ نەهات بەم شێوەیەش، ئێوە کوشتتان و نەتان هێشت بانگەوازەکەی بگەیەنێ.

چونکە هەر وەکو لە پەرتوکە مێژوویی‌یەکان و تەفسیری قورئانی پیرۆزدا دەردەکەوێت گاورەکان زۆر پێغەمبەریان کوشتونە و نەك تەنها یەك و دوو کە نیشانەی دژایەتی کردنی ئاینی خوایە هەر لە سەرەتا و تا ئێستاش.

دەبێت. ئامۆژگاریش هەر ئەوهایە هەندێکی لەگەڵ هەوا دەڕوات و کەس گوێ بۆ ناگرێت وە هەندێکی گوێی بۆ دەگیرێت بەڵام ئامۆژگاری کراوەکە هی ئەوە نیە ئامۆژگاری بکرێت چونکە کاری پێ ناکات وە هەندێکیشی کاریشی پێ دەکات بەڵام لەبەر زۆری تاوانەکانی چاکەکە نادورێتەوە و سوود بەخش نابێت وە هەندێکیشی سوود بەخش دەبێت و وەکو ئەو دەغڵەی لە جێگایەکی باش بچێنرێت وایە.

تم بحمد الله تعالى وبتوفيقه

اللهم تقبل منا واجعل اعمالنا خالصة لوجهك الكريم واجعلها ذخراً في صحائف اعمالنا الصالحة ليوم القيامة ....آمين.

زاراوەکان

ص(١)	اصحاح و ژمارەی ئایەتی ئینجیل
مەراق	ئاوات - ئارەزوو
قرعە	پشک لێ هاوێشتن
ملاك	فریشتە
موعجیزە	کشگێر - کارێك کەسانی تر پێنەکرێت
تۆز	خۆڵ
ئارەق	بیرە - شتی سەرخۆشکەر
راهب	رەبەن - ئەوانەی تەنها عیبادەت دەکەن.

ناوەرۆك

پێشەکی ٥

دەسپێک ٩

نەژادی عیسا لە لای نەساراکان ١٠

بۆچی مەسیحی‌یەکان یەسوع دەدەنە پاڵ یوسفی دارتاش ١٠

مەریەمەی کچی عمران ١١

مەریەمە لە بیت المقدس ١٢

مەریەمە پێغەمبەر نەبوو بەڵکو دۆستێتی خوا بوو ١٤

گیرا نەبوونی دوعای حەننە ١٥

لە دایك بوونی عیسا لە قورئاندا ١٥

یا اخت هرون ١٩

لە دایك بوونی عیسا لە ئینجیلدا ٢٠

جبریل یوسف النجار ئاگادار دەکاتەوە ٢٢

ئینجیل دەڵێ مەریەمە لە بیت لحم منداڵی بوو ٢٣

لە دایك بوونی عیسا لە ئینجیلی بەرنابا ٢٣

ئەو ئەشکەوتەی راستی پێ‌نیشان دام ٢٦

گۆشتی سەگ و بەراز و خواردنەوەی مەی

لە شەریعەتی مەسیحی قەدەغەیە ٢٨

سەیر نیە کچ بەبێ مێرد منداڵی ببێت ٢٨

مەریەمە تەنها بە فووی فریشتە سکی پڕ بوو ٢٩

کەواتە عیسا کوڕی خوا نیە ٣٠
مەریەمە و دانانی منداڵ لە قورئانی پیرۆز ٣٣
ئەوانەی لە بێشکەدا قسەیان کردووە ٣٩
(ختان) سونەت کردنی عیسا ٤٢
مجوس و یسوع ٤٣
یوسف و مەریەمە و عیسا دەڕۆن بۆ میسر ٤٤
یسوع گفتوگۆ لەگەڵ زانایان دەکات ٤٥
پێغەمبەرایەتی یسوع ٤٦
یسوع لە تەمەنی سی ساڵیدا لەسەر چیای
زەیتون ئینجیلی بۆ هات ٤٧
ئینجیل مانای چیە ٤٧
مانای مەسیح ٤٨
مانای عیسا ٤٩
مەسیح بۆچی هاتووە ٤٩
ئەو ئینجیلانەی ئێستا بڵاودەکرێنەوە ٥٣
ئینجیلی بەرنابا ٥٩
الحواریون - قوتابیانی عیسا ٦٠
پێغەمبەران برای یەکترن و دینەکەشیان یەک دینە ٦٣
شەیتان دەستی لە عیسا نەداوە ٦٣
بانگەوازی عیسا بۆ شاری ئەنتاکیە ٦٣
موعجیزەکانی حەزرەتی عیسا ٦٦

حیکمەت چی بووە لەم جۆرە موعجیزانە ٦٨
موعجیزەکان لە ئینجیلدا ٦٩
ڕووداوی خوان (المائدة) ٧١
ئایا ڕاستە عیسا کوژراوە؟ ٧٣
حەزرەتی عیسا لە سێبەری ووتە پیرۆزەکانی پێغەمبەردا ٧٦
کۆتایی مەسیح لە لای جولەکەکان ٧٨
کۆتایی مەسیح لە لای مەسیحیەکان ٧٩
بیر و باوەڕی لە خاچ دان و خۆ بە قوربان کردن
بیر و باوەڕێکی بت پەرستانەیە ٨٢
ئینجیلەکان و هەڵواسینی مەسیح ٨٥
دوای هەڵواسین ٨٦
ڕاڕایی مەسیحیەکان لە باسی خاچ ٨٦
دوای لە خاچ دان ٨٨
هەڵسانەوەی لەناو گۆڕ ٨٩
بەڵگەی مەسیحیەکان لەسەر خوایەتی عیسا ٩٥
هەڵوێستێکی عیسی لە ڕۆژی دوایدا ٩٨
ڕووداوی عیسا لەگەڵ جولەکەیەک ١٠٠
بانگەوازی ئیسلامی بۆ خاوەن پەرتووکە ئاسمانییەکان ١٠٢
سەرە و کورتە کردن لە ئایندا ١٠٤
باوەڕی موسڵمانان ١٠٥
المباهله ١٠٦

پسووڵەی لێ خۆشبوون و پسووڵەی بێ بەش بوون ١٠٧
بۆچی جولەکەکان رقیان لە عیسا بوو ١٠٨
هەڵسوکەوتی موسڵمانان بەرامبەر
بت پەرست و ئەهلی کتاب ١٠٩
بەتایبەت ئەهلی کتاب ١٠٩
جیاوازی مەسیحی و جولەکە ١١١
لە ووتە پیرۆزەکانی حەزرەتی عیسا ١١٤
زاراوەکان **١١٦**

تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

لەم کتێبەدا...

- وەڵام دانەوەی ئەو کەسانەی لە ژیانی عیسا (ﷺ) دەپرســـن.
- ڕەت دانەوەی ئەو کەسانەی عیسا (ﷺ) بە کوڕی خوا دادەنێن.
- ڕەت دانەوەی ئەو کەسانەی دەڵێن عیسا (ﷺ) لەسەر خاچ قایم کراوە.
- بەراوردی ژیانی عیسا (ﷺ) لە قورئان وئینجیلدا
- موعجیزەکانی عیسا (ﷺ) لە قورئان و ئینجیلدا

ژمارەی سپاردن بە کتێبخانەی ڕۆشنبیری و هونەر (٦٠٦) ی ساڵی ١٩٩٩

مافی لە چاپ دانەوەی پارێزراوە

لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر چاپکراوە